

ئارام داود
مێژووی کڵێسای کوردی
لەسەردەمی ساسانیەکاندا

**ئارام داود**

# مێژووی کڵێسای کوردی
# لە سەردەمی ساسانیەکاندا

**سلێمانی \ 2002**

ناوی کتێب: مێژووی کڵێسای کوردی لەسەردەمی ساسانیەکاندا

ناوی نووسەر: ئارام داود

بابەت: مێژوویی

مۆنتاژ: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچن: هەوار شەریف

تیراژ: 500 دانە

ژمارەی سپاردن : 381 ی 2002

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ( 192)

www.sardam.org

# پێشکەش

**ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

**((مێژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانیەکاندا)).**

**پێشکەشە بە کڵێسای بڵمونت لە شاری ناشفڵ لە ولایەتی تێنسی.**

**This discourse: ((History of the Kurdish Church about the Sasaney Era.))**

**This Discourse is a gift to the Belmont churh in ((Nashville Tennessee)).**

# ناوەڕۆك


**پێشەکی** 9

**بەشی یەکەم** 11

سەرەتایەکی مێژوویی 11

1-کاریگەریەکانی دەوڵەتی ماد 14

2-پارتە ئەشکانیەکان 15

**بەشی دووەم** 19

سەرهەڵدانی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا بەر لە ساسانیەکان. 19

بەلگەنامەی تر لە مێژووی ڕووداوەکاندا. 28

سەکاییەکان و گۆڕانەکان 29

گۆڕانی سەردەمی (پارتەکانوسلوکیەکان)دا 30

پەراوێزەکان 32

| | |
|---|---|
| **بەشی سێهەم** | 35 |
| سەردەمی ساسانیەکان 224-637 ز | 35 |
| سەرەتای ئاینی زەردەشتی | 38 |
| دەسەڵاتی شاپوور | 40 |
| بەهرامی یەکەم و گۆڕانەکانی تر | 44 |
| پەراوێزەکان | 47 |
| **بەشی چوارەم** | 49 |
| بەیاننامەی میلانۆو قوربانی کورد و مەسیحیەکان | 49 |
| دەوڵەتی ئەرمەنستان و مەسیحیەکان لە گۆڕانەکاندا | 52 |
| شەهیدبوونی ماربەهنامو سارای خوشکی | 55 |
| هەڵاتن لە ساسانەوە بۆ هیند | 56 |
| پاشای ساسانیەکانی تر و باری مەسیحیەکان | 59 |
| دەسەڵاتی بەهرامی پێنجەم 420-440 ز | 61 |
| مارمیخای نەوهەدری | 63 |
| کاروانی شەهیدانی مەسیحیەت و لاوازی ساسانیەکان. | 66 |
| سەردەمی دەسەڵاتی کسرای پەروێز | 68 |
| پەراوێزەکان | 70 |
| **بەشی پێنجەم** | 71 |
| هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا | 71 |
| وتاری سەر چیای زەیتون | 83 |

| | |
|---|---|
| **بەشی شەشەم** | 95 |
| ئایا کوردی مەسیحی یاخود کڵێسای کوردی بوونیان هەبووە؟ | 95 |
| کڵێسای کوردی بۆ کوێ چوو؟ | 100 |
| کۆڕی ئەفسووس | 102 |
| کڵێسای نەستوری: | 103 |
| مێژووی کڵێسای کلدانی و مەسیحیە کوردەکان | 111 |
| پەراوێزەکان | 117 |
| **بەشی حەوتەم** | 119 |
| بایەخدان بە ڕێکخستن و یاساو دەستوور لەناو کڵێسادا | 119 |
| هونەری بیناسازی لە دروستکردنی کڵێسەدا | 120 |
| یاساو پەرستن لە کڵێسەکانی کوردستاندا | 125 |
| باوەڕداره تازەکان لە کڵێسەدا | 130 |
| ئافرەت لە کڵێسای وڵاتی ساسانیەکاندا | 132 |
| هەڵبژاردنی جادلیك و بیر و خزمەتکار لە کڵێسەدا | 134 |
| پەراوێزەکان | 138 |
| لیستی پادشا ساسانی و پاشا ڕۆمەکان کە مەسیحیەکانیان چەوساندۆتەوە | 139 |
| سەرئەنجام | 141 |
| سەرچاوەکان | 143 |

# پێشەکی

ئـەم کتێبـە بریتیـە لـە لێکۆڵینەوەیـەکی مێــژووی لــە بــارەی مێــژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانیەکان و مامەڵەکردنی دەستە سیاســیەکان لەگــەڵ ئــەو گروپــە ئاینیــە، هــەروەها ڕون کردنــەوەیی هــەندێ بەڵگــەی مێژووی کە پەرشوبلاو بۆتەوە لەناو کتێب و نامیلکەو ڕۆژنامەکانی تر.

من وەك کوردێك هەستام بە کۆکردنەوەی ئەو ڕاستیە مێژوویانـە تـاکو، ڕون کردنەوەیەکی مێژوی سەبارەت بە کڵێسای کوردی ڕون بکەمەوە کـە لـە سەردەمێك لە سەردەمەکان بونی هەبوە..

کەواتە هەڵەنین ئەگەر بڵێین ئەم کتێبە کتێبێکی مێژوییـیە باس لە:

⋆سەرهەڵدانی مەسیحیەت لە کوردستان دەکات لە کاتی سـەرهەڵدانیەوە تاکو تەواوبونی دەسەڵاتی ساسانیەکان لە کوردستان.

⋆ئەو ڕاستیانە دەخاتە ڕوو کە لاپەڕەکانی مێژو شاردویتیەوە، لـە بونـی خودی کورد وەك کەسێك بەشداری کردووە لە بلاوبونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان و ناوچەکانی تر.

⋆ناوی ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو کە لە ڕەچەڵەکا کوردن و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە بلاوکردنەوەی مزگێنی مەسیح، بەڵام نەتەوەکانی تر مێژوی ئەو کەسانە یان بۆ نەتەوەی خۆیان تۆمارکردووە.

*فێری شارەزایکی تەواوت دەکات لەسەر زنجیرەی دەسەلآت دارانی ساسانی و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەستە مەسیحیە کوردەکان.

خوێنەری بەڕێز ئەم لێکۆڵینەوە لە حەوت بەش پێك هاتووە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستیانە لە کۆتایدا بیری خوێنەر بەرەو ئەوە ڕادەکێشم کە کەسی کوردی بە دڵنیاوە ئاگاداری ئەوە بیت کە باو باپیرانی لەم خاکە کڵێسایان دامەزراندوەو هەوڵی مزگێنیدانیان داوە نەك تەنها لە کوردستان بەڵکو لە ناوچەکانی تری دەوروبەری کوردستان.

**ئارام داود**

**سلێمانی**

**2001/11/6**

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەکی مێژوویی

ئەگەر لێرەوە بچینە ناو قوڵایی مێژووی کورد لەسەر ئاستە جیا جیاکان ئەوا توێژینەوەی چەند بوارێکی زۆر چڕ دەگرێتەوە.. لەسەر ئاستی ناو خۆو جیهاندا چونکە کوردستان لەم سەردەمەی ئێستادا پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە دیوەو کار لەوەدا نەماوە مشت و مڕ لەسەر چارەنوسی بکرێت و ئەوە بڵێینەوە کورد میللەتە یان کوردستان نیشتمانە؟ ئەوە شتێکە لەسەر ئاستی جیهان دا بەڵگەنەویستە و کێشەی کورد بۆتە کێشەیەکی دان پیانراو و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو لاپەڕە چڵکن و پیسانەی کە لافاوی ستەمی ڕۆژگاریان بەرکەوتبوو تیشکی خۆریان لەسەر هەڵدێت و ڕاستیەکان تیایاندا دەدرەوشێنەوە. چونکە کورد مێژوویەکی دێرینی هەیەو لە نیشتمانێکی گەورەدا بەشداری زۆربەی گۆڕانەکانی مێژوو بووە لە سەردەمەکانی کۆندا.. هەروەها شەڕی زۆربەی داگیرکەرانی کردووە.. بەڵگەی زەینەفۆنی یۆنانی ساڵی 380 بەر لە زاین و شەڕی هۆلاکۆ و هەموو ڕووداوەکانی تر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە کورد نەتەوەیەکە وەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان

پاشماوەی شارستانی و مێژووی کەلەپوری خۆی هەیەو لە ڕووداوەکانی مێژوودا بەشداربووەو هەر لە سەرەتاوە کوردستان جێگەی ململانێ و کێشمەی زۆربەی نەتەوەکان بووەو کێشەی زۆری لەسەر دروست بووە.. لەهەر سەردەمێکدا بە هۆی داگیرکەرێك یان چینێك لە چینەکان یان نەتەوەیەك لە نەتەوەکان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و هەمیشە لەسەر ئاستی سەرکوت کردنی گەلی کورد و هەر ناکۆکییەکیشیان هەبووبێت تەبا بوون و کێشەیان تەنها کپ کردنەوەی دەنگی میللەتەکە بووە ئەوەش بە هۆی سەروەت و سامانی کوردستان. وە بووە ئەگەر چاوێك بە پەیمانەکانی (سیڤەر و ئەرزەڕۆم) و سایکس بیکۆ و سەنتۆ و ناتۆ و بەغداد.. هتد) بخشێنین ئەوا ئەو ڕاستیانە دەردەکەون. ئەو میلەتانەش کە کوردستانیان کردۆتە جێگای ململانێی خۆیان. لە جێگای جیا جیاوە هاتون، هەر ئەوان بەزۆر یان بە کەم بەشدار بوون لە پێکهاتەی کورد.

(سۆمەریەکان × عیلامیەکان × ئەکەدیەکان × کاسیەکان × ئاشووریەکان × بابلییەکان × میدیەکان × لوویەکان × سکۆتیەکان × میتانیەکان × کاردۆخیەکان × کوتیەکان × ئەخمینیەکان × فارسەکان × بارتە ئەشکانیەکان × و زۆری تری ناوچەیی و هیندۆ ئەوروپی و.. هتد).

بەم پێیەش کێشەی کورد و بوون و نەبوونی لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێت.. ئێمەش لەم باسەماندا لەسەر بابەتێکی گرنگ دەدوێین کە کاریگەری گەورەی هەبووە لە ژیانی ئەم نەتەوەیەداو هەوڵمان داوە تیشك بخەینە سەر ئەو ڕاستیانە کە گێژەڵوکەی ڕۆژگار نەیهێشتووە تەواو دەربکەون.. ئەویش ڕۆڵی مەسیحیەت و پەیوەندی گەلی کوردە بەم ئاینەوە.. دیارە نەتەوەی کورد پێك هاتەی کۆمەڵێك بیروبڕوای ئاینییە کە مەسیحیەتیش یەکێکە لەو ئاینانە. کە لە زۆر ناوچەی کوردستان پێك هاتەی کوردە مەسیحیەکانەو هەر لە

سەرەتاوە ئەم ئاینە هاتۆتە ناو کورد و هەر لە سەرەتای هاتنی حەزرەتی مەسیحەوە مەسیحیە کوردەکان بەشداری هەموو ناخۆشی و شادی و شەڕو قوربانی دانێك بوون بۆ پێك هاتەو پاراستن و گەشەپێدانی کوردستان و لە جوڵە و بزاوتە مێژوویەکەیدا.. ژیاون و وەکو مرۆڤێکی کورد بیروباوەڕی مەسیحیەتیان هەلگرتووە کە ناکرێت ئەو ڕۆڵە هەمیشە لەبەرچاو نەبێت.. چونکە شتێکی ئاشکرایە کە ئاین ڕۆڵی کاریگەری هەبووەو لە هەموو پەیوەندیەکاندا بە دەسەلاتەوە و یان هاتنی دەسەلات بە ناوی ئاینەوەو ناکۆکیە ئاینییەکان کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بوارە جیاجیاکان لە مێژووی نەتەوەی کوردا.

هەر بۆیە ئێمە بە دوای ئەو شتانەدا گەڕاین کە لە مێژوودا هەن و ڕۆشناییان نەخراوەتە سەر بۆ ئەوەی ئەو لاپەڕانەی مێژوو بدۆزینەوە کە مەسیحیەکان بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی ڕەوتی مێژوو داویانە و بەرهەمیان هێناوە گەڕاینەوە بۆ لایەنە کۆنەکان.. بۆ مێژووی دێرین لەوێوە لەگەڵ بانگەشەکانی حەزرەتی مەسیحەوە لاپەڕەکانی دەخوێنینەوە بەسەر کلافەکانی زەمـاندا گۆڕانەکان دەخوێنینەوە لەوێوە لەگەڵ بانگەشەکانی مەسیح و گۆڕانی ڕۆژگاردا لاپەڕەکانی دەخوێنینەوە.. کە سەرەتاو ڕەگ و ڕیشاڵ بنەڕەتی مەسیحیەتە لە کوردستاندا.

## 1-کاریگەریەکانی دەوڵەتی ماد:

دەوڵەتی ماد یەکێکە لەو دەسەڵاتانەی کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر دۆزینەوەی رەگ و ریشاڵی ناکۆکیەکان و لە سەردەمی کەی خەسرەو پاشای ماد لە سالآنی (625-584) پ. ز کە حوکمرانی مادیەکانی کردووە لەو سەردەمەدا، سکوتیەکان وەك هێزێك لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە و سەقزیان کردۆتە پایتەختی خۆیان کە لەم شارەدا شوێنەوارێکی زۆریان لە پاش بەجێماوە و بەڵگەی راستی ئەو مێژووەن. هەر بۆیەش ماد وەك هێزێك و سکوتیەکان وەکو هێزێکی دی هەبوون. هەر بۆیە کەی خەسرەو. شا لە دوای پاشەکشەکردنی ئاشوور و بابلیەکان لە بەرامبەر وڵاتی ماد یەکسەر مەترسی لە بوونی سکوتیەکان پەیدا کرد و پیلانێکی لە دژی رێبەرانی سکوتی دانا، کە (هیرو دوتس) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (کاتێك کەی خەسرەو شا گەورەکانی سکوتی بۆ خواردن بانگهێشت کرد، ئەوان خواردیان و خواردیانەوە هەتا مەست بوون ئینجا کەی خەسرەو هەموو دەست و پێوەندەکانی کوشت بەمەش میدیەکان وڵاتی خۆیان پاراست لە هەرەشەی سکو تیەکان و سکوتیەکانی تریش گەرانەوە وڵاتانی خۆیان و لە دەشتەکانی کەناری دەریای رەش لە باکورەوە).

بەڵام سکوتیەکان هەموویان نەگەرانەوە.. سەبارەت بەوەش (شاسوار خ هەرشەمی) لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: (هەندێکیان بۆ دەشتی هەولێر و کەرکوك (ئەربیلا و ئارابخا) رایان کرد و

ئەوانـە لـە سـەردەمی سـلوکیەکاندا (311-249) پ. ز بونـە یـەهودی و فـەرمان ڕەوایـی هـەولێریان دەکـرد). دواتریـش هـەر ئەوانـە بـوون بـە مەسـیحی و تیرەیەکی تری سکوتیەکانیان پێـك هێنـا کـە بـە (ئـالان) نـاودەبران، ئـەوان لـە ناوەڕاستی کوردستاندا مانــەوە بـە تایبـەتی لـە ناوچـەی ئالانـەی سەردەشـت و هەرمی ئەردەڵان. ئەو گروپە سکوتیەش لەگەڵ گروپەکانی تری ناوچەکـە کـە پێشتر ئاماژەمان پێدان بەشداربوون لە پێکهێنانی ڕوخساری نەتەوەی کورد.

## 2-پارتە ئەشکانیەکان:

لـە سـاڵانی (247 پ. ز) تـا (224ز) دەسـەڵات دارێتــی زۆربـەی ناوچــەکانی کوردسـتانیان کـردووە.. لـە ململانــێی گـەورەدا بـوون لەگـەڵ سـلوکیەکان و ڕۆمانیەکان لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر. هـەر لـە سـاڵانی (87) ز دا ناوچەکانی میدیای بچوك گـەورەی کـرد تـا گەیشـتنە ئەکباتانـە ئینجا بـەرەو خوارووی ڕۆژئاوا و هـەتا ناوچـەی کوردونیـان داگیر کـرد دوای ئـەوەی بـەرەو ئەدیابنـە (ناوچـەی هـەولێر) و شـەنگار و نووسـیبین و ردوهـا هـات و داگـیری کردن. داوی 30-40 ساڵێکی تر لـەو مێـژووەدا پارتـەکان وڵاتـی مادیـان کـرد بـە دوو بەشـەوە (مـادی بچـوك، مـادی گـەورە) مـادی گـەورە ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن پارتەکانەوە بەڕێوە دەبرا میرێکی مادیش فەرمان ڕەوای مـادی بچوك بـوو بـە هۆی شەڕی نێوان ڕۆم و پارتی مـادی بچوك لـە سـاڵی 36 پ. ز دا هـەلێکی بـۆ ڕەخسا و سەربەخۆیی بۆ خۆی بە دەسـت هێنـا مـیری مـاد بـو بـە هاوپـەیمانی فـەرمانداری ڕۆمــان لـە ئــەنتۆنیۆس (44-30) پ. ز بــەڵام لـە سـاڵی 30 پ. ز پارتـەکان مادیـان داگـیرکردەوە مـیری مـاد پـەنای بـۆ ئەوگستۆسـی ئیمـبراتۆری

ڕۆمـانی بـرد ئــەویش کردیــە فــەرمانداری هــەرمی ناوچــەکانی ئــەرزنجان و مەلاتیـە. نەوەیـەکی مـیری مـاد بـەناوی شـا ئاریۆبـاری زانـی سـاڵی (2-4) ز لــە لایەن ڕۆمەکانەوە کرا بە پاشای ئەرمینیا کە هەرێمێکی سەربەخۆ بوو لەژێر دەســـەڵاتی ڕۆمـــەکان دوای ئـــەویش ئـــاریۆی دووەم کـــوڕی خـــۆی بـــەناوی ئەردەوزادی پێنجەم لە (4-11 ) ز دەسەڵاتی ئەرمینیای کرد. جگـە لـە ململانـێ لە نێوان پارتەکان و ڕۆمەکان کە ببووە هـۆی لاواز بوونـی پارتـەکان و بێگانـە بوونیان بە فەرهەنگی ئاینی زەردەشتی لە ناوچەکەدا.

لەگـەڵ پـەلاماردانی ئەسـکەندەر بـۆ ناوچەکـە زیـانێکی گـەورە لـەو ئاینـــە کەوت و پارتەکان کە هیچ سۆزێکیان نەبوو بەرامبەر بەو ئاینە بۆیە ڕێگـەیان خۆشکرد هەتا هەموو ئاینێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا بوونی هـەبێت. حەسەن پیرینا لە کتێبی مێژووی ئێراندا سەبارەت بـەو ڕێبـازە نوێیانـەی کـە هاتونەتـە نـاو ئەشـکانیەکان دەڵێـت (کـە هـەر وەکـو ئاریـەکانی تـر کـە لـە پێشەوەی خۆیان بووە هیچ شەڕێکیان دژی ڕێبازەکانی ئاینی تر نەکردووە بـە تایبـەتی ئەشـــکانیەکان لەگـەڵ جولەکـەدا زۆر بـاش بـوون و جولەکـەکانیان بـەکارهێناوە لـە دژی ڕۆمـەکان بـەڵام ڕێبـازی مەسـیحی و ئـەو ڕێبازەکـانی تـر ئەشکانیەکان بە چاوێکی باش تەماشایان دەکرد و ڕێزیان لێ دەناو لێ بووردون تا ڕادەیەك بوو کە ڕێگریان نەدەکرد لە هاتنـە ژوورەوەی ڕێبـازە ئاینییـەکانی تر بۆ ئێران، بەڵام لە بارەی بەڵاشی یەکەم نوسیویانە کە لەبەر ئەوەی دەمـار گرژ بـووە بـۆ بلاوکردنـەوەی ڕێبـازی ئاینـەکانی تـر کـە لـە دەرەوەی سـنووری ئـێران بـووە بـە چـاوێکی خـراپ تەماشـای کـردووە و هاوکـاری جولەکـەکانی نەکردووە. بەم جۆرەش ئەشـکانیەکان سـەرەتایەکیان بـۆ ململانێـی ئـاینی لـە ناوچەکەدا ڕەخساند و هەلێکی گـەورەیان بـۆ مەسـیحیەکان کـردەوە. ئەمـەش کـارێکی کـرد مەسـیحیەکان بـە کۆمـەڵ لـەژێر دەسـەڵاتی ڕۆمەکانـەوە هـاتن و

پـەنایان پێهێنـان ئـەوەش بـوو بـە هـۆی چەوسـاندنەوەی ڕۆمـەکان بـۆ ئـاینی مەسیحی. کـە ئەمـەش دیسـان ڕویدایـەوە لەبەرئـەوەی زمـانی ئـارامیش وەکـو زمانی ئاینی مەسیحی سەیری دەکات و بە هـۆی بڵاوبونـەوەی مەسـیحیەتیش لـە هــەموو کونجێکـی کوردســتاندا بــوو بــە هۆکـارێك کـە ڕێبــەرانی ئـاینی زەردەشــتی بــە چــاوی دوژمــن ســەیری پارتــەکان بکــەن و هــەموو هـــەلێك بدۆزنەوە بۆ لادانیان بۆ زیاتر زانیاریش دەبینــین لابردنیـان لەسـەر دەسـەڵات هەر بە دەست زەردە شتیەکانەوە بووە، بە تایبەتی ئەردەشـێری بـابلی ساسـانی کە دەوڵەتی ساسانیەکانی دامەزراند و خۆی کوڕی مۆخێکی زەردەشتی بوو لـە ئاتەشکەرەی ئەستە خرە..[1].

# بەشی دووەم

## سەرهەڵدانی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا بەر لە ساسانیەکان:

بەر لەوەی باسی سەرهەڵدانی مەسیحیەت بکەین لە کاتی ساسانیەکاندا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرهەڵدانی مەسیحیەت لە کاتی میدەکان و پارتەکاندا چۆن (باپیرانی کورد) مامەڵەیان لەگەڵ بیرو باوەڕی مەسیحیدا کردووە.

بێگومان کە باس لە سەرهەڵدانی مەسیحیەت دەکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەقی ئینجیل و بزانین دەربارەی ئەو باوەڕە چی دەڵێت: دوای لە دایک بوونی عیسا لە بیت لەحمی یەهودیا* لە سەردەمی هیرودسی پاشا، هەندێ ئەستێرەناسی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە قودس، پرسییان: ((پادشای لە دایک بووی جوولەکە لەکوێیە؟ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەوەمان بینیوە، هاتوین کڕنوشی بۆ ببەین)) کاتێك هیرۆدس** پادشا ئەوەی بیست پەشۆکاو هەموو قودسیش لەگەڵیدا پەشۆکا، هەرچی سەرۆك کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت هەبوو هەمووی کۆکردەوە، لێی پرسین: ((ئایا مەسیح

له كویَ له دایك دەبێت؟)) وەڵامیان دایەوە "لە بیت لەحم*** لە یەهودیا چونکە پێغەمبەر**** وای نوسیوە: (تۆش دەبێت بەیت لەحم خاکی یەهودیا کەمتر نین لە شارەکانی دیکەی یەهودیا چونکە دادوەرێك تیایدا دەردەکەوێت گەلی ئیسرائیلیم بۆ بەڕێوە دەبات.

دوای ئەمە هیردۆسی بە نهێنی ئەستێرەناسەکانی بانگ کرد و لە بارەی کاتی دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن، ئینجا ناردنی بۆ بەیت لەحم، پێی ووتن: (بڕۆن، باش بگەڕێن کاتێك منداڵەکەتان دۆزیەوە، هەواڵم بدەنێ هەتاکو منیش کڕنۆشی بۆ ببەم دوای ئەوەی قسەی پادشایان بیست ئەوێیان بەجێهێشت، هەمان ئەستێرەی کە لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، دیسان دەرکەوتەوە پێشیان کەوت و هات لەسەر ئەو شوێنە ڕاوەستا کە منداڵەکەی لێ بوو، کاتێك ئەستێرەکەیان بینی زۆر شادمان بوون و چوونە ژوورەوە منداڵەکە و مریەمی دایکیان بینی دانەوینەوەو کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە و زێڕ و بوغور د و مووریان پێشکەشکرد. ئینجا خودا ئەستێرەناسەکانی لە خەودا ئاگادارکردەوە کە ئەگەڕێنەوە بۆ لای هیرودس. ئەوسا ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ وولاتی خۆیان[2]. ئەو ئەستێرەیەی کە بۆ مەجوسەکان***** دەرکەوت و باوەڕی زۆرینەی خەڵکی بوو بەوەی کە ئەمە دیاردەیەکی بێوێنە و سەرو سروشتی باوو بووە، مەبەستی خوداوەند لێی بۆ ڕێنیشاندانی مەجوسیەکان بووە بۆ ئەو گەورەی کە مەسیحی تیادا لەدایك بووە وەك تەواوکەرێك بۆ پێشبینییەکەی. بلعام، متی 2: 1- 21. پەرتوکی ژمارە 17:24.

ئەم ئەستێرەیە کاری مەزنی خۆی ئەنجامداو پێشڕەوی مەجوسەکانی کرد لە وڵاتەکەیانەوە (وڵاتی فارس) بۆ قودس و پاشانیش بۆ (بیت لحم) کەسانێکی دیکەش هەن لەو باوەڕەدان کە ئەم ئەستێرەیە واتایەکی دیکەی

هەیە جولەکەکان باوەڕیان هەبووە کە ئەم نزیك بوونەوەیە لە ڕۆژی لە دایـك بوونی موسادا ڕوویدا بوو ئەمەش دەبووایە لـە هـەمان ڕۆژی لـە دایـك بوونـی مەسـیحدا ڕووبـدات، زانـای سروشـت ناسـی مـەزنی دونیـا (کبلـر) نـــهێنی ئــەم لێکنزیك بوونەوەیەی نێوان ئەستێرەی مشتەری و زوحەلی لـە مـانگی کۆتـایی سـاڵی 1603 کردبـوو کـە پاشـانیش دوو ئەسـتێرەی دیکـەی تــر کــە یــەکێکیان مەریخ بوو کبلر لەم بابەتــەی کۆڵیــەوە و بینـی کـە ئـەم لێکـنزیك بوونەوەیـە ڕوویــداوە کــە نزیکــەی 6 ســاڵ پ. ز دا لــە کــاتێکدا ئێمــە دەزانــین کــە لــە دایکبوونی مەسیح لە سـاڵی 4 چوارەمـی پ. ز دا بـووە ئەمـەش ئـەو ڕاسـتیـیە دەسـەلمێنێ کـە دەرکـەوتنی ئەسـتێرەکە بـۆ مەجوسـیەکان کـارێکی نـامۆ نەبووە[3].

بـا بزانــین ئــەو ئەســتێرە ناسـانە کێـن کـە لـێرەدا باسـیان لێکـراوە وا دەردەکەوێت ئەوانە مەجوسی بووبن کە لە کتێبی پیرۆزدا بە زمـانی عـەرەبی بە مەجووسی هاتووە نەك بە ئەستێرەناسی هـەروەها لـە کتێبـی پـیرۆزدا بـە زمـانی ئینگلـیزیش هـاتووە بـە ("موگـان" یـان مـاگی "Magie")[4] مەجوسـی (یان موغان ناوی یەکێکە لە خێڵە میدیەکان کە جێگایەکی ئـاینی تایبـەتییان هـەبووە لـەناو ئـاینی میدیـەکان لـە ئـاینی زەردەشـتی، وەك خێڵی لاوی لـەلای گـەلی یـەهود)[5] کەواتـە ئـەو مەجوسـیانە کـوردن و کاروبـاری ڕەسمـی ئـاینی زەردەشـتیان پـەیڕەو کـردووە سـەرچاوەکان دەنوسـن (ئــەو مەجوسـانە)ی ڕۆژهەلاَت دوانزە کەس بوون ناوەکانیان بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

1-زاروەند کوڕی ڕەتین

2-هورمز کوڕی سەنترۆك

3-کوستسەب کوڕی گەندۆ

4-ئەرتەشەك کوڕی میهروەك

5-زاروەند كوڕی وەرور

6-ئەریاوۆ كوڕی خوسرەو

7-ئەردەخشید كوڕی خولیات

8-ئەگدەنموون كوڕی شیشون

9-میهروەك كوڕی خوهەم

10-ئەشید یش كوڕی سخون

11-سەلدلخ كوڕی بیلدان

12-مەردۆخ كوڕی بیل)[6]

هـەروەكو چـۆن گـەلی ئیسـرائیل (12) خێـڵ بـوون و چـاوەڕوانی پادشـای ڕزگـار كـەریان دەكـرد بـەو جـۆرەش كوردەكـانیش (12) كـەس بـوون و چـون كڕنۆش بۆ ئەو ڕزگاركەر ە ببەن كە عیسایی مەسیح بوو، ئەم دوانزە كەسە لە ڕێگای شەنگار و موسڵ و سوریاوە ڕۆیشتن و ئەوسا گەیشتنە فەلەستین.

هەندێك مێژوو نووس هەن ڕایان لەگەڵ ئەوەدا نیـیە كە ئەو مەجوسیانە هەمان ئەو ئەستێرەناسانە بن كە لە ڕۆژهەلاتەوە هـاتبوون و واتـە (كوردبـن) بەڵگەشیان ئەوەیە كە ئەو مەجوسیانە چۆن زانیان كە ئـەو ئەسـتێرەیە هێمـا بـۆ عیسـا ئـەكات، لـە شـیكردنەوەی كتێبـی پـیرۆزدا ڕونـی دەكاتـەوە و دەڵێـت: پێـش لـە دایـك بوونـی عیسـا یەهودیـیـەكان (گـەلی ئیسـرائیل) لـە لایـەن ئاشـووریـیەكانەوە و بابلیـەكان بـۆ ئـەو ناوچـە كوردانــە ڕاپێــچ كـران دوایـی دەسـەلاتی مـاد و فـارس بەسـەر هـەموو ناوچـە ئاشـووریەكان و بابلیـەكاندا پیـاوانی ئـاینی كـورد (مەجوسـییەكان) و پیـاوانی ئـاینی (یـەهود) لـە كتێبـەكانیاندا باسـیان لـەوە كـردووە كـە پادشـایەك دێـت و لـە بـەیت لـەحم لەدایك دەبێت كە مەبەستیان لە ڕزگاركەرێك بوو ڕزگاریان دەكـات لـە هـەموو

ئـەوو ناخۆشـییەو ئـەو زۆر و سـتەمەی کـە لێیـان کـراوە لـەو چـەند سـاڵەی ڕابووردوو.

هـەر بـۆ زیـاتر زانیـاریش هـەندێك ڕا هەیـە کـە گوایـە پیـاوانی ئـاینی زەردەشتی و یەهودیش هەستاون بـە وەرگـێڕانی چەند پرسـیارێك لـە کتێبـی پیرۆز کە باس لە مامەڵەکردنی ماد و فارس دەکات لەگـەڵ یەهودیـەکاندا وەك کتێبی (ئە ستیر- عزرا- نحیمیا- دانیال- زەکەریا) کە ئـەم کتێبانـە لـە پـەیمانی کونی کتێبی پیرۆزدا هەن، هەروەها کتێبی پـیرۆز دەڵێـت (لەوانەیـە نامەیـەك لە خوداوە بۆیان هاتبووبێت بۆ ئەو شـارەو دیـاری پێشـکەش بکـەن و کڕنـۆش بۆ ئەو ڕزگارکەرە ببەن)[7].

لە نوسینەکەی مەتادا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردەکان یەکەم کـەس بـوون کـە کڕنۆشـیان بـۆ عیسـای مەسـیح هێنـاوە وەك پاشـایەك لەسـەر ڕووی جیـهان و بەوپـەڕی خۆشـی و شـادیەوە دیاریـەکانیان پێشـکەش کـردووە کـە بریتی بووە لە:

1-(زێڕ) کە دیاریـیەکە تە نها بە پادشا پێشکەش دەکرا لەو سەردەمەدا.

2-(بخوور) کە لەناو پەرستگادا لە شـوێنی پەرسـتن دایـان دەگیرسـاند. وەك بۆن خۆشێك بۆ خواوەند نەك تەنها لە لایەن ئـاینی یـە هودیـیەوە بـەڵکو لـە لایەن ئاینی زەردەشتیشەوە، بێگومان دیـاری دووەمیـش هێمایەکـە بـۆ عیسـای مەسیح وەکو کاهینێك.

3 -(مۆڕیان) ئەویش ئاوێکی بۆن خۆشە لە گەڵای چەند گوڵێك دەردەچێت هەندێك جار لەگەڵ مەی تێکەڵاو دەکرا بۆ کەم کردنەوەی ئازار هەروەها ئـەو مۆڕیانە لەشی پێ چەور دەکرا پاش مردن وەك نەریتێکی جولەکە لە ناشـتنی مردوواندا. ئەوەش بێگومان ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو مەجوسـانە دیاریـەکیان

بۆ مەسیح پێشکەش کردووە بۆ کاتی ناشتنی وەك و پاشایەك لەبەرئـەوە ئـەو بۆنە خۆشە گران بەها بووە لەو سەردەمەدا.

بەلگەیـەکی تریـش لـێرەدا کـە مۆرکـی ئـەو ڕاسـتیـیە دەردەخـات ئـەویش ئەوەیە کە چۆن میدیەکان لەگەلْ باوەڕی مەسیحدا تێکەلاْو بـوون لـە کـرداری نـێردراواندا بـاس لـە قوتابییـەکانی مەسـیح دەکـات کـە چـاوەڕوانی بـەلێنێك بوون لە عیساوە بێتە دی.

(کاتێ ڕۆحی پیرۆز بەسەرتاندا دەڕژێت هێز بە دەست دەهێـنـن، دەبـن بـە شایەت بۆ من لە قودس و هـەموو ناوچـەی یەهودیـەو سـامیرد و تـا ئەوپـەڕی جیـهان)[8]. ئـەو بەلێنـە دوای پـەنجا ڕۆژ لـە هەسـتانەوەی مەسـیح لـەنێو مردوانـدا هاتـەدی کـە قوتابیـەکان و بـاوەڕدارە مەسـیحیەکان هـەموویان کۆبوونەوەو دەنگێك لە ئاسمانـەوە پـەیدابوو وەك ڕەشـەبا ئـەو مالـّەی پڕکـرد کە تیایدا دانیشتبوون، ئینجا چەند زمانێك هەروەك لە ئاگر بێـت بـەو جـۆرە د ەرکەوت و بەسەریاندا دابەش بوو هەریەکە زمانێکی لەسەر نیشتەوە، ئەوسـا هـەموویان پڕبـوون لـە ڕۆحـی پـیرۆز، دەسـتیان کـرد بـە قسـە بـە زمـانی جۆراوجۆر، بەوشێوەیە ڕۆحی پێ بەخشیبوون[9].

ئـەو ڕۆژە جـەژنێکی یـەهودی بـوو بـەناوی جـەژنی عونسـورە****** و خەلکێکی زۆر بۆ پەرستگا دەهات لە هـەموو نەتـەوەکان و ئاینـەکانی جیهانی ئـەو سـەردەمەوە دەهـاتن بـۆ پەرسـتن لـە لایـەکی تریشـەوە بـۆ بازرگـانی شـت (کڕیـن و فرۆشـتن) و ناسـین لـە نێوانـی نەتـەوەو ئـاین و بیروبڕواکـانی ئـەو سەردەمەدا دروست دەبوو، کەواتە میدیەکانیش یەکێك بوون لەو گەلانەی کـە لەوێ ئامادەبوون ئەمەش بـە پێـی بەلگـەی کـرداری نـێردراوان کـە باسـی ئـەو گەلانە دەکات کە ئامادەبوونیان هەبووە لەوێدا. (ئێمە خەلکی پەرتیاو میدیاو ئیلامـین، هەندێکیشمان لـە دانیشـتووانی نێـوان دیجلـەو فوراتـین یـاخود لـە

ناوچەی یەهودیەو کەپدۆکیەو پونتس و ئاسیا، یا لە فریجیەو پەمفیلیەو میسر و ناوچەی لیبیای دراوسێی قەیرەوان، هەروەها لەگەڵمان خەڵکی ڕۆماش هەیە بەسەردان هاتوون، لەگەڵ جوولەکەو ئەوانەی بوو بوون بە جولەکە، هەروەها هەندێك لە کیرتیەکان و عەرەب جا ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان قسەدەکەن دەربارەی کرداره مەزنەکانی خودا)[10].

لێرەدا ناوی میدیا بە دووەم گەل هاتووە، مێژوو نووسەکانی زنجیرە ئەو ناوانەی سەرەوە دەبەستنەوە بە کەم و زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کە لەوێ ئامادەبوون بەم پێیەش میدیا زۆرینەی خەڵکەکە بووە، دوای بەرتیا هەروەها لۆقای مێژوو نوسیش دەڵێ: هەر لەو ڕۆژە (3000) هەزار کەس باوەڕیان هێنا بە مەسیح کە ڕزگارکەری گوناهەکانی مرۆڤە و لە خاچ دراوە لە ڕۆژی سێیەم لەناو مردووانەدا هەستایەوە، زۆر ڕاستیشە ئەگەر بڵێین زۆرینەیان لە میدیەکان باوەڕیان هێنا و هەواڵی باوەڕهێنانیان بردەوە بۆ ناوچە کوردەکانی (و لاتی میدیا) ڕاستیشە ئەگەر بڵێین وەك مـوژدە بەخش گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان بەڵکو ڕویان کردۆتە وڵاتانی تر تاکو مزگێنی مەسیح بڵاوبکەنەوە هەروەکو چۆن عەرەب و میسر و لیبی و عیلامی و ڕۆمی.. هتد وەکو مژدە پەیامی مەسیحیان بۆ وڵاتەکەیان بردەوە بەو جۆرەش میدیەکان لە وڵاتی خۆیاندا ئەو پەیامەیان بڵاوکردۆتەوە.

ئەو میللەتەی کە یەکەم بوون کە کڕنوشیان بۆ عیسا هێناوەو دیاریان پێشکەش کردووە. هەر لێرەوە بەپێی بەڵگەنامەکان و ئەو دوو دەقەی ئینجیل کە باسمان کردن بەڵگەی ئەوەن کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مەسیحیەتەوە خ ەڵکی کوردستان کەم تا زۆر ئاگاداری ناوەڕۆك و بنچینەکانی ئاینی مەسیحی بوون ڕەنگە زۆریش هەر لە سەرەتاوە هاتبنە سەر ئەم باوەڕە بە پێی ئاماژەکانی پێشوو ئەوە شتێکە کە گومانی تێدا نیە بەلام ئێمە

سـەرچاوەی ترمــان لـێرەدا لەبەردەسـتدا نیـیـە، بـەڵام ئـەوە بێگومانـە کـە هەروایـە. چونکـە جگـە لـەو ئاماژانـە زۆر لــە نــێردراوانیش بــە کوردسـتاندا تێپـەڕبوون وەکـو (تۆمـای نـێردراو) کـە یـەکێك بـووە لـە قوتابییـەکانی عیسـا ساڵی 52 ز سەری لە هیندستان داوە یان ئەتوانین بڵێین بە مەبەستی مزگێنی دان ڕووی کردۆتـە ووڵاتـی هینـد هـەروەکو لـە هـەندێك سـەرچاوەی کۆنـدا دەردەکەوێت، ئەو لە گەشـتەکەیدا بـۆ هینـدسـتان بـە کوردسـتاندا ڕەت بـووە.. دوور نـیـیە لەو وڵاتە خەڵکیشی بۆ سەر ئـاینی تـازەی (مەسـیحیەت) هێنـابێت و لە ئاوی هەڵکێشابن زۆربەی سەرچاوەکانیش ئەوە دەردەخـەن کـە لـە شـاری هەولێرەوە تێپەڕبووە.

جگە لەویش (ئوسا بیۆس قەیسەر)، کە لە نێوان ساڵانی 275-340 ز ژیـاوە کتێبێکی هەیە بە ناوی (مێـژوی کڵێسا) کـە بـۆ یەکـەم جـار سـاڵی 1897 ز لـە پاریس چاپکراوەو بە یەکێك لـە سـەرچاوە کۆنـەکانی مەسـیحی دەژمـێردرێت لەسـەر مێـژووی ئـەم ئاینـە لـە ناوچەکـەداو ڕوونـترین بەڵگـەش لـەم کتێبـەدا ئەوەیە کە دەڵێ: (پادشای شاری ڕوها یان (ڕەها).******* "ئەڤگـەری پێنجـەم" لــە ماوەیــەکی کورتــدا دوای لــە خــاچ دانــی عیسـا ئـاینی مەسـیحی هەڵبژاردوو)ە[11].

هەروەها جۆن لوریمر کە مامۆستایەکی کۆلیژی لاهوتی ئینجیلە لـە شـاری قاهیرە دەڵێ: ((دوای ڕوخاندنی اورشەلیم وە چەوسـاندنەوەی کڵێسا لـە سـاڵی 70 ز نێراوان و باوەڕدارە یەکەمینـەکان، هەریەکـە ڕووی کـردە وڵاتێـك. جـۆن دەڵـێ زۆر زەحمەتـە بـە تـەواوی بزانــین ڕوویــان کردۆتــە کــوێ بــەڵام داب و نـەریتە کۆنەکان دەڵێن بطرس ڕووی کردۆتە وڵاتـی ڕۆمـا، انـدراوس: سکیشـیا، مەتا: حەبەشە، یەعقوب: ئیسپانیا، تۆمـا: هینـد، فلیبـس: وڵاتـی فارسـی (ئـەو

سـەردەمە وڵاتـی فارسـی و مـاد هەریـەك بـوون)، سـەمعان: ئینگلـترا، مرقــص: میسر، تداوس و بیرتیلماس: ئەرمینیا))[12].

یوسابیوسـی مێــژوو نــووس بــاس لــە ناوچــەی "ئــەدیابین" دەکـات کـە پایتەختەکەی "ئەربلە"ە بەڵام باسی ئەوە ناکات کـە کڵێسـایەکی مەسـیحیەت لەو ناوچەیەدا هەبووبێت، وە (أخبار أربل) لە چیرۆکی (بـاکیدا) باسـی دەکات کە تداوسی نێردراو مزگێنی مەسیحیەتی پێ دابوو، بـاکیدا بڕیـاری وابـوو کـە ببێتە مەسیحی، بـاوکی زیندانـی کـرد لـە ماڵـەوە، بـەڵام بـاکیدا وازی نـەهێناو بوو بە قوتابی تداوسی نێراو، ئەم چیرۆکە لە کاتی تێپەڕبوونی تداوس بەرەو ئەرمینیا ڕوویداوە.. بـەمجۆرە بـاکیدا بـە یەکـەم بـاوەڕدار دەدرێتـە قەڵـەم لـە مەسیحیەتدا لە وڵاتی پارتیاو میدیاو فارسی کە مێژوو تۆماری کردبێت. واش دەردەکەوێت کە باکیدا نزیکەی پێنج ساڵ لەگەڵ تـداوس دا مزگێنـی داوەتـە وڵاتی ئەرمینیاو پاشـان تـەداوس وەك خزمـەتکارێکی ڕێگـای عیسا نـاردوێتی بـۆ گـەل و وڵاتـی خـۆی هـەروەها بـاکیدا بـووە یەکــەم (اسـقف) لـە ناوچـەی (أدیابین) کـە لـە پایتەختەکـەی ((اربـل))ە وە تداوسـی نـێردراو خـۆی دەسـتی خستۆتە سەری.

بـاکیدا لـە سـاڵی (114ز)ی کۆچـی دوایـی کـرد بــەڵام بــەر لــە مردنەکـەی کەسێکی هەڵبژارد کە خزمەتکار و قوتابی خۆی بوو بـە نـاوی (سمسـۆن) هـەر دوای مردنەکەی باکیدا بوو بە (أسقەفی) ناوچەکەو دەستی بە بڵاوکردنــەوەی پەیامی عیسا کرد لە چوارچێوەی وڵاتی پارتیا و میدیا و فارسی. خــەڵکی ئـەو ناوچەیــەش باوەڕیــان بــە ئــاینی زەردەشــتی هــەبوو ئاگریــان دەپەرســت و منداڵیـان وەکـو قوربـانی پێشکەشــی خودایـان دەکـرد هـەر لەگـەڵ پــەرش و بڵاوکردنی بـاوەڕی مەسـیحی لـە ناوچەکـەدا کاهینـەکانی زەردەشـت زۆر تـوڕە بوون لە (سەمسون) هەر بۆیە گرتیان و ئەشکەنجەیانداو پاشان کوشتیان. بەم

جۆرەش سەمسون بووە بە یەکەم شەهیدی مەسیحی لە وڵاتی پارتیاو ماد و فارس[13].

هەر بە پێی گوتنی باوکانی کڵێسا یەکەم باوەڕدارێکی مەجوسی ناوی (سیمون) بووە کە بە سیمۆنی مەجوسی بەناوبانگ بوو یان سیمۆنی ساحیر، (ئەم کابرایە لە شاری سامرە دەژیاو ویستی هێزی ڕۆحی پیرۆز بکڕێت لە بطرس و یوحەنا کە لە کرداری نێراواندا بەشی 8 و بڕگەکانی 9-24 باس لەو چیرۆکە دەکەن)[14].

## بەڵگەنامەی تر لە مێژووی ڕووداوەکاندا

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحیەت لە ناوچە کوردەکاندا ناو و نازناوی ئارامی و یۆنانی بڵاوبونەتەوە وەکو تۆما (تۆماس)، مرقس (مارك)، هەر لەگەڵ ئەم نازناوانە ناوی تریش بڵاوبوونەتەوە وەك (بیث عبهی)، (بیث قردو)، (کرخا)، بیث سلوخ.. هتد********).

هەروەها باوەڕی مەسیحی لە کاتی سەرهەڵدانی و بڵاوبوونەوەی هەندێك تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی گۆردراو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە (میدیا) وەکو پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت، و ڕێو ڕەسمی بە خاك سپاردنی مردوو و هەندێك بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی تری دامەزراند. بەردەوامیش ئەم یاسایانە بەرەو پێش چوون.

نێردراون بڵاوبوونەتەوە بە ناوچەکاندا هەر لەوانەش دوو کەسایەتی ناسراو کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە مێژووی مەسیحیەت لە ڕۆژهەڵاتدا

(ئەحـەی و مـار مـــاری********* و ڕویـــان کردۆتـــە ناوچـــە شـــاخاویەکانی کوردسـتان و بیروبـاوەڕی مەسـیحیان تیـادا بڵاوکردۆتـەوە)[15]. لـە هـەندێك سەرچاوەدا هاتووە (مارمـاری و ئەحـەی ڕوویـان کردۆتـە ناوچـەکانی قـردی و بـازیدی وڵاتـی موسـڵ و کوهسـتان و مـیزو بۆتامیـا)[16]. مارمـاری بـەر لـە برانەوەی یەکجارەکی (دەسەڵاتی پارتەکان) چۆتە ناوچـەکانی کوردبلـە، ڕازان، تەیسەفون، نوسەیبین، ئەرزون، ئەدیابین (أربل)، داسـن، کـوار، شـەرقد، درارى، له ناوچەی بتەگـەرمای یـان گـەرمیان)[17]. جگـە لـەوەی ئەحـەی وەکـو مـوژدە بەخشێك لەگەڵ کەسانی تـردا (ڕویـان کردۆتـە ناوچـەکانی ئـەهواز و سـندۆ و وڵاتانی تر)[18] موژدەی باوەڕی مەسیحیان بڵاوکردۆتـەوە کـە جێگـەیان تـەواو دیـاربووە.. (ئـەوەتا کلدانیـەکانی عـێراقیش لـە ڕۆژی 11 مـانگی ئـاب یـادی هاتنەکـەی مـار مـاری دەکـەن)[19] بـۆ ناوچـە شـاخاویەکان و بـە نـێردراوی ڕۆژهەڵات ناوی دەبەن، بۆ زیاتر زانیاریش ئێستا له شاری بـەغداد، دوو کڵێسا هەیە بە ناوی مارماریەوە.

## سەکاییەکان و گۆڕانەکان

دوای ئەوەی سەکاییەکان ناویان دەرکرد کە کۆمەڵێکی دەسـەڵات دار بـوون لـە ناوچـەی حـەزیب و شـاری هـەولێر لـەژێر نـاوی (إیزاتیـس) ئـەم کۆمەڵـە خەڵکە باوەڕیان بە ئاینی یەهودی هێنابوو، لەناو ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا شاژن (هیلینیا) ئاینی خۆی گۆڕی لە (مەزدیـەوە) بـوو بـە (یـەهودی) لـە سـەردەمی هێڵێنیدا.. له سـاڵی 40 ز دا کۆچـی دوای کـردووە و لـە ئورشـەلیم ناشـتویانە. هەر ئەو بنەماڵەیـە وازیـان لـە ئـاینی یـەهودی هێنـاوە و بڕوایـان بـە مەسـیح هێناوە و هەولێریان کردۆتە پایتەختێك بـۆ بڵاوبوونـەوەی بـاوەڕی مەسـیحی

لەســـەر هـــەردوو زێ و ناوچـــە شـــاخاویەکانی کوردســـتان هـــەتاوەکو ئازربایجان[20].

له لایەن زمانیشەوە زۆربەی میـژوو نوسـانیش زمـانی ئـەو بنەماڵەیـە بـە یـەکێك لـە زاراوە کوردیـیـەکان دەزانـن و لەسـەر ئـەوە کۆکـن. دکتـۆر جـەمال ڕەشید أحمد لە کتێبی (دراسات فی بلاد سوبارتو)دا باسی کردووە.

## گۆڕانی سەردەمی (پارتەکان و سلوکیەکان)دا:

لـە سـاڵی 140 ز دەسـەڵاتدارێك هـەبوو بـە نـاوی (ڕاکبـاخت) ئـەم کابرایـە دەسـەڵاتێکی زۆری هـەبووە لـە ناوچـەی ئـەدیابین و دەوڵەمـەندێکی گـەورە بووە.. بە دزیەوە باوەڕی مەسیحی هەڵبژاردووە لە ترسی ئیمبراتۆر.

هـەر بۆیـە پیـاوانی ئـاینی کاهینـانی زەردەشـتی لـە هـەوڵی ڕێکخسـتنی پلانێك دا بوون بۆ کوشتنی (راکباخت) بەڵام بـە خۆشـحاڵیەوە لـە دەسـتیان ڕزگـار دەبێـت و بـاوەڕی مەسـیحی لـە هـەموو ناوچەکـەدا بڵاوکردۆتـەوە و خەڵکی زۆری هانداوە بۆ مزگێنی دان لە ناوچەکانی تردا. بەڵام لە کۆتایدا لە شەڕێکدا کوژرا، وە لە کتێبـی (أخبـاری أربـل)دا نـاوی هـاتووە کـە ئـەو (پیـاوی خودایەو قسطنطنیش سەردەمیەتی)[21].

سەرچاوە مێژو وییەکان دەگێڕنەوە کە لە کۆتـایی نیـوەی سـەدەی دووەمـی زاینیدا ئامۆژگاری مەسیحی لە هەرێمیووڵاتی پشت ڕووباردا گەشەی کردووە هـەر بۆیـەش دەسـتیان کـرد بـە چەوسـاندنەوەی مەسـیحیەکان و تـۆزە تـۆزە کلێسا بـەرەو کزبـوون دەڕۆیشت[22]. لـە کتێبـی (أخبـار ئـەربل)دا باسـی ئـەوە دەکـات کـە لـە سـاڵی 225 ز دا 17 (اسـقف) هـەبوون لـە ناوچـەکانی نێـوان دوو

ڕووباردا، هەروەها دەڵێت کە أسقف تریش هەبوونو کوژراون لە ناوچەکانی تردا وەکو نوسەیبین و مەدائن[23].

لەگەڵ ئەو ململانێیەی کە لە نێوان پارتەکان و سلوکیەکاندا ئەنجام دەدرا لە کوردستاندا پارتەکان لە ساڵی 249 ز توانیان بە سەرۆکی خانەدانی ئەشکانی سکۆتیەکان لە کوردستاندا دەرپەڕێنن و هەر ئەوان دەسەڵاتی کوردستانیان گرتە دەست هەتا ساڵی 224 ز ئەو پارتانە باوەڕیان بە هێزی نادیاری سروشت هەبووە لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا لە کوردستان و بایەخێکی ئەوتۆیان بە ئاینی زەردەشتی نەدا. کە مەسیحیەت سەری هەڵدا ئەوان ڕێگریان لە بڵاوبونەوەیدا نەگرد[24].

بەڵام کاتێك کە ئیمبراتۆری ڕۆمان لە ساڵانی 117-138 ز، زۆر بە توندی کەوتە چەوساندنەوەی مەسیحیەکان لە سنووری ئیمبراتۆریەتەکەدا ژمارەیەکی زۆر لەوانە بەرەو وڵاتی پارت لە ترسی چەوساندنەوە و ئازار ڕایان کردووە لە ناویاندا قەشە تاکریتی چووە لە (کەرخ سلوخ) نیشتەجێ بووە[25].

تا هاتنی ساسانیەکان وەکو هێزێکی مەسیحیەت لە کوردستاندا لە هەموو کون و قوژبنێکدا بڵاوبووەوە بە تایبەتیش ئەو ساڵانەی کە دەکەوتنە بەر شاڵاوی ئازا ر و چەوساندنەوە و لە لایەن ڕێبەرانی بێزەنتیەوە، بێگومان ئەمە جێگای بۆ ئەوە خۆشکرد کە مەسیحیەت لە کوردستان بناسێنن وە بانگەشەی بۆ بکەن بۆ هاتنە سەر ئەم ئاینە کەچی کوردەکان هەر لە پێشهاتنی ئەم مەسیحیانە لە وڵاتی ڕۆمەوە لە ترسی چەوسانەوە و ئازار ئەوان لە نزیکەوە بە مەسیح ئاشنا بوون و دیاری خۆیانیان پێشکەش کردووە.

## پەراوێزەکان:

* یـەهودیا: نـاوی بەشــێکە لــە بەشــەکانی فەلەســتینی ئــەو ســەردەمە و کەوتۆتە خواروی ڕۆژهەڵاتی شاری یافاوە.

** هیردۆس: لە ئینجیلدا سێ کەس بەم ناوە ناوبراون.

أ-هیردۆسی گەورە، لـە سـەردەمی ئـەودا عیسا لـە دایـك بـووە و بـە ڕەگـەز ئادۆمی بووە لـە لایـەن ڕۆمەکانـەوە کرابـوو بـە پاشا بەسـەر فەڵەسـتین و بـە دڵڕەقـی و فێڵبـازی بـەناوبانگ بـووەو هـەوڵی داوە بـە منداڵی عیسا بکوژێـت. (لەو بەشەدا مەبەستمان لەم هیردۆسە)یە.

ب-هیردۆسـی ئـەنتیباس، کـوڕی هیردۆسـی گــەورە بـوو لــە ملتاقــە، پــاش مردنـی بـاوکی بـوو بـە حوکمڕانـی ناوچـەی جـەلیل بەشـداربوو لــەو بڕیــاری مەرگ و لە خاچ دانەی کە بەسەر عیسادا درا.

ج-هیردۆسی ئــەغریبس یەکەم، کـوڕەزای هیردۆسـی گـەورە بـوو لـە سـاڵی (37 ز) بووە بە دەسەڵاتداری باکوری فەڵەستین پاشان لە ســاڵانی 41-44 ز بـووە پاشای هەموو فەڵەستین یاقوبی برای یوحەنناى (قوتابی عیسـای) بـە شمشـێر کوشت.

*** بـەیت لـەحم: شـارێکی بچوکـە لـە دووری 8 کـم لـە باشــووری ڕژئــاوای قوودسەوە، عیسای مەسیح و حەزرەتی داوود لەم شارەدا لە دایك بوون.

**** پێغەمبــەر، مەبەسـت لـە بینەیەرمیخایـە کـە پـێش بینـی جێگـای لــە دایك بوونی مەسیحی کردووە (میخا بەشی 5: بڕگەی 2).

***** مەجوس: وشەیەکی فارسیە بە واتای (کـاهن). مەرتەبـەی. لـە نێـوان حاکم و گـەل لـە وڵاتـی فارسی، ئـەوان خزمـەتی ئـاینی زەردەشـتیان دەکـرد و ناسـراوبوون بـە جل و بـەرگیان و جێگـەی تـەنیاییان لــە خــەڵکی تـر چـوار توخمیان دەپەرست کە ئاگر و ئاو و خۆڵ و هەوابوو بەڵام هەموو پەرستنیان لە ئاگر بوو هـەروەها لـە داب و نـەریتیان ئاینەکـەیاندا جەسـتەی مردوانیـان ئـاگردەدا نـەیان دەخسـتە نـاو گـۆڕەوە یـان لەسـەربان دایـان دەنـا بـۆ ئـەوەی قەلەڕەشکەو باڵندە بێت و گۆشتەکەی بخـۆن بڕوانـە قـاموس الکتـاب المقـدس/ تألیف نخبة من الاساتذة ذوی الأختصاص و مـن الأهوتینیـی، هیئـة السکرتیر/ الدکتـور بطـرس عبدالملك، جـوب اللسکندر و الاسـتاذ ابراهیـم مطـر. الطبعــة السابعة القاهرة 1991 ص 84و 959.

****** جـەژنی عونسـرە یەکێکـە لـە سـێ جەژنـە گـەورەکان لـەلای یـەهود پێشی دەوترێت جەژنی دروێنە مەبەست لەم جەژنـە ئەوەیـە سوپاسـی خـودا دەکەن بۆ دروێنەی بەرهەمەکانیان و ماوەی ئەم جەژنە تەنها یەك ڕۆژە.

******* ڕەها: واتە شاری تورخە.

******** بێت سلوغ دەکاتە کەرکوکی ئێستا.

********* مارماری: وشەیەکی سریانیە بە واتای پیرۆز یان پایەبەرز دێت.

# بەشی سێیەم

## سەردەمی ساسانیەکان/ 224–637 ز

ساسانیەکان یەکەم فەرمان ڕەوایی ئیمبراتۆریەتێکن کە بە کورد ناویان براوە. ئەردەشێری بابەکی ساسانی کوڕی مۆغێکی زەردەشتی بوو توانی سود لە دەسەڵات و پلەی ئاینی بابەکی باوکی وەربگرێت و لە پارتەکان یاخی ببێت.

دوای سەرکەوتنی لە چەند شەڕێکدا لە ساڵی 224 ز توانی ئەردەوانی پێنجەم دوا پادشای پارت بکوژێت کە لە ساڵانی (209-224) ز دەسەڵاتداریێتی- پارتەکانی لە ئەستۆدا بووە.

ئیمبراتۆری ساسانی (ئەردەشێری کوڕی بابك) ئەو شۆڕشەی کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی لەسەر بناغەیەکی ئاینی بۆ زیندو بوونەوەی ئاینی زەردەشتی. هەر لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی ساسانیەکان ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك بوونەوە.

کێشەی یەکەم: شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی بیزەنتی.

کێشەی دووەم: ململانەی باوەڕ بوو لە نێوان بیروباوەڕی زەردەشتی و مەسیحیەت..

هەروەها كێشەی ئاینی تریش وەكو میترایی، مانگ پەرستی، أنا هیتا، بوزای و چەندین ئاین و بیروباوەڕی ئەو سەردەمە.

ئەوەی كە گرنگە لە بابەتەكەی ئێمەدا مەسیحیەتە كە لەو كاتەدا لە زۆربەی شوێنەكانی كوردستان بڵاوبوەوە.

تا كۆتایی سەدەی دووەم ئەو ناوچانەی كە لەژێر دەسەڵاتی ساسانیەكاندا بوون مەسیحیەتی تیایدا گەشەی دەسەند و بەو یاسا و نەریتە نوێیانەی كە بۆ كۆمەڵگایان دادەڕشت ئەمانە ببونە ڕەقی ئەو دەسەڵاتەی ساسانیەكان[26]. چونكە سەرچاوە مەسیحیەكان باس لەوە دەكەن كە باوەڕی مەسیحی بە ئاشكرا ڕەخنە لە هەندێك نەریتی خەڵكی كوردستان دەگرێت كە لەگەڵ ڕەوشتی ئاینی تازەدا نەدەگونجا.

فلیس* (196-226) كە یەكێكە لە شاگردانی بەردیسان** لە كتێبەكەیدا "شەریعەتی وڵاتان"دا دەنووسێت (چ دەربارەی میللەتی نوێ*** بڵێین كە مەسیح لە هەموو شوێن و لایەك دایمەزراند. ئێمە لەهەر كوێیەك هەبین بە مەسیحی دەناسرێینەوە، كە بۆ مەسیح دەگەڕێتەوە. ئەو برایانەمان كە لە وڵاتی پارتەكانن، دوژن ناهێنن، وە ئەوانەی لە وڵاتی فارسن كچەكانیان لە خۆیان مارە ناكەن و ئەوانەی میدیان لە مردووەكانیان ڕاناكەن و زیندەبەچاڵیان ناكەن و هەروەها ناشیان خەنە بەردەمی سەگ تابیانخۆن، ئەوانەیشی كە لە ئورهای دان، ژن و خوشكەكانی خۆیان لەسەر داوێن پیسی ناكوژن بەڵكو لە خۆیان دادەبڕێنن و فرسانیان دەبەنە لای خودا[27].

بە هاتنی باوەڕی نوێی مەسیح بۆ هەموو جیهان تەواوی پەیوەندییە كۆمەڵایەتی خراپەكانیان هەڵدەوەشاندەوە و زۆر لە مافەكان بۆ خاوەنە ڕاستەقینەكانیان گەڕانەوە وەكو مافی ژن و مافی ئەوانەی كە مردوون و

چەند گۆڕانێکی تری کۆمەڵایەتی کە ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهان لەسەری دەڕۆن.

بێگومان ئەو گۆڕان و ڕاستکردنەوانەش کە لە باوەڕی مەسیحیەوە وەردەگیر ان بوون بە هۆی دروست بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە نێوان ئەوانەی کە زەردەشتی بوون و ئەوانەی کە مەسیحی بوون. بۆ نموونە لە چەند شوێنێکی کوردستان ژمارەیەکی زۆر (بن دیان) هەن کە پەیوەندی زمان و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئارامیەکانەوە نەماوە بێگومان ئەو (بن دیان)انە کە کوردن لەسەر ئاینی مەسیحی ماونەتەوەو لە سەرجەمی خەڵك دابڕاون لە چوارچێوەی تەسکی سریانی و ئاشوری و کلدانی ماونەتەوە.

(توماس مرجەیان) (مرگە)**** کە پیاوێکی ڕۆحانی مەسیحی بوو ئەو کوردانە جیادەکاتەوە کە لە ناوچەی مەرگەو داسن دا نیشتەجێ بوون. تۆ ماس بەوشێوەیە نیشانی دەدات کە کورد لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بون و بە زۆریش پەرش و بڵاوبوونەتەوە بە تایبەتی لە ناوچەکانی (داسن، بیت عبهی، بیت شیرونانە، بیت نیوا، بیت واریك و گوڵای.. هتد) هەروەها لە مەملەکەتی حدیب و بیت چەرمی أربیك و کەرکوك، ئەمانە خۆیان باوەڕی مەسیحیان قبول کردو هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە واتا لەگەڵ تێپەڕبوونی (تۆما) بە کوردستاندا بەرەو هیند، و هاتنی (فلیبس) بۆ وولاتی مادو فارسی بۆ مزگێنی دانی عیسا، و تێپەڕبوونی تداوسی بەرەو ئەرمینیا، و هاتنی مارماری و ئەحەی بۆ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، بۆ زیاتر زانیاریش د. جمال ڕەشید لە کتێبەکەیدا دەڵێ (تۆماس کوردە) ئەو مامۆستا ڕۆحییە، کوردەو باوەڕی بە مەسیح هێناوە)[28].

وە هەروەها (حد یبیش) کە مەملەکەتێکی بچوك بوو هەر لە دوای فریتیەکان سەری هەڵدا (247 پ. ز- 224ز) بوو بە سەنتەرێکی گەورە بۆ

سەرکەوتنی باوەڕی مەسیحی لە ناوچەکەدا و لەسەر ئاین و باوەڕەکانی تردا، (حدبیب دەکەوێتە باکوری نێوان هەردوو ڕووبار و پایتەختەکەی أربیلابووە واتە (أربیل)ی ئێستا).[29].

بەم جۆرەش بیروباوەڕی مەسیحی لەناو ململانێی ئاینەکانی تردا و گۆڕانی دەسەڵاتەکاندا توانیویەتی ڕۆژ بە ڕۆژ مزگێنی خۆی بڵاوبکاتەوە.. کە لەو سەردەمەدا بە هۆی بەهێزی بیروباوەڕی زەردەشتی و دەسەڵاتیان لە دەوڵەتدا کێشەیەکی گەورە بوو، بۆ مەسیحیەکان کە پێویستە لێرەدا بگەڕێینەوە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ئاینە زەردەشتی‌یە.

## سەرەتای ئاینی زەردەشتی

سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زەردەشت لە وڵاتی میدیا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە بەڵام بۆ چەند سەد ساڵ ئاینی زەردەشتی ون بوو تا ساڵی 226 ز (پادشاکانی ساسانی هەوڵیان دا بگەڕێنەوە سەر ئاینی باو باپیرانیان (ئاینی زەردەشتی)[30].

هەروەها گەشە بخەنە سەر ئاینەکان و دەست بکەنەوە بە دروست کردنی ئاگردانی نوێ و تازەکردنەوەی ئاگردانە کۆنەکان. هەر لەو ساڵانەدا کە ئاینی زەردەشتی کەوتبووە کزبوون کە مێژوو نوسەکان بە 200 ساڵ مەزەندەی دەکەن لەو کاتەشدا ئاین و باوەڕی مەسیحی بە زۆری لە ناوچە کوردەکاندا بڵاو بووەوە لەبەر هۆی کزبوونی ئاینی زەردەشتی.

ئەردەشـێری کـوڕی بـابك کـە شۆڕشـەکەی کـرد بـۆ دامـەزراندنی دەوڵـەتی ساسـانی (بــە بناغەیــەکی ئاینیــەوە ڕاپــەڕی، کــە دەیویســت ئــاینی ئاگرپەرستەکانی کۆن زیندوو بکاتەوە کە ئاینی زەردەشتی بوو)[31].

هەر بۆیە پیاوانی ئاینی زەردەشتی هەوڵیاندا بۆ دامـەزراندنی دەزگایـەکی گەورەی ئاینی زەردەشت، لە کاتێکدا کـە جـۆری دەزگـای کڵێسـای مەسـیحی لـە هەموو کونجێکی ئیمبراتۆریەتەکەیدا بڵاوببوەوە.

ئەردەشێر لەو ماوەیەدا 224-240 ز کە دەکاتە 16 ساڵ لە دەسـەڵاتیدا هیـچ هەڵوێستێکی دیـاری نـەنواند دژی مەسـیحیەکان و ئـەو کەسـانەی (کوردەکـان) کە تازە هاتبوونە سەر باوەڕی مەسیحی و لە ئاینە کۆنەکەی خۆیان کە ئـاینی زەردەشتی هەڵگەڕابوونەوە (لە کاتێکدا پیاوانی ئاینی بیروباوەڕی زەردەشـتیان لە پێناو قازانجەکانی خۆیان و پادشا ساسانیەکاندا بەکاردەهێنا)[32].

ئەردەشێریش ئەوەی کە مێژوو لەسەری تۆمـاری کردبێـت کـاری سـەرەکی ئەو شەڕی ئەو میرنشـینانەی دەکـرد کـە مـل کـەچی دەسـەڵاتەکەی نـەبوون و ئەوانـەیش کـە لـە گۆشــەو کـەناری وڵاتـدا داوای تـاج و تـەختیان کـردووە.. بێگومـان ئـەم لاوازیـیـە سـودبەخش بـوو بــۆ مـوژدە بەخشـەکان بـۆ ئـەوەی بیروباوەڕی مەسیحی لـەناو کوردەکـاندا بڵاوبکەنـەوە، ئەمـەش ببـوو بـە هـۆی ڕقی ئەردەشێرو دەسەڵاتدارانی ئیمبراتۆریەتی ساسانی و پێیان خـۆش نـەبوو کە ئاینێکی نوێ دژ بــە بیروبـاوەڕی خۆیـان بڵاوببێتـەوە لەناوچەکـەدا لەسـەر حسابی ئاینی زەردەشت.

## دەسەڵاتی شاپوور

هەر لەو ساڵانەی (240-271ز) پادشای دووەمی ساسانی شاپۆڕی کوڕی ئەردەشێر دەسەڵاتی گرتە دەست و بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە گوایە ئەو (پێغەمبەرە چاوەڕوانکراوەیە- فارکلیت*****)[33].

هەروەك چۆن مەسیح و شاگردەکانی مەسیح بانگەشەیان بە وڵات و شار و لادێیەکانەوە کردووە و گەڕاون و ئاینی مەسیحیەت بڵاوبکەنەوە (هەر بۆیە شاپور هەوڵی داوە لە نێوان زەردەشتی و مەسیحییەکاندا جۆرە باوەڕێك بڵاوبکاتەوە تازە بێت، کە بێگومان ئەم هەوڵدانەی بۆ ئەوە بوو کە مەسیحیەت لە ناوچەکەدا لاواز بکات و نەیهێڵێت زیاد لە سنوری خۆی پەرە بستێنێت)[34].

هەروەها لەم بارەیەوە سەرچاوە سریانیەکان (شاپوری کوڕی ئەردەشێر) بە کابرایەکی هەرتەقی****** دادەنێن لەسەر ئاینی مەسیحی)[35]. بە گوێرەی ئەم سەرچاوانە ئەو پاشایە لە پێشا باوەڕی بە ئاینی مەسیحیەت هێناوە دواتر وازی لێهێناوە. سەرچاوەکانی تریش باس لەوە دەکەن کە هەر دوای وازهێنانی شاپور لە باوەڕی مەسیحی باوەڕی مانیەتی دامەزراندووە، هەروەهاش گەریدە (کەریم زەند) لە کتێبەکەیدا (ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا) دەڵێ: (دەرکەوتنی باوەڕی مەزدەکی قۆناغێك بوو بۆ چاکردنەوەی باوەڕی مانی)[36].

خاڵێکی تری گرنگ هەیە بۆ سەرهەڵدانی باوەڕی مانی یاخود چۆن شاپور بیری لەو فارقلێتە کردۆتەوە؟

به پێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان شاپۆر لە ساڵی 259 ز هەموو ئاسیای بچوکی لە دەست ڕۆمەکان دەرهێنا تەنانەت ئیمپراتۆری ڕۆمانیش "ڤالێران" لەو شەڕەدا بەدیل گیرا، ئەمە ناوبانگێکی گەورەی بۆ شاپور پەیداکرد، بە تایبەتی بۆ ئیمپراتۆریتی ساسانی بە گشتی، شتێکی سەیر نییە کە ئەو سەرکەوتنە هەرە گەورەیەی شاپور بەسەر ڕۆمان دا ئەوەی بە بیردا هێنایەوە کە یەکێك لە دەستی ڕۆما ڕزگاریان دەکات بێگومان ئەوەش لەلای شاپورو خەڵکی ئەو سەردەمەش شتێکی گران نەبوو چونکە بە گشتی هەر دەسەڵاتێك بهاتایەتە سەر حوکم یەکسەر خەڵکی ئەو ناوچەیە وەکو خودا دەیان پەرست ئەمەش بە ئاسانی لە ئیمبراتۆریەتی ڕۆماو سەردەمی فیرعەونەکاندا دەیبینین کە چۆن ئیمپراتۆر یان فیرعەون بانگەوازیان بۆ خودایەتی خۆیان دەکرد "شاپوریش لەبەرئەوەی پێشتر باوەڕی بە مەسیح هێنابوو کەواتە هەموو شتێکی دەربارەی بیروباوەڕی یەهودیەکان و مەسیحییەکان دەزانی.

جۆن لوریمەر لە کتێبەکەیدا (مێژووی کڵێسا) باس لە باوەڕی (مانی) دەکات و دەڵێت، مانی یان باوەڕی مانی لە دروستکراوی کەسێکە بە ناوی مانی لە وڵاتی ساسانیەکان. ئەو لە ساڵی 216 ز دا لە دایك بووە دوای ئەوە لە گەنجێتیدا بانگەوازی بۆ ئاینە تازەکەی کردووە کە ڕەزامەندی پادشای ساسانییەکانی بەدەست هێنا (شاپور) وە توانی لەژێر دەسەڵاتی پاشا پاش ئەو هەموو سەرداندەی بۆ کۆشکی پادشا شەش کتێب و چەند نووسراوێك بنوسێت کە بووە بناغەی ئاینی مانی، کەمانی توخمی ئاینەکەی هەڵبژاردووە لە ئاینی زەردەشتی و بودای و یەهودی و مەسیحی هەمووی کۆکردەوە تاکو ئاینێکی تەواو کامڵ دروست بکات وە ناوی خۆی نا (باراکلێت) واتا ڕۆحی پیرۆز کە مەسیح پەیمانی بە هاتنی دابوو. هەتا لە ژێر دەسەڵاتداریتی ئارامی یەکەم

لەژێر جەختی کاهینە زەردەشتییەکاندا خرایە بەندیخانەو لە ساڵی 277 ز لە سێدارەیان دا. بەو جۆرەش باوەڕی مانی کەوتە کزی، چونکە ڕۆمەکانیش دەستیانکرد بە چەوساندنەوەی باوەڕی مانی و ناویان نا (دەردی ڕۆژهەڵات)، وە هەندێ کەس هەن دەڵێن (دقلدیانۆس مەسیحیەکانی چەوساندۆتەوە وەك درێژخایەنێك بۆ چەوساندنەوەی مانی‌یەکان هەروەهاش مانی بڵاوبوەو لە هەموو ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست هەتا گەیشتە سین)[37].

لێرەشدا خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش شاپور فارقلید یان مانی هیچ لە بارودۆخ و هەڵوێستی شاپور ناگۆڕدرێت دەربارەی باوەڕی مەسیحی چونکە ئەوەی گرنگە مانی و شاپور لەسەر ئەوە کۆك بوون کە مەسیحیەکان بچەوسێننەوەو ئاینێکی تازە دروست بکەن کە لە ناوچەکەدا وەکو هێزێکی ئاینی و رووحی سێیەم دژ بە ئاینی زەردەشتی و مەسیحی.

شاپور لە ماوەی دەسەڵاتیدا (240-271ز) هەروەکو باوکی ڕەفتاری نەرمی نواند لە گەڵ کوردە مەسیحیەکاندا ئەویش هەر بەو جۆرە هێشتیەوە تا ئەو کاتەی وازی لە باوەڕی مەسیحی هێنا بەڵام کاتێك کە بۆی دەرکەوت کە خۆشەویسترین و نزیکترین کەس لە خۆی کە ژنەکەیەتی (ئاستاسا) باوەڕی بە مەسیح هێناوە و لە ئاینی زەردەشتی و ئاینی دەوڵەت و بنەماڵەی پاشا هەڵگەڕاوەتەوە و ئەو زۆر لەلای قورس بوو بۆیە (ئاستاسا)ی کوشت[38]. بەم جۆرەش ئاستاسا بووە یەکەم شەهیدی ئافرەتی کورد کە باوەڕی بە مەسیح هێنابوو. ئەمە ڕۆڵی ئافرەتی کورد دەردەخا کە خوێنی خۆی ڕژاندووە هەتا خەڵك زیاتر باوەڕ بەو ئاینە نوێیە بهێنن. هەر دوای ئەویش (شیرەوان)ی خوشکی کە بەپێی دابوو نەریتی ئەو سەردەمە ژنی بووە ئەویش تۆزە تۆزە باوەڕی مەسییحیەت لە دڵیدا چێنراو باوەڕی بە مەسیح هێنا. ئەمە شاپوری

نارەحەت کرد و بڕیاری دا کە بە پێی بڕیارێکی شاهانە باوەڕهێنان بۆ ئەوانەی قەدەغە کرد کە لە کۆشکی پادشادان و نابێت هیچ کەسێك لە بنەماڵەی پادشا بچێتە سەر باوەڕی مەسیحی چونکە بە هۆی خوێنی شەهید (ئاستاسا) ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کاربەدەستانی گەورەی وڵاتیش ببونە مەسیحی.

شاپور لە دوای داگیرکردنی ئاسیای بچوك سەرکەوتنی بەسەر ئیمبراتۆریەتی ڕۆماندا هێنا و لە ساڵی 259 ز لە ئەنتاکیەو دەیان هەزار مەسیحی بەدیل گرت و بۆ قەلاچی وڵاتی ڕاگواستن ئەو باوەڕدارانەش کە هاتنە وڵاتی نوێ لە گەڵ ئاینێکی نوێدا، پاش ئەوەی کە هیوا بڕاو بوون بۆ گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان کەوتنە پەخشکردنی مژدەی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا ئەویش بوو بە هۆیەك بۆ زیادبوونی ژمارەی مژدە بەخشە کوردەکان کە باوەڕیان بە مەسیح هێنا..

ئەم سەرکەوتنەی شاپوور بەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا بوو بە هۆی زیاد بوونی ژمارەی باوەڕداران و کردنەوەو دروستکردنی کڵێسای زیاتر لە وڵاتی ساسانیەکاندا، هەروەها شێوازی بیناسازی نوێی هێنایە ناوچەکە کە ژمارەیەکی زۆریان لە دێرو کڵێسە دروست کرد بێگومان ئەمانەش بوونە هۆی لاوازبوونی ئاینی زەردەشتی.

# بەهرام ی یەکەم و گۆڕانەکانی تر

بەهرام ی یەکەم لە ساڵی 272-275 ز هاتە سەر تەختی پاشایەتی و بووە پاشای وڵاتی ساسانیەکان، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتیدا پێشوازی لە ئاینی (مانی) کرد و گوێی بۆ ڕاگرت.. بەڵام کاتێك کە مەترسی ئەوەی کرد کە ئاینی مانی پەرە دەستێنێ هەستا بە چەوساندنەوە و کوشتنی ئەوانەی کە باوەڕیان پێی هەیە.. هەروەها لەگەڵ مەسیحیەکانیشدا هەندێك جار نەرم و زۆر جاریش ڕێگەی لێ دەگرتن، بەو جۆرەش ڕەفتاری ساسانیەکان مایەوە تا ساڵی 313ز[39] . ئیمبراتۆری قوستەنتین لەو ساڵانەدا نامەیەکی بۆ ئیمبراتۆری ساسانی نارد و لە نامەکەدا ستایشی ساسانیەکان دەکات (باسی چاکەو باوەڕی مەسیحی دەکات و باس لەوە دەکات کە خودای مەسیحیەکان چۆن یارمەتیانداوە بەسەر دوژمنەکانیاندا سەربکەون.. هەر لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوە دەکات و دەڵێ:

(کە بیستم ئەو ناوچە جوانانەی وڵاتی ساسانییەکان پڕبووە لەو پیاوانەی کە مەسیحیەت بڵاودەکەنەوە من لێرە دەپاڕێمەوە داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم بۆ تۆو بۆ ئەوانیش لە باوەڕدارە مەسیحیەکانن کە (کوردن) لەبەرئەوە باوەڕی تۆ مەزنە داوات لێدەکەم بیانپارێزە) بێگومان ئەم نامەیە ترسی خستە دڵی دەسەڵاتدارە ساسانیەکان و دەترسان کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە لە نێوان هەردوو وڵاتدا لەوکاتەدا وەفادارێتی باوەڕدارە مەسیحیەکان بۆ لای ئیمپراتۆریەتی قستەنتین دەشکێتەوە[40].

له ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی زاینــی ساسـانیەکان لـه هـەوڵدانی کوشـتنی (خسرۆف)دا بوون (پاشای ئەرمینیا) بەڵام ئەو کەسـەی دانرابـوو بـۆ کوشـتنی پاشا خـۆی و هـەموو بنەماڵەکـەی کـوژران لـه لایـەن ئەرمەنیەکانـەوە، تەنـها منداڵێك لەو خێزانە ڕزگاری بوو کە ناوی (غریغوریوس) بوو ئـەم منداڵـە بـۆ ناوچـەی کـەبدۆکیا بـراو پەروەردەیـەکی مەسـیحیانەی لێکـرا.. بـەڵام کـوڕی پاشـای کـوژراو (خسـروف) کـە نـاوی (تـردات) بـوو ڕای کـرد لـە دەسـتی ساسـانیەکان و وە بـوو بـە سـەربازێکی سـوپای ئیمبراتۆریـەتی ڕۆمـانی. دقلدیانوس یارمەتی دا بوو بۆ گەڕانەوەی تەختی پاشایەتی باوکی.

لـە سـاڵی 286ز دا غریغوریـوس گەڕایـەوە بـۆ وڵاتـی ئـەرمینیا بـوو بـە فەرمانبەر لە کۆشکی پادشـادا (تـردات) بـەڵام کـە زانیـان ئەمـە کـوڕی بکـوژی باوکیەتی و زۆر چالاکـە لـە بڵاوکردنـەوەی مزگێنـی بـاوەڕی مەسـیحیدا، پاشـا (تـردات) خسـتیە بەندیخانـەوەو فـەرمانی ئەشـکەنجەدان و کوشـتنیدا. بـەڵام (غریغۆر یوس)نەکوژراو بوو بە بلیتێـك بـۆ ڕزگـاربوونی کـوڕی پاشـاو زۆر لـە فەرمانبەرانی کۆشکی پاشا لە ڕێگـای چـەند خـەونێکی خوشـکی (تریـدات)ەوە کە لە خەویدا ئەگەر براکەی، (غریغۆر یـوس) لـە بەندیخانـە بهێنێتـە دەرەوە هـەموو نەخۆشـی و ناخۆشـیەك لـە وڵاتەکـەیدا نـامێنێت، هـەروەهاش غریغۆریوس بو بە ئەسقەف لەسەر کلێسای ئەرمینیا لە ساڵی 294ز[41].

بەم جۆرە هەوڵدانی کوشتنی خسرۆف بوو بە هۆی ڕزگاربوونی بنەماڵـەی خسرۆف و وڵاتی ئەرمینیا لە لایەن کوردە ساسانییەکانەوە.

بـەم شـێوەیە بـاوەڕی مەسـیحی سـێ سـەد سـاڵ درێـژەی پێـدرا لـەناو کوردەکـانی ئیمبراتۆریـەتی ساسـانیدا، هـەر لـەو ماوەیـەدا موژدەبەخشـەکانی باوەڕی مەسیحی تاڵترین و ناخۆشترین چەوسـاندنەوەو ئـازار و ئەشـکەنجەیان چەشت بە تایبەتی بە دەسـتی پیـاوانی ئـاینی زەردەشـتی و جولەکـەوە.. هـەر

بەم جۆرە باوەڕی مەسیحی لە شار و شارۆچکەو گوند و هەموو کون و قوژبنێکی وڵات و وڵاتانی نێوان دوو ڕووبارداو هەرێمی حەدیاب و بێت کرمانی (گەرمیان) لایەنگری و خەڵکی باوەڕدار بە مەسیحی لەناو کوردەکاندا بڵاوبوەوە چونکە زۆر لەو کوردانە بوونەتە موژدەبەخش و ڕوویان کردۆتە وولاتانی تر وەك (هیند و ئەرمینیا)[42]. تەنانەت هەندێکیشیان لە ئۆرشەلیمەوە ڕوویان کردۆتە باشووری ئەفەریقیا بۆ بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحی، هەندێکیشیان شەهید بوون لەسەر ئەم ڕێبازە و زۆریشیان لێ بونەتە ڕێبەرانی کڵێسا وەك قەشەو ئەسقوف و مەتران و پەتریارك.

# پەراوێزەکان:

* فیلس: هەندێ لە مێژوونوسان باس لەوە دەکەن کە فیلیس خۆی  کوردە بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیـیە.

** بەردیسـان: مامۆسـتایەکی سـایەکی ڕۆحـی مەسـیحی بـوو کـە لـە ڕێگـای هەسبس أسقفی ڕەها باوەڕی بە مەسیح هێناوە کە هەسـبس یـەکێك بـوو لـەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مەسیح هێنابوو وە ئاینی زەردەشتی  خـۆی گـۆڕی وە هــەوڵی دا زۆر لــە هــەواڵ و مێــژووی ئـــەو ســـەردەمە بـــە زمـــانی ئـــارامی بڵاوبکاتەوە. بەڵام هەسبس لە ساڵانی 339-342 ز کوژرا  لەسـەر دەسـتی پاشـای ساسانییەکان

*** میللەتی مەسیحی نوێ: مەبەستی لەو میللەتە نوێیانەیە کە  هاتبوونـە سەر باوەڕی مەسیحی کە بریتی بوون لە پارت و ماد و فارس.

**** مرگەوداسـن: ئـەو شـوێنانە دەگرێتـەوە کـە لـە نێـوان خۆرئـاوای زێـی گەورە تا ڕۆژهەڵاتی ئازەربایـنجان.

***** فار قلیت: وشەیەکی یۆنانی‌یە بە واتای دڵنەوایی کەر (معزی) کە  لـە ئینجیلـی پـیرۆزدا یوحـــەنا بەشـی 15 بڕگـەی 26دا هـاتووە و دەڵـێ: (کـاتێك یارمـەتی دەدرێـت ئـەوەی مـن لـە لایـەن باوکمـەوە بۆتـان دەنـێرم، ئـەو ڕۆحـە ڕاسـتیەیە کـە لـە باوکـەوە هـەڵدەقوڵێ، ئـەو شـایەتیم بـۆ دەدات) هــەر بۆیــە شاپوور ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە بۆ ســەلماندنی پێغەمبەرایەتییەکـەی خـۆی

بەڵام بە داخەوە شاپور نەیزانیوە  کە فارقلیت (ڕۆحی پیرۆز)ە دوای 50 ڕۆژ لە خاچ دانی مەسیح هاتۆتەدی کە لە کرداری  نێردراواندا بەشی دوو بڕگەی 4-1 باسی دەکات.

****** هرطقة : واتا قسەی هەلەق و مەلەق.

# بەشی چوارەم

## بەیاننامەی میلانوو قوربانی کوردە مەسیحیەکان

پاشای قوستەنتین ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی بیزنتینی ساڵی 313 زاینی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی بەیان نامەی (میلانۆ) ناوبراوە (لەو بەیاننامەیەدا ئاینی مەسیحی کردە ئاینی ڕەسمی وولاتەکەی و چەوساندنەوەو ڕاونان و ئازاردانی مەسیحیەکانی قەدەغەکرد)[43]. وەکو زانراویشە دواتر خۆیشی بۆتە مەسیحی. بەو کارە ڕۆمەکان ئاینی مەسیحیان کردە چ ەکێکی کاریگەری دەستی خۆیان دژ بە ساسانیەکان، ئەوانیش هەر لە سەرەتای هاتنیانەوە ئاینی زەردەشتیان بەسەر ئاینەکانی تردا باڵادەست کردووەو کردویانە بە ئاینی ڕەسمی وولاتەکەیان، وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە نامەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کرد و بەیان نامەی میلانۆش ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە کاربەدەستانی ساسانی بە گومانەوە سەیری هاوڵاتی مەسیحیان کردووەو بە چاوی پاراستنەوە هەمیشە ئاگاداری جموجوڵی مژدەبەخشەکان بوون بە تایبەتی لە کاتی گەڕانی شار بە شار و وڵات بە وڵات دا ئەمەش کاری کردە سەر کزی چالاکی مژدەبەخشەکان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش باری ژیانیان بە هۆی چەوساندنەوەوە خراپ دەبوو، چونکە


بەیان نامەی میلانۆ کوردە مەسیحیەکانی کرد بە قوربانی سەربازی نێوان ساسانیەکان و ڕۆمەکان ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە مەسیحیەکان بوون بە قوربانی ئاینی لە نێوان ئاینی زەردەشتی و ئاینی مەسیحیدا.

شاپووری دووەم (309-379ز) دەسەڵاتداریێتی ساسانیەکانی دەکرد شاپور بۆ ئەوەی خۆی ڕابگرێت بەرامبەر بە ئایدلۆژیا و باوەڕی مەسیحی دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هەموو دەقەکانی ئاویستاو سەرپەرشتی دارشتنەوەی دەقێکی هاوبەشی کرد کە لەساڵی (325 ز) تەواوکراو بوو بە کتێبی ئاینی ڕەسمی دەوڵەت.

شاپور بەمەش ڕانەوەستا، بۆ بیانوویەك دەگەڕا لە دژی کوردە مەسیحیەکان بۆ ئەوە تەواو چاوترسێنیان بکات بۆیەش دەستی کرد بە گرتنی موژدە بەخشە کوردەکان. لەم کاتەدا ئیمپراتۆری قوستەنتین لە ساڵی (337ز) هەڵمەتێکی سەربازی گەورەیان دژ بە ساسانیەکان کرد، ئەمەش باری کوردە مەسیحیەکانی تەواو خراپ کرد، دەوڵەتی ساسانی ئەم هێرشە بە ڕزگارکردنی کوردە مەسیحیەکان دەزانی بۆیە دوو جار باجیان خرایە سەر و دەست بەسەر پارەو پولیان دەگیراو کەوتنە کوشتنی کاهینە مەسیحیەکان، تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە (ئەسقۆف/ شیمون)ی مەدائن بانکرا بوو بۆ ئەوەی بەرامبەر بە ئیمبراتۆر ڕابووەستێت.

ئیمبراتۆر لێی دەپرسێت: بۆچی کڕنۆشم بۆ نابەیت وەکو جاران؟ شێمون وەڵامی دەداتەوە: (لەبەرئەوەی پێشتر دەست و قاچم بە زنجیر نەبەسترابووەوە هەروەها تۆش قەت داوای ئەوەت لێ نەکردوم کە واز لە ڕاستی خودا بهێنم؛ دوای ئەوە لە ڕۆژی دواییدا کە ڕێکەوت بوو لەگەڵ ڕۆژی (هەینی خاچ) شەهید کرا، شایەنی باسە ئەم بانگکردنەی شیمون بۆ ئەوە بوو کە سەیری تەرمی سەد ئەسقۆف و پیرو پیاوانی ئاینی مەسیحی کورد بکات)[44]. و داوای ئەوەشیان لێکردبوو کە داوا لە کوردە مەسیحیەکان بکات کە دوو جار باج بدەن بە دەوڵەت.

دوای کوشتنی شیمون بارو دۆخێکی ناخۆش خوڵقا  لە ناوچەکەدا مێژوو نووسانیش باس لەوە  دەکەن کە ئەو باجە بە مەسیحیەکان نەدەدراو، بەو بیانوەش ئەشکەنجەیان دەدان هەتا ئەگەیشتە کوشتن و ڕوخاندنی کڵێسا و دێرەکانیان[45].



**ئەمە وێنەی ئەو جێگایەیە کە ئیرۆن پاشای ڕۆما باوەڕدارە مەسیحیەکانی تیادا چەوساندۆتەوە**

## دەوڵەتی ئەرمەنستان و مەسیحییەکان لە گۆڕانەکاندا

دەوڵەتی ئەرمەنستان هاوکاری مەسیحییەکانی دەکردوو باوەڕی مەسیحی لەم وولاتەدا فراوان بوو زۆر زوو گەشەی کرد ئەمەش بێگومان کاری کردە سەر چالاکی موژدەبەخشەکانی ولاتی ساسانییەکان.

ئەمەش ڕقی خستە دڵی شاپوری دووەمەوە و لەبەرئەوەی ئەرمەنستان ولاتێکی سەربەخۆی خۆی بوو سەر بە ساسانییەکان (بۆیە لە ساڵی 368ز ناردی بە دوای (أرشاکی دووەم) و لە تەیسەفون گرتی و چاوەکانی دەرهێنا و داوتریش کوشتی ئەوسا پەلاماری ئەرمەنستانی داو کەوتە سوتاندنی کلێساکانیان و ئازار و چەوساندنەوەی باوەڕدارانی مەسیحی هەتا ناچاریان بکات بێنە سەر ئاینی زەردەشتی)[46].

تەبەری هەندێك هەواڵ بلاودەکاتەوەو دەڵێ: (هەندێك هۆزی ئێرانی کە ماگی بوون نیشتەجێ ببوون لە هەردوو ناوچەی حدیب و بیت چەرمی و هەولێرو کەرکوك و ناوچەکانی دەوروپشتیان.. ئەم هۆزە ماکیانە کە ناویان هاتووە بە چەند کۆمەڵە خێزانێك، لە پێش هاتنە ئەم ناوچەیە دا باوەڕیان بە مەسیح هێناوە).

تەبەری ئەوەش ڕوون دەکاتەوە دەڵێ (گومان لەوە نییە کە زۆربەی پیاوماقولانی کلێسەو ئەو کەسانەی کە کلێسایان بەڕێوەبردووە لە بیت چەرمی و حەدیب و ناوچەی داسن و بیت عبهی.. هتد ئێرانی بوون و (زمان و کلتوور ڕەگەزیان) من پێم وایە ئەو ئێرانیانە کورد بوون لەبەر ئەوە ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ ڕاگواستنیان بۆ ئەو ناوچانە دەردەکەوێت کە ئەوانە ساسانی بوون لە ناوچە کوردەکانی ئێرانی ئێستاو ڕەوانە کرابن بۆ بەهێزکردنی لایەنی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ساسانی. هەروەها ژمارەشیان دەگاتە 12 هەزار خێزان لە ئەستەغەر ئەسفەهان گواستراونەتەوە[47].

ئەو هۆزە کوردە ئێرانیانە کە باوەڕیان بە مەسیح هێناوە هەموو ئەو ڕوداوانەیان چی لە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی یاخود ئەو ئازار و چەوساندنەوانەی کە لە لایەن ساسانیەکانەوە بوویان. هەموویان بە زمانی ئارامی نووسیوەتەوە و هەندێکیشیان لە کاتی چەوساندنەوەی شاپووری دووەم دا شەهیدبوون وەکو (هەسبس ئەسقەفی ڕەها) کە زۆر هەوڵی بڵاوبوونەوەی مزگێنی دانی داوە لە باوەڕی مەسیحی لەناو کوردەکاندا وەکو مامۆستایەکی ڕۆحی لاهوتیە، مەسیحییەکانی فێر دەکرد.. هەروەها شەهیدبوونی (شاهدوست) وە دەستگرتن بەسەر (128) ئەسقەفی ترداو دیسان چەوساندنەوەی مەسیحیەکان بە گشتی هەتا دەستەیەك ئەسقەفی تر شەهیدکران وەکو (ئەندریا ئەسقەفی دیرماری و داودی بەسرەیی و عەبدیشوع و ئەلکشکری و ئیبراهی لتستری) کە مێژوو نووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەموویان لە سەردەمی شاپووری دووەم دا شەهید کراون لەساڵانی (339-342)ز.

ئەمەش وایکرد کە باوەڕدارە کوردە مەسیحییەکان ئەو ناوانەیان بگۆڕن کە بە ئارامی ناونرابوون وەکو (فەرهاد بە ئەفراهاد) و دواتریش گۆڕی بە (یعقوب) کە بارەگای ئەسقەفەکەی نزیك موسڵ بوو، (بەم جۆرەش چەوساندنەوە هەر بەردەوام بوو هەتا ئەسقەفێکی تری کورد بەناوی (نرس) شەهیدکرا لە پیت چەرمی)[48].

چەوساندنەوەو کوشتار بەو جۆرە بەردەوام بوو، لەو (40) ساڵەدا ژمارەیەکی زۆری کوردی مەسیحی لە تەیسەفۆن و کەرکوك و هەولێر و نووسەیبین زۆر شاری تری کوردستان کوژران هەر لەبەر ئەو ماوەیە، لە مێژووی مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات داو بە تایبەتی مەسیحیە کوردەکان بە (چەوساندنەوەی 40 ساڵە بەناوبانگە)[49].

مێژوو نو وسی یۆنانی سونرومن سەبارەت بەو 40 ساڵە دەڵێت: (16 هەزار کەس کە زۆربەیان کوردی مەسیحی بوون لە وڵاتی ساسانیەکان ناسراون و ناو بەناو کوژراون و دەڵێ کەسێکی زۆرتریش کوژراوە جگە لەو ژمارەیەی کە من تۆمارم کردووە، بەڵام وادیارە ئەو ژمارەیەی کە ئەو تۆماری کردووە تەنها ئەوانەی کە ناویان زانراوە)[50].

هنری فلید سەبارەت بە شاری کەرکوك دەڵێت: (ئەم شارە وا ناسراوە کە جێگای قەبری "دانیاڵ و میشخ و عبدنفو" یە هەروەها ئەو لەسەردەمانێك سەنتەرێکی ئەسقەفێکی گەورەیە لە ئەسقەفەکانی کڵێسای ڕۆژهەڵات، هەروەها دەڵێت گردێك بە ناوی (تهماز گرد) لە دەرەوەی کڵێساکەیەو وایش باوو بووە کە خەڵکەکە بۆ ئەوێ دەنێران بۆ ئەوەی بیانکوژێ و شەهیدیان بکەن. هەر لە دوای چەوساندنەوەکەی شاپوری دووەم لە سەدەی چوارەم دا ئەم ناوە نرا بەو جێگایە (تهماز گرد)، کە گوایە ئەو لە سەردەمی حوکمی یەزدگردی یەکەم باوەڕی مەسیحی هێناوە[51].

بەڵام کڵێسا هەر کۆششی کردووە بۆ مانەوەی مژدەبەخشین سەرەڕای ئەو هەموو زۆر و ستەمە و کوشتارەی کە لێی کراوە.

## شەهیدبوونی مار بەهنام و سارای خوشکی

دیارە بە پێی بەڵگە مێژوویەکان چەوساندنەوەو کوشتار هەر بەردەوام بووە هەتا سەدەی 4 ز لەو ساڵانەدا مار بەهنام و خوشکەکەی (سارا) کە هەردووکیان لەسەر دەستی مارمەتی خاوەنی دیری بەناوبانگ لە شارۆچکەی بەعشیقە سەر بە قەزای موسڵ باوەڕیان بە مەسیحی هێناوە لەبەرئەوەی باوکیان پارێزەری شارێك بووە لە شارەکانی ئیمبراتۆریەتی ساسانیدا بۆیە تەواو توڕە بوە و فەرمانی کوشتنیانی داوە.. ئێستاش لەو ناوچەیە دێریك بە ناوی دیر ماربەهنام کە پێی دەوترێت دیری خدر هەیە کە بە جوانترین و کۆنترین کڵێسەکانی ڕۆژهەلات دادەنرێت چونکە شوێنەواری و کتێب و نەخشی زۆری تێدایە. (بۆ زیاتر زانیاریش هەموو ساڵێك لە 10ی کانونی یەکەم بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك دەگێڕن لە هەموو لایەکی موسڵ و گوندەکانیدا خەڵك ڕووی تێدەکەن و ڤیستیڤاڵێکی خۆش و گەورە ساز دەکرێت بۆ ڕێزگرتن لە شەهید مار بەهنام و سارای خوشکی)[52]. هەروەها مەسیحیەکانی شاری کۆیە دوو ڕۆژ دوای هەستانەوەی مەسیح ئاهەنگێك دەگێڕێ بە بۆنەی شەهیدبوونی ماربهنام (مارییین).

هەر سەبارەت بە مار بەهنام و سارای خوشکی چاوم کەوت بە کاك سۆران کە خەڵکی شاری کۆیەیە.. باسی باوەڕهێنانی بەهنام و سارای خوشکی بۆ کردم. کە ئەوان منداڵی مێرێکی ناوچەیی بوون لە میرەکانی ئیمبراتۆریەتی ساسانی، ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهنام دەچێت بۆ ڕاوکردن پیاوێکی پیر دێتە ڕێگای و باسی مەسیحی بۆ دەکات، زۆر جار ئەم ڕوداوە ڕوی دا تا گەیشتە

ڕادەی ئەوە کە بەهنام باوەڕبهێنیت و دواتریش سارای خوشکی. کە هەواڵەکە بڵاوبۆوە باوکی کەوتە چەوساندنەوەیان و ڕایان کرد بۆ ناوچەی کۆیە، هەروەها دیسانەوە لە ناوچەی کۆیەش کەوتنە چەوساندنەوەیان و ڕایان کرد بۆ ئەلقۆش لە نزیك موسڵ وە هەر لەوێ شەهید کران.

(نەستوریان قدیس ئۆجین) و شاگردەکانی کە زۆربەیان کورد بوون بە دامەزرێنەری زۆربەی دیروکلێسەکانی کوردستان دادەنرێن لەو سەردەمەی کە شاپور تیایدا ژیاوەو لە ساڵی 363 ز دا کۆچی دوای کردووە)[53].

ئەمەش ئەوە دەردەخات لەگەڵ ئەوانەشدا سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوەو ئازاردانەی کە هەبووە، کوردەکان وازیان نەهێناوەو خەریکی پەخشکردنی پەیام بوون لە باوەڕی مەسیحیدا لەناو کوردەکان و دەرەوەی وڵاتیشدا.

## هەڵهاتن لە ساسانەوە بۆ هند

زۆر و ستەمی شاپووری دووەم کاریکی کردووە کە زۆر لە باوەڕدارەکان ئەو ئیمبراتۆریەتە بەجێ بهێڵن داب و نەریتی کلێسای مارتۆمای هیندی باسی ئەوە دەکات کە کەسێکی تر بە ناوی بازرگان ڕووی کردۆتە وڵاتی هیند لەگەڵ 400 کەسی تری مەسیحی لە وڵاتی ساسانەوە لە ساڵی 345ز.

هەر ئەم داب و نەریتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەسەڵاتداری هیند هەندێك أمتیازاتی داوەتە ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی ساسانەوە بەرەو هیند هاتوون. هەر لە بەڵگەنامەیەکیشدا کە بە زمانی سریانی نوسراوە ناوی کەسێکی تر دەهێنێت بەناوی (داود)ی ئەسقەفی بەسرەو خلیجی فارس کە وەکو موژدەبەخشێك بەرەو هیند ڕۆیشتووە لە ساڵی 300 ز لەو

بەڵگەنامەیــەدا ئــەوەش ڕوون دەکاتــەوە کــە ئــەم داودە هــاوڵاتی وڵاتــی ساسانیەکان بووەو گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەگــەر کوردبووبێت. جگـە لەمـەش بەڵگەنامەی تر زۆرە لەسـەر ڕۆشـتنی بـاوەڕداری مەسـیحی کـورد بـۆ دەرەوەی وڵات و تێکۆشـانیان بـۆ بـاوەڕی بـەرزی مەسـیحی ئەگـەر سـەیری بڕیارەکـانی کۆبوونەوەی نیقیە بکەین و لەو ئیمتیازانەی کە لەسەری ڕێکەوتوون لەسـەر باوەڕی کڵێسە سەبارەت بە مەسـیح نـاوی (یوحـەنا)ی فارسـی دەبینـین کـە لـە وڵاتی ساسـانی هـاوڵاتی بـووەو لـەو کۆبونەوەیـەدا بەشـداربووە لـە بەرامبـەری ناوی خۆی دەنوسێت (لە هەموو کڵێسەکان لە وڵاتـی ساسـان و هینـدی مـەزن) هــەروەها کۆزمۆســی ئەســکەندەری لــە کتێبەکــەیدا بــە نــاوی تۆبۆغرافــی مەسیحیەت کە لـە ساڵی 547ز نوسـراوە باشـترین بەڵگەنامەیـە لەسـەر بوونـی کـوردە مەسـیحیەکان و مـژدە بەخشــەکانی تـری دنیـا لـە باشـووری ئاسـیا.. کوزمۆس دەنوسێت و دەڵێت: (مزگێنی ئینجیـل لـە هـەموو جیهاندا درا.. مـن ئەم ڕاستیە دەنوسم کە چۆن بینیومەو بیستومە لە شوێنی تر زۆر لـە سـیلان کڵێسە هەیە شۆان و کۆمەڵەی لە باوەڕداران لـە وڵاتـی مارابـار کـە ئێسـتا پێـی دەوترێت کیران و لە ناوچەی کالیانا (لە نزیك بۆمبای) ئەسقەفێکی لێ بوو لـە وڵاتی ساسانیەکان.. هـەروەها لـە سـومەترا هـەندێك کـاهین و پیـاوی ئـاینی و پایەبـەرز هـەبوون کـە کوردبـوون لـە وڵاتـانی ساسـانی.. هـەروەهاش لـە وڵاتـی ساسان کە کڵێسـایەکی زۆر و کۆمەڵەیـەکی زۆر باوەڕیـان بـە مەسـیح هێنـاوە.. شایەنی باسیشە لە حەبەشەو ئەکسیون و یەمەن و دوورگەی عەرەبی بـاوەڕی مەسیحی هەبوون)[54].

بەو جۆرە باوەڕدارەکان لە ڕەوتی مزگێنی بەخش کـردن و بڵاوبوونـەوەی بیروبڕوای مەسیحی دا بەردەوام بوون تەنانەت لە کـاتی شـەڕو ڕەت کردنـەوەی کوشتاریشدا ئەوەتا مێژووی سەربازێك دەخوێنینــەوە بـە نـاوی (مارسـیلیۆس)

که سەربازێکی ڕۆمانی بووە لە کاتێکدا کە هەردوو ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی و ساسانی خەریکی کۆکردنەوەی خەڵکی بوون لە هەموو پلەو پایەیەکی کۆمەڵ و پیاوانی ئاینیدا بۆ ئەو شەڕە قورسەی لە نێوانیاندا هەبووە بەڵام پیاوانی مەسیحی بە پێی بیروباوەڕی مەسیحی دژی ئەو شەڕانە بوون و دوورە پەرێز وەستاون و بەشداریان نەکردووە چونکە باوەڕەکەیان ڕێگەی کاولکاری و کوشتنی خەڵکی پێ نەداون هەر بۆیەش سەرکردەی ڕۆمانی (ترتلیان) بەتوڕەیی دەڵێ (شەڕ شتێکە دەبێ مەسیحیەکانیش بیکەن) ویستی مەسیحیەکان بکاتە قوربانی ئەو شەڕە بەڵام مەسیحیەکان لە باوەڕی خۆیان لایان نەدا ئەوەتا نموونەی (مارسیلیۆس)مان لایە کە باوەڕی بە مەسیح هێنابوو ئەو بڕیارەی ڕەت کردۆتەوەو دەڵێ: (ئەم هێمایە سەربازیانە کە خەڵکی و من هەمە هەمووی هی خودایە بەڵام لە بەردوو لە دار)، هەروەهاش ئاگاداری کردنەوە، پەیمانێکی لەگەڵ عیسادا بەستووە کە لە هەموو پەیمانەکان گەورەترەو نابێت لەبەر خاتری شەڕێك بیشکێنیت کە مەسیح ڕازی نیيە لەسەری هەر بۆیەش لە ساڵی 298 ز لەناو مەیدانی شەڕدا ئەم سەربازەیان سەربڕی[55].

ئەم هەڵوێستەش کارێکی کرد کە هەموو مەسیحیەکانی وڵات دژی شەڕ ڕابوەستن و بەشداری نەکەن.

## پاشای ساسانیەکانی تروباری مەسیحیەکان

ئەردەشێری دووەم لە سالآنی 379-383ز دەسەلآتدارێتی ئیمبراتۆریەتی ساسانییەکانی کردووە. دوو سالّ دوای هاتنە سەرکاری کوشتارو چەوساندنەوەی کوردە مەسیحیەکانی ڕاگرت.. بەلآم ئازادی ئاینی لیّ قەدەغەکردن لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی و ئاینی لەو سەردەمەدا.

له دوای ئەردەشێری دووەم شاپووری سێهەم هاتە سەر تەختی پاشایەتی ساسانیەکان.. لە ماوەی دەسەلآتدارێتیدا باوەڕی مەسیحی بوژانەوەیەکی گەورەی بەخۆوە گرت، و هەستا بە هەنگاونانی شتی چاك وەك لە سالّی 387 ز ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیانەی لەگەلّ ڕۆمەکاندا مۆرکرد کە زۆر بە سوود بوو بۆ کوردە مەسیحیەکان کە دیسانەوە دەرفەتیان بداتێ مزگێنی لەناو کوردە زەردەشتییەکاندا بلآوبکەنەوە. بەم پێیەش زۆربەی مێژونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە سەردەمی دەسەلآتی شاپووری سێهەم دا بوژانەوەی ئاینی مەسیحی بوو لە کوردستاندا، بۆ گەڕان بە دوای ئەم ڕاستیەشدا مێژووی کلێسە کۆنەکان لە سەردەمی شاپووری سێیەمدا دروست کراون. جگە لەوانەش کلێسای کوردی لەوکاتەدا موژدەبەخش و نێردراوی بۆ ولآتانی تر ناردووە وەك، ئەرمەنستان و هند و تورکیا.

له دوای شاپووری سێهەم، بەهرامی چوارەم هاتە سەر تەختی ساسانیەکان بارودۆخی ئاینی و سیاسی بەو ئارامیە. مایەوەو زمانی ئارامی بە باشی بلآوبووەوە لەناو کوردە مەسیحیەکاندا هەر بۆیە دەبینین نامە ئالّوگۆڕکردن

له نێوان کلێسەکان بە زمانی ئارامی لە سالأنی 399-420 ز یـزد گـوردی یەکـەم هاتە سەر تەختی ساسانیەکان.

یەزکورد: مێژوونوسان بە چاکی باسی دەکەن لەوانە:

پیرنیـا لـە مێـژووی ئـێراندا دەڵێ (مێژوونوسـانی بیـانی باسـی یـەزگوردی یەکـەم دەکـەن کـە پیاوێکــە بـاش و جوامــێر بــووە هەرچییــەك بیویســتایە دەیکرد و لەگەڵ مەزهەبی ئـاینی موگـان نەئـەگونجا و ئـەوانیش بـە گوناهبـار ناویان برد.

هـەروەها لـە سـاڵی 409 لەگـەڵ مەسـیحیەکان ڕەفتـاری زۆربـاش بـوو هــەر بۆیە دەبینین ئەو ئازادی ئاینی دا بە مەسـیحیەکانی وڵاتـی خـۆی تـا گەیشـتە ڕادەی دروستکردنی کلێساو دێڕو جێگای پەرستنی ئاینی مەسیحی(56).

لەبـەر چـەند ناکۆکیـەکی ئـاینی لـە نێـوان یـزد گـوردو پیـاوانی ئـاینی زەردەشـتی لـە دوایشــدا نەگەیشـتینە هیــچ چارەســەرێك بــۆ کێشــەکە. بـەم جۆرەش پیاوانی ئاینی زەردەشتی کەوتنە دژایـەتی یزگـورد و ناویـان نـا (یـزد گـوردی گونـاح کـار) هـەر بۆیـە یزدگـورد کەوتــە ئــازاردان و چەوسـاندنەوەی گـەورەپیاوانی ئـاینی زەردەشـت و خـودی ئـاینی زەردەشــتی.. بۆیــە ئەمــەش پیـاوانی مەسـیحی لـە خـۆی نزیـك کـردەوەو بـەیان نامەیـەکی بڵاوکـردەوە لـە ساڵی 409ز کە ڕێگەی بە مەسیحیەکانی وڵاتەکەی دا بە ئازادی خواپەرستی و کـارە ئاینییـەکانی خۆیـان بکـەن و دێـرو کلێسـا دروسـت بکـەن.. هـەر بۆیــەش مــاوەی هاتنــە ســەر تــەختی یزدگــورد نــاودەبرێت بــە ســاڵی زێڕیــن بــۆ مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات.

## دەسەڵاتی بەهرامی پێنجەم (420-440ز)

بـەهرامی پێنجـەم لـە سـاڵانی 420 هاتـە سـەر تـەختی ساسـانیەکان بـە یارمـەتی پیـاوانی ئـاینی زەردەشـتی هـەر بۆیـە مـل کـەچی پێشـنیاز و فەرمانـەکانیان بـوو.. ئـاگری مەسـیحیەتیش بـە جۆرێـك هـەڵی کردبـوو کـە زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکـەی گرتبـووەوەو هـەروەها کاربەدەسـتانی کۆشـکی پاشاش. هەر بۆیەش بەهرام فەرمانی دا بە چەوساندنەوەی مەسیحییەکان بە ڕاونان و کوشتنیان ئەمەش بە هـاندانی (میـهر شـاپوور)ی موبـەدی موبـەدانی زەردەشتی بوو.. هەر بۆیەش زۆربەی بـاوەڕداره مەسـیحییەکان پـەنایان بـردە بەر دەوڵەتی ڕۆمی بیزەنتی و بارودۆخی وڵاتیش نائارامی بە خۆوە گرتبـوو.. بۆیە بەهرام داوای لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کـرد هـەتاکو پەنابـەرەکانی بداتـەوە بـەڵام کـە ئیمپراتۆریـەتی ڕۆم داواکاریەکـەی ڕەت کـردەوە و ئیـتر بـەهرام بەرامبەر دەوڵەتی ڕۆم وەستا لەشکرێکی گـەورەی کۆکـردەوە و هێرشـی کـردە سەر وڵاتـی ڕۆم. بـەهرام لـەم شـەڕەدا دۆڕاو ناچارکرا لـە ساڵی 422 ز پـەیمان بدات کە واز لە چەوساندنەوەی مەسیحیەکان لە وڵاتەکەیدا بهێنن[57].

دوای خۆیشی کە یزد گوردی دووەم هاتە سەر تەختی ساسانیەکان ئەویش هەمان بیروبۆچونی ئەوی هەبوو لە چەوسـاندنەوەی کـوردە مەسـیحیەکاندا و بـە جۆرێکـی نـوێ دەسـتی بـە ئیشـکردن کـرد تـاکو ئـاینی مەسـیحی لـەوڵاتی ئەرمینیادا بڵاونەبۆتەوە هەوڵ بدات ئەرمینیەکان بە ئاینی زەردەشتی ئاشنا بکات و ئاگردان دروست بکەن تاکو لە ئێران جیا نەبنەوەو بۆشایی سیاسی لە

ناوچـەکانی بـاکوور دروست نـەبێت کـە لـەو سـەردەمەدا ململانێـی سیاسـی و ئاینی هەبوو لە نێوان ڕۆمە کان و ساسانیەکاندا هـەر بۆیـە یـەزدگوردی دووەم زۆر هـەوڵیدا ئـازاردانی شـاراوەی مەسـیحیەکان بـدات بـە نەهێشـتنی و بڵاوبوونـەوەی ئـاینی مەسـیحی و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش یـەزد بـۆ ئـەرمینیا ڕۆیشـت و شـەڕێکی خوێنـاوی لـەناو ڕائـیر درگرفـت سـەرداری سـوپای ئەرمینیـەکان و ئـەردان مـامی کـەنی کـوژراو ڕێبـەری ڕۆمانیـەکانی ئەرمـەنی لەگەڵ دە کەسی تر لە قەشـە گـەورەکانی بـەدیل گـیران. دوای ئەمـە ئـارامی و هێمنـی جـارێکی تـر بـاڵی بەسـەر وڵاتـدا کێشـایەوەو ئاگردانـەکانی زەردەشـتی دیسانەوە داگیرسایەوە[58].

هەر بۆیە بە پێی خوێندنەوەمان بۆ مێـژوی دەسـەڵاتی ساسـانیەکان ئـەوە دەردەکەوێت کە مامەڵەکردنی دەسـەڵاتیان پـەیوەندی بـە ئـالْ و گـۆڕی نێـوان هەردوو ئیمبراتۆریەتی ساسانیو- بیزەنتینیيەوە هەبووە.

لـە هـەموو ئـەو ئاڵوگۆڕانەشـدا مـژدە بەخشـە مەسـیحیەکان هـەر بـە بیروباوەڕی بەرزی مەسیحیەکانەوە کۆڵیان نەداوەو بەردەوام مژدەیان پـەخش کردۆتەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.. زۆر لەوانـە بونەتـە ڕەبـەن و گـەڕیدەی شاخ و کێو و ئەشکەوتی وڵاتان.

## مارمیخای نەوهەدری

مارمیخــا کــە یەکێکــە لــەو بــاوەڕدارە مەســیحیانەی کــە تەمــەنێی بەسەربردووە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ساسـانیەکاندا، لـە سـاڵی 309ز لـە کـاتی هاتنە سەر حوکمی شاپوری دوەم لـە دایـك بـووە.. هـەتا سـاڵی 429ز ژیـاوە کـە ساڵانی دەسەڵاتدارێتی بەهرامی پێنجەمە.

مارمیخا لـە ناوچـەی نـەوهدارا لــە باشــووری وڵات لــە دایــك و بــاوکێکی مەجوسـی لـە دایـك بـووە.. نـاوی بـاوکی میخـا (کورشـا) بـوو، بـاوك و دایکـی باوەڕی مەسیحیان هەڵگرت و لە ئـاو هەڵکێشـران لەسـەر دەسـتی (مـارئۆجین) مارمیخـا هـەر لـە منداڵیـەوە حـەزی لـە ژیـانی کڵێسـاو نوێـژو گۆرانــی ڕۆحــی کردووە.. هەر بۆیــە دایـك و بـاوکی خسـتویانەتە نـاو کڵێسـاو ژیـان پـەروەردی ئاینی مەسیحی. بە هۆی دووری کڵێساکە لە ناوچەکەی خۆیـان دایـك و بـاوکی سا ڵانە سەردانیان دەکرد و پارەو پولیان بـۆ دەبـرد. میخـاش لەگـەڵ ڕۆیشـتنی ئەواندا ئەو شتانەی کـە بۆیـان هێنـابوو بەسـەر هـەژاراندا دابەشـی دەکـرد لـە ناوچەکەدا.

مارمیخادا بەو جۆرە لە کڵێسادا مایەوە هەتا کتێبە ئاینییــەکانی مۆرکـردو ژیانی ڕەبەنایەتی گرتە خۆی هەر بۆیە لە دێـری مـارئۆجین نزیکـەی 20 ساڵ ژیـاو نموونــەی پیــاوی لــە خواتــرس و پــیرۆزی هــەڵگرت. مــارئۆجین بــووە خۆشەویسـتێکی مـەزن بـۆی و لـە مـاڵی خـۆی دایـنـاو لەبەرئـەوەی مــارئۆجین جیاوازی‌یەکی تەواوی هەبوو لە مامەڵە لەگەڵ کردنی لەگـەڵ ڕەبەنـەکانی تـر و میخـادا بۆیـە ماریخـا بـە تـەنیا لـە هـەرزاڵێکی بچوکـدا ژیـانی نوێـژ و ڕۆژوو

تێڕامان و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی بەسەر دەبرد و شەوو ڕۆژی خستبووە سەریەك بۆ خواپەرستی، هەر بۆیەش خودا بەرەکەتی چاك بوونەوەی نەخۆش و شێت و کوێر و شەلی پێداو لە هەموو لایەکەوە نەخۆشیان بۆ دەهێناو بە بەرەکەتی خودا چاکی دەکردنەوە. ماوەیەکی زۆر بەو چەشنە ژیا ئەوسا هەوای گەشتی قودسی لە مێشکی داو لەگەڵ دوو باوەڕداری تر کە خۆیان بۆ قودس ئامادە کردبوو کەوتە ڕێ و گەشتێکی قوڵی لەگەڵ دا کردن لە ڕێگا تووشی دز و ڕێگر هاتن کاتێك کە زانیان هیچیان پێ نییەو پارەو پول و سامانیان لە دەستدا نییە بە تۆمەتی جاسووسی بەستیاننەوەو لە ئەشکەوتێك فڕێیان دان هەر ئەو شەوە ئازارێکی زۆر کەوتە گیانی دزەکان بە درێژایی شەو لەناو نوێن و پێخەفەکانیاندا هەر هاواریان دەکرد.. لە دواییدا زانیان کە ئەو ئازارەیان لە خوداوەیە لەبەرئەوەی سێ کەسی باوەڕداریان لە ئەشکەوتەکەدا بەستۆتەوە.. کە پیاوی خودان هەر بۆیە کە خۆر هەڵات بە ڕاکردن ڕوویان کردە ئەشکەوتەکەو سێ باوەڕدارەکەیان ئازاد کردو داوای لێبووردن و بەخشینیان لێ کردن.. مارمیخاش تەنیا داوایەکی لێیان کرد کە واز لە کاری خراپە بهێنن و ڕووبکەنە خوا، دزەکانیش ڕازی بوون و تۆبەیان کرد و پە یمانیان دا جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەر ئەو کارە خراپەیەو دەست بەجێ ئازاریان نەما. مارمیخا دوای گەشتێکی دوور و درێژ گەیشتە شاری قودس و زیارەتی هەموو ئەو شوێنانەی کرد کە مەسیح تیایدا ژیابوو.. وە چاوی بە (بفلابیانس) کەوت مەترانی ئەنتاکیاوە بە بینینی میخا زۆر شادمان بوو پاش ئەوەی بە قوڵی باسی باوەڕی مەسیحیان کرد لە وڵاتەکانی خۆیانداو بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد (بفلابیانس) داوای کرد لە مارمیخا کە بێتە ئەسقەفی (تەڕسوسی*) ئەویش ڕازی بوو هەر بۆیە (بفلابیانس) دەستی خستە سەری و کردی بە مەترانی (تەر سوسی) دوای چەند ڕۆژێك لە

مەترانی، مارمیخا وون بوو کەس نەیزانی بۆ کوێ ڕۆیشتووە هەموو خەڵکی تەرسوس بە دوایدا دەگەڕان نەیاندۆزیەوە. چونکە میخا بە شەو دەرچووبوو بۆ ئەوەی بگاتە شاخی سینا بە مەبەستی ئارەزوو کردنی بۆ ژیانی تەنهایی و خواپەرستی هەر بۆیە زیارەتی ئەو جێگایەی کرد چونکە لێرەدا وەحی لەسەر موسا هاتبووە خوارەوە هەر بەو جۆرە ماوەی 20 ساڵ لەوێدا ژیاو شەو ڕۆژ خەریکی تێڕامان و نوێژ و خواپەرستی بوو لە یەکێك لە شەوەکاندا دوای نوێژێکی زۆر گەرم سروشتی (الهام)ی ئەوەی بۆ هات لە خوداوە کە بڕوات بۆ ڕۆژهەڵات و لە (ئەلقوش) کڵێسایەك دروست بکات.

خەڵکی ئەڵقوش باوەڕیان بە مەسیح هێنابوو، بەڵام دەردێك لە ناویان بڵاوبوەوە منداڵەکانیانی دەکوشت.. مارمیخاش داوای لێکردن بە پاکی تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ڕێگای ڕاست هەر بە تۆبەکردنیان دەست بەجێ دەردەکە وەستا منداڵەکان مردنیان لەسەر دوورکەوتەوە.. هەر بۆیە خەڵکی شارەکە مارمیخایان لا خۆشەویست بوو، ماڵێك و قوتابخانەیەکیان بۆ کردەوە ئیتر لەوە بەدواوە منداڵ و لاو گەنج لەو قوتابخانەیە لەلای مارمیخا دەرسیان دەخ وێند و لە هەموو ناوچەکانەوە خەڵکی بۆ فێربوون ڕوویان تێدەکرد هەتا لە ئێوارەیەك لە ئێوارەکاندا هەموو پیاوانی ئاینی مەسیحی و قوتابییەکانی کۆکردەوە و دوا وتارو دوا نوێژی بۆ خوێندن و هەستاو چاوی لێك ناو کۆچی دوای کرد لە تەمەنی 120 ساڵیدا[59].

## کاروانی شەهیدانی مەسیحیەت و لاوازی ساسانیەکان

لە ساڵی یەکەمی حوکمی بەهرامی پێنجەم دا زۆر لە پیاوانی ئاینی مەسیحی شەهید کران مەسیحیەکان هەر بە دوای بڵاوبوونەوەی مزگێنی دەگەڕان دەیان و سەدان مارمیخا بە شارو ئەشکەوت و گوندەکانەوە دەگەڕان (میر شاپۆ و فیرۆزی) کە پیاوێکی باوەڕداری تری مەسیحی بوون لە پیت چەرمی بە هۆی بیروباوەڕی بەرزیان شەهید کران.. لە هەمان کاتدا اسحاق انتاکی کە زیارەتی ڕۆمای کردوو بوو بە قەشەی شاری ئامەد (دیاربەکر). خۆی خەڵکی بیت چەرمی بوو کە دیارە بیت چەرمیش دەیەها دەم سپی تیاپەروەردە بووەوە بەرەو شارو وڵاتان بۆ پەخشکردنەوەی مزگێنی ڕۆیشتوون.

هەر یەکێك لەو دەم سپیانەی تر کە لە کڵێساکانی بیت ئارامیا بوون (جاسلیق باری کوڕی هورمز*)، هەر لەو ساڵانەشدا (جاسلیق سەبری یشوعی یەکەم) کە بوو بە شوان لە کڵێساکانی ناوچەی شارەزوورەوەو خوێندنی لە نوسەیبین تەواوکردووە و بووە بە ئەسقەفی لاشون (داقوقی ئێستا نزیك شاری کەرکوك) هەروەها ناسیالی شارەزووری کە کسرای دووەم لە خاچی دابوو.

بەم جۆرەش قەشەو ڕەبانە کوردەکان توانیویانە کارێکی زۆر بکەن لەوانە (شەموی کوڕی فاخو) لە پیت تاپیش شارەزووری ناسیالٚ شارەزووری لە سەدەی 7 ز توانی کارێکی زۆر بکەنە سەر ئەو هۆزانەی کە (ألکرت)

نیشتەجێ بوون و توانیان مزگێنــی مەسـیحییان پــێ بگەیـەنن و تـا ماوەیـەکی زۆریـش لەسـەر ئـەو بـاوەڕە دەڕۆیشـتن. ئەمانـەش بەڵگـەی کۆڵنـەدانی ئــاینی مەسـیحییە کـە مێـژووش ناویــانی تۆمــار کــردووە ئــەوەتا ئەڵمەسـعودی لــە کتێبەکەیدا باسی کوردەکانی یاقوبی جوسقانی مەسیحی کـردووە وە هـەروەها مـارکوبول باسـی کوردەکــانی نەسـائرە و یەعاقبــە دەکــات. کــە هــەردووکیان شایەتی بۆ ئەو مەسەلەیە دەدەن.

هەر لە سەدەی 7 ز میخا خازخا کە یەکێك بووە لە ڕەبەنــەکانی کڵێسا لـە (ئەربیل) و تەرفا (بیث سلوخ) کەرکوکی ئێستا کە بەردەوام مزگێنـی پـەخش کردووە جگە لەمانە پیاوێکی زۆری ئاینی مەسـیحی هـەبوون کـە لـە ئـەنجامی سیاسـەتی خراپــی دەوڵــەتی ساسـانیەکاندا بــە وڵاتـدا گـەڕاون و مزگێنیــان بڵاوکردۆتـەوە[60].. چونکـە ساســانیەکان لـە ئــەنجامی شـەڕی بــەردەوامیاندا لەگەڵ دەوڵەتی بیزەنتینی لاواز بووبوون و پاشان ململانێی ناوخۆیـان لەسـەر دەسەڵات.. لە ماوەی تەنها 8 سـاڵدا واتـە لـە (628-636ز) نـۆ پادشـاو دوو شـاژن فــەرمان ڕەوایــی یــان کـــردووە. تەنـــها لــە ســاڵی 634ز پێنـــج شــاو شــاژن فەرمانڕەواییان کردووە کە ئەو ساڵە (فـەرەخ زاد خسـرەو) لـە دەسـەڵات لادرا ئیتر کەسیان لـە بنەماڵەکـەی شـا نەدۆزیـەوە تـا بیکەنـە فـەرمانڕەوا هـەتا لـە دواییدا گەنجێکی ڕەشیان پەیداکرد کە گوایە کوڕی شایە لـە کۆیلەیـەکی ڕەش، ئـەم گەنجـە بـو بــە پادشــای ساسـانیەکان لـەژێر نــاوی یــزد گــوردی سـێهەم (634-642ز).

بە کورتی هـۆی لاوازبوونـی ساسـانیەکان جگـە لـە شـەڕ لەگـەڵ ڕۆمـەکاندا هۆی سەرەکیشی چەوساندنەوەیان بوو بۆ بیروباوەڕی مەسـیحی. کـە زۆر جـار پاشا ساسانیەکان ناحەقیان دەکرد و شەڕی دەوڵـەت و هاووڵاتیانیـان دەسـازاند هەر بە هەمان شێوەش ئیمبراتۆریەتی ڕۆمی لاواز بوو لـە کاتـێ ساسـانیەکاندا

ئەوە بوو هەستا بە چەوساندنەوەی مەسیحیەکان و بە هەزاران کەس لەژێر ئازار و تۆقاندندا ڕایان کردە ناو دەوڵەتی ساسانیەکان بەڵام کە وازی لە چەوساندنەوەی مەسیحیەکان هێنا و ئازادی ئاینی پێ بەخشین دەبینین ڕۆمی بیزەنتینی سەر لە نوێ وەکو گیا سەوز بوەوە.

## سەردەمی دەسەڵاتی کسرای پەروێز

کسرای پەروێزی دووەم (590-628ز) هاتە سەر تەختی ساسانیەکان، سەردەمی دەسەڵاتی کسرای هاوچەرخ بووە لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام دا هەر بۆیە کسرای کەوتە نێوان دوو شەڕەوە.

یەکەم: شەڕ لە دژی بڵاوبونەوەی ئیسلام.

دووەم: شەڕ لە دژی ڕۆمە کان (بەڵام ئەم جارە بە سەرۆکایەتی هەرقل).

ئەم باودۆخە کارێکی کرد کە ساسانیەکان وردە وردە بەرەو لاوازی بڕۆن لە لایەکی تریشەوە باری ناوخۆی وڵات تەواو لاواز ببوو لەبەر زۆری باج کە کسری بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاندبووی بۆ ئەوەی شەڕی پێ بکات بەمەش باری هاوڵاتیان زۆر ناخۆش ببوو هەر بۆیە ڕقیان لە کسری و موڵکی دەبوەوە[61]. بە پێی سەرچاوەکان ڕەفتاری کسری تۆزێك لە پاشاکانی تری پێشووی باشتر بوو لەگەڵ کوردە مەسیحیەکاندا هەر بۆیە (کوما ئەمرجی) ئەڵێت (کسرای پاشا لە هەرێمی (بلشفردا) دێرێکی بۆ شیرینی هاوسەری دروست کردووە)[62].

لە دوای کسری چەند پاشایەکی تر هاتنە سەر حوکم.. هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی کەم مانەوە لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی و نالەباری ساسانیەکان لەگەڵ هاووڵاتیانداو لەگەڵ وڵاتەکانی دراوسێیاندا سەرچاوەکان ڕایدەگەیەنن

کـە (کسـرای دووەم دوای هاتنـە سـەر حوکمـی چـەند کەسـێکی لـە مـوژدە بەخشەکان لە خاچ داوە وەکو (ناسیالی شارەزووری)[63].

هـەر لـەو سـالانەدا دوای (628-647ز) لەبـەر چەوسـاندنەوەو ئـازاردانی باوەڕداران لە ولاتی ساسانیەکاندا (هورمزوە ئەورهام) ڕویان کردە ناوچـەکانی موسلّ لـە چیـاو ئەشـکەوتەکانی ئـەو ناوچەیـە نیشـتەجێ بـوون هـەر لـەوێ دەستیان کرد بە دروستکردنی چەند کلێسایەك و دێرێـك هـەر بۆیـە هورمـز دێرێکی لـە ئـەلّقوش دروسـت کـرد کـە بــە ناوبانگـترین و کۆنـترین دێـر لـە عـێراقدا دەژمـێردرێت ئـەو دێـرە 40 کـم لـە بـاکوری ڕۆژئـاواوە دوورە نزیـك شـارۆچکەی ئـەلقوش ەو وەکو قەلایـەکی جـوان لـە نـاوەندی چیاکـەدا بـەرز بۆتەوە بۆ زیاتر زانیاریش هـەموو سـالێك لـە 8ی ئایـاردا پاتریاریکیـەی بـابلی کلدانی ئاهەنگ دەگێڕن بۆ یادی ئەوکاتە.

بە پێـی سـەرچاوەکان (مارئوراهـام لـە هورمـز جیابۆتـەوەو ڕووی کردۆتـە گوندی باتانیا (باطانیا ). دێرێکی تری دروست کردووە بەناوی دێری مارورەها کە دەکەوێتە ئەو دەشتەی نێوان موسلّ و ئەلّقوش و ئەو دێرەش لە سـەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینیـدا دروسـت کـراوە و لـە سالّی 1743ز و لەسـەر دەسـتی ناوشار توشی تالان کردن هاتووە[64].

(ئـەوراهام بـە ڕێکخـەری ژیـانی ڕەبەنایـەتی دادەنرێـت لـە سـەردەمی ساسانیەکاندا بۆ زیاتر زانیاریش هەموو سالێك لە 30 نیساندا بـەتریکی بـابلی کلدانی ئاهەنگێك بۆ یادی ئەوکاتە دەگێڕن)[65].

لێرەدا ئەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە دوای بـەیان نامـەی میلانـۆ کـوردە مەسیحیەکانی ولاتی ساسانی، بارودۆخیان زۆر ناخۆش بووە لە بلاوکردنـەوەو کـرداری ڕۆژانـەی ئاینەکـەیاندا و هەمیشـە بـە ژیـانێکی سـەخت و گیـان فیـدا توانیویانە مژدە بەخش بکەنەوەو وەکو کەسێکی مەسیحی بـیروبڕوای خۆیـان

پیادە بکەن چی لــە دروسـت کردنـی کڵێسـاو چـی لـە کـاری ڕۆژانـەی ئـاینیدا.. ئیتر هەمیشە بە دوای ئەو دەرفەتانەدا گەڕاون کـە بـارودۆخێکی ئاشـتی بـوەو شەڕ لە نێوان هەردوو ئیمـپراتۆردا کۆتـایی هـاتووە ئەوسـا بیروبـاوەڕی خۆیـان بڵاوکردۆتەوە.. بەڵام لە کاتی هاتنی ئەو پاشـایانەی کـە بـە یارمـەتی پیـاوانی ئـاینی دەهاتنــە سـەرتەخت ئــەوا کــوردە مەســیحییەکان تــەفروتونا دەکــران. ئەمەش دەربەدەری دەکردن. بـە پێـی سـەرچاوەکان زۆربـەی دروسـت کـەرانی کڵێساکان کورد بوون و خەڵکی کوردسـتان بـوون، ئـەوەش مێـژووی کڵێسـاکانی ڕۆژهەڵات دەریدەخات بەم جۆرەش ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە خـەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەدا باوەڕیان بە حەزرەتی مەسیح هێناوەو لە کـاتی ساسـانیەکاندا شەهید کراون و شە هادەتیان بە پلەو پایەیەکی بەرز زانیوە.

## پەڕاوێزەکان:

*تەرسوسی: شـارێکە لـە دەشـتی کلیلکا نزیکـەی 16 کـم دوورە لـە کـەناری تورکیا لە سەدەی یەکەمی زاینیدا شـارێکی گـەورەو مـەزن بـووە نزیکـەی نیـو ملیۆن کەسی تیادا ژیاوە هـەر لـەو شـارەدا پۆلـس ی نـێردراوی تیـادا لـە دایـك بووە. لە کرداری نـێردراوانیش دا زانیـاری لـەوە زیـاتری لەسـەر هەیـە ئەگـەر خوێنەر بگەڕێتەوە سەری.

# بەشی پێنجەم

## هۆکارەکــانی بڵاوبوونــەوەی بــاوەڕی مەســیحی لـــە کوردستاندا

هەموو بیروباوەڕ و ئایدیایەکی ئاینی یان سیاسی و کۆمەڵایـەتی بێگومـان چـەند هۆکـارێ دەبنـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی ئەمــەش بــە پێــی کــات و شــوێن جیــاوازی هەیـــە، ئــــەوەش ئاشــــکرایە بڵاوبوونــــەوەی مەســــیحیەت یـا زەردەشـتی یـان ئیسلام لـە وڵات و زەمانێکـە وە بـۆ یـەکێکی تـر جیـاوازی هـەبووە ئێمـە لـێرەدا چـوار هۆکـاری گرنـگ بـاس دەکـەین بـۆ بڵاوبوونـەوەی باوەڕی مەسـیحی لەناو کوردەکان لەناو دەوڵەتی ساسانیدا:

### یەکەم: (زمان)

زمانی ئارامی و زاراوەکانی، زمانی چەند خەڵکێکی ڕەوەنی ئـارامی نـەبوو، بەڵکو بوو بە زمانی ڕۆشنبیری و لە یەکتر گەیشتن لەسەرتاسەری ڕۆژهـەڵاتدا، میللەتانی بابلی و ئاشوری و زاراوەکانی ئەم زمانەیان کرد بــە زمـانی ڕۆژانـەی خۆیان چونکە هیچیان بە ڕەگەز ئارامی نەبوون هـەر لەگـەڵ ئەوەشـدا زمـانی

ئـارامی بـوو بـە زمـانی زانسـتی و ڕۆشــنبیری لـە ناوچـەکانی تـری جیـهاندا. شایەنی باسە ئـارامی کـە زمـانی زگمـاگی عیسا بـوو، کـە بـووە بـە زمـانی ئـەو ئاینە لە ڕۆژھەلاتدا.. ھەموو ئەوانەی کە لە ڕۆژھەلاتـەوە دەھاتنـە سـەر ئـەو ئاینە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەبوون بە ئارامی زمان.

بێگومان ئەمـەش فـەرمان و سـوننەتێك نـەبوو کـە ھـەموو بـاوەڕداران بـە مەسـیح بـە زمـانی ئـارامی بدوێـن بـەڵکو ھۆکـاری زاڵ بوونـی خـودی زمـانی ئـارامی خـۆی بـوو لـەو سـەردەمەدا لەسـەر زمانـەکانی تـری ڕۆژھـەلات و بـە تایبەتی لە ولاتی ساسانیەکاندا لەبەرئەوەی زمـانی ئـارامی ببـووە زمـانی بـیرو فەلسەفەو تێگەیشتن لە ناوچەکەدا، لەو سەردەمەشدا ھەموو ئـەو نەتەوانـەی کە باوەڕیان بە مەسیح ھێنابوو، ھەموو نوێژکردن و پاڕانەوەیەکیان بۆ خـودا بە زمانی نەتەوەیی خۆیـان بـووە. کـوردە مەسـیحیەکانیش بـە زمـانی کـوردی ئەو سەردەمە نوێژ و ستایشی خودایان دەکرد. بەلام ئنجیل و نامەکانی کە لە بەردەستی کوردە مەسیحیەکاندا بوو زۆربەیان بە زمانی ئارامی بوون.

ھـەروەك دەزانـین ووشـەی "کوردسـتان" ووشـەیەکی ئـاینی نـیـە بـەڵکو وشەیەکی جوگرافیـیە ، ئێمە کە دەڵێین کوردانی مەسیحی مانـای ئەوەیـە ئـەو خەڵکانـــەی کوردســـتانە کــە لـــە ئاینـــە کۆنەکـــەی خۆیـــان (زەردەشـــتی) ھەلگەڕاونەتـەوەو ھاتوونەتـە سـەر ئـاینی مەسـیحی کەواتـە ھـەر بـە زمـانی خۆیــان خـــودا پەرســـتیان کـــردووە، نموونـــەش زۆرە ئەگـــەر بڕوانینـــە مەســـیحیەکانی ئـــەوروپاو ئـــەمریکاو ولاتـــانی تـــری جیـــهان. کـــە بـــە زمـــانی ولاتەکەیان نوێژ و ستایش دەکەن.

ئـەم خاڵـەش بـــوو بـــە ھـــاندەرێکی زۆر بـــاش بـــۆ بلاوبوونـــەوەی بـــاوەڕی مەســـیحی نـــەك تەنـــھا لـــەناو کوردەکـــاندا بـــەڵکو لـــە سەرتاســـەری جیـــھاندا. خاڵەکەی تریش ئەوە بوو کە زمـانی ئـارامی بـوو بـووە زمـانی ئـاینی تـر وەك

ئاینی مانی  کە دەرکەوت ئەو ئاینە بە زمانی سریانی دەدوێن کە ئەویش یەکێکە لە زاراوەکانی زمانی ئارامی، (کاتێك کەمانی هاتە لای بەهرامی پێنجەمی ساسانی کەسێك بە ناوی (نوح  زاتەك) قسەکانی لە سریانیەوە بۆ پەهلەوی وەردەگێڕا).[66]. نووسینەکانی شاپوور لە (ڕووگەی زەردەشت)، نووسینەکانی تریش وەك (نەخشی ڕەجەب) و (تاقوەسان) و هەروەها نوسینەکانی (نەخشەی ڕۆستەم) و (تەختی جەمشید)، هەموویان بە ڕوونی دەردەکەون کە بە زمانی ئارامی نووسراون، بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی ئارامی زمانی نووسین و زانست و مێژوو ئاینی ئەو سەردەمە بووە.

هەر بۆ زانیاری زیاتریش لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پێش  زاین دا جولەکەیەکی زۆر لە کوردستاندا نیشتەجێ بووبوون ئەمە بە درێژایی مێژووەوە ئاشکرای دەکاتەوە کە زمانی ئارامی ئاسان بووە لەلای کوردەکان یان زانیارییەکی سەرەتاییان هەبووبێت لەسەر ئەو زمانە. هەر بۆیە موژدە بەخشە یەکەمینەکان کە لە ساڵانی دوای لە خاچدانی عیسای مەسیح کە ڕوویان کردە کوردستان هیچ ناخۆشیەك لە هۆکاری تێنەگەیشتن لە زمانی بەرامبەردا نەبووە. بە ئاسانی تێدەگەیشتن ئەمەش  هاندەرێکی باش بوو بۆ بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا.

هەروەها چەند بیرو بۆچونێك  هەیە لەو سەردەمەدا وەك (غنۆسی) کە فەلسەفەیەکی تێکەڵە لە فیکری فارسی و  میسری و ئیفلاتونی و لە زۆربەی ناوچەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوبووبووەوە بە زمانی ئارامی و یۆنانی و قوبطی .. هەر بۆیەش ئەم خاڵە بە ڕوونی دەریدەخات کە ئاسانی تەواوی لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مەسیحی بەخشیوە، چونکە ئاشکرایە هەر بە درێژایی مێژوو زمان خاڵێکی گرنگ بووە لە بڵاوبوونەوەی هەر بیرو

فەلسەفەو ئایدیایەك، بەم پێیەش ئـەو زمانـە هـاندەرێکی ڕێ ئاسـانکەر بـوو.. چونکە زمانی ئەو ئاینە هەر خۆی زمانی ئەدەب و هونەرو فەلسـەفەو زانست بووە..

لە وەرگێڕدراوە کۆنەکانی ئینجیلدا ووشەی ئارامی بۆ هـەموو ئـەو گـەل و نەتەوانە بەکارهێنراوە کە یەهودی نەبوون، هـەر بۆیـە دوای ماوەیـەك زمـانی سریانی لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و لە کوردسـتاندا بـە تایبـەتی بـوو بـە زمـانی پیرۆزی مەسیحی.

یەعقوبیـەکانیش بـە شـێوەیەکی سـەرەکی زمـانی ســریانیان بــەکارهێناوە دواتریش ئە و گروپانەی کە لێی جیابوونەتەوە هـەمان زمانیـان بـەکارهێناوە وەك (مارونیەکان، سریانی کاتولیك، ڕۆومـی کـاتولیك)، یەعقوبیـەکانیش بـەو بیـانوەدا نـاوی خۆیـان گـۆڕی بـۆ سـریانی، دواتریـش ســریانی ئەرتەدۆکسـی و سریانی کاتولیك.

دوای سەقام گیربوونی ئاینی مەسیحی لە کوردستاندا، ئەو ووڵاتـە بـوو بـە گەورەترین ناوچە بۆ بەرەوپێش بردنی زمانی سریانی، هەر بۆیەش نـاتوانین بڵاوبوونـــەوە و گەشەســـەندنی ئـــەم زمانـــە لـــە مێـــژووی کوردســـتان دا جیابکرێتەوە.

مێــژووی زمــانی ســریانی و کوردەکــان زۆر تێکــەڵاو بـــووە کــە لەیـــەك جیابوونەوەیان کـارێکی ئەسـتەمە هـەروەکو دەزانـین سـریانی بـەر لـە هـەموو شـتێك زمـانی ئـاینی کڵێسـای یەعقوبیـەوە مێـژوو نوسـانی کۆنیـش هــەروەکو ئاماژەمان پێشتر پێدا باسی کوردەکانی یەعقوبیان کردووە.. کەواتە دەبێت بـە لایەنی کەمەوە ژمارەیـەکی لەبـەرچاوی کوردەکـانی یـەعقوبی بووبـن، چونکـە سریانی زمانی ئاینی مەسـیح بـوو بـە بـێ جیـاوازی کردنـی هیـچ ڕەگەزایـەتی نەتەوەیی.

ئەمەش خاڵێکی ترمان بۆ دەردەخات کە لە مێژوودا شـاردراوەیەو ئەوەیـە کە ژمارەیەکی  دیـارو لەبـەرچاو لەوانـەی کـە زمـانی سـریانیان بـەکارهێناوە و پاراستویانە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەبێت  کـوردی مەسـیحی بووبـن. هـەر لـەم بارەیەوە جێگری (پاتریارکی) سریانیەکانی ئەرسەدوکس دەڵێت: (ئەمڕۆ هەر کەسێك سەر بە کڵێسای ئەنتاکیە بێت بەبێ  جیـاوازی ڕەگـەزی و نەتەوایـەتی و لە هەر کوێیەك دابنیشێ، بە خۆی دەڵێ سـریانی. هـەر هـەمان کـەس دەڵـێ سـریانی نـاوێکی ئاینییـە بـۆ کڵێسـای ئەنتاکیـەو هیـچ واتایــەکی سیاسـی یـان نەتـەوەی یـان ڕەگـەز پەرسـتی ناگەیـەنێ‌وە هیـچ ڕۆژێکیـش نـاوی سـریانی نیشانەیەك نەبووە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت و جیاواز بـەڵکو تەنـها نیشـانەیەك بووە بۆ ئاینی مەسیحی و هیچی تر)[67].

جگە لەمانە هەمووی، مێژووی زمانی ئارامی  لـە کوردسـتاندا دەگەڕێتـەوە بۆ کاتی ڕاگواستنی یەهودیەکان لە لایـەن ئاشـوریەکانەوە بـۆ کوردسـتان وەکـو قۆنـاغی یەکـەم وە لـە لایـەن بابلیەکانــەوە وەکـو قۆنــاغی دووەم هــەر بۆیــە دەبینـین کـەلتور و زمـانی ئـارامی هــەر لــەو سـەردەمەدا بــە ڕوونــی کەوتــە ناوزمانی پەهلەوی کوردی.

دوای چەند سەد ساڵێکی تر بە تایبەتیش ساڵانی نزیك 280 پ. ز  ووشـەی سریانی بەکاردەهێنرا لەبری وشەی ئارامی ئەوەش بە هۆی وەرگـێڕانی چـەند بەشـێکی کتێبـی تـەورات لـە زمـانی عیبریــەوە کراوەتــە زمـانی گریکـی، لـەو کتێبەدا  ووشەی (سوریا)، لە باتی ئارام دانــراوە دواتریـش لەسـەر هـەمان شـێوە گریکیەکان بە وڵاتی  شـامیان وتـووە (سـوریا)یـان سـیریا بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە ئارامیەکان لە ڕۆژئاوای سوریادا دەژیان، بەڵام  بڵاوبونـەوەی وشـەی سـریان لـە ڕۆژهـەڵاتدا دوای بڵاوبونـەوەی ئـاینی مسیحی بـوو، هـەر ئارامیـەك یـان هـەر کەسـێکی دەرەوەی ئـاینی یـەهودی بهاتایەتـە سـەر ئـاینی تـازە پێیــان دەگـوت

سـريانی تەنانـەت وشـەی سـريانی وەكـو هاوشـانی ئـاينی مەسـيحی لـە سـورياو ناوچـەی نێـوان هــەردوو ڕووبــاردا (ميزۆپۆتاميــا) وە فــارس و هيندســتان و چينيش بلاوبوەوە[68].

هەر لەبارەی زمان و ڕەگەزەوە جۆرج كـرزن، ڕۆژهەلاتناسـی بـەريتانی لای وايە كە (جياكردنەوەی نەستوريەكانی كوێستان لـە كوردەكـان، كـارێكی ئاسـان نیـيە) هەروەها دەڵێ (ئەوان خۆيان بـە خـەڵكی سـوريا دەزانـن بـەلام زمانيـان لەگەڵ ژمارەيەكی زۆر وشەی (عەرەبی و كوردی و فارسـی و توركـی)دا تێكـەڵ بووە[69].

دۆزەرەوەی شوێنەوارەكانی نەينەوا (هنری لايارد) كـە لـە سـاڵی 1846 ز دا سەردانی خێڵی بازی ئاشووری كردووە، ئـەو لەسـەر ئـەو خێڵـە بـيروڕای خـۆی نوسيوە و دەڵێ (ئەوان زۆر سەخت بوو لە كوردەكانيان جيابكەينەوە)[70].

لێرەدا پوختەی باسەكەمان ئەوەيە كە يەهوديـەكان لـە كوردسـتاندا بـوون بە هۆی ئەوەی كـە كوردەكـان شـارەزاييەكی بـاش سـەبارەت بـەو زمانـە بزانـن چـی لـە ڕووی زمانەوانیـيـەوە يـان لـە ڕووی ئـاينی و فەرهەنگيـەوە، هــەر لــە دوای يەهوديەكانيش مەسيحيەكان بوون بە هۆی ئەوەی كە زمانی ئـارامی بـە تـەواوی بـە كوردەكـان بناسـێنن هەرچـەندە كـە پـەيوەندی ئــەو دوو گرووپــە زمانـــە ئاراميـــە لەگـــەڵ يـــەكتری بـــاش نـــەبوون چونكـــە مەســـيحيەكان، يەهوديـەكانی بـە خوێـنڕێژی حـەزرەتی عيسـا دەزانــی هــەر بۆيــە دەبينــين مێـژوو نووسـان لـە پێكـهاتنی ڕوخسـاری نەتــەوەيی كـورد و داب و نــەريت و فۆلكۆری خەڵكی كوردستاندا كاريگـەری ئـاينی مەسـيحی لەبيرنەكـەن كـە بـوو بە مايەی گەشەسەندن و پێشكەوتنی.

## دووەم: کزی و لاوازی ئاینی زەردەشتی.

هــەروەکو لــە ڕۆژهــەلاتدا بــاوە خەڵکەکــە خۆیــان لــە خــودا پەرســـتیدا دەدۆزیــەوە.. ئــاینی زەردەشــتی ئـــاینێك بــوو بــۆ ســەرکەوتنی چاکــە لەســەر خراپــە. (ئــاهورە مــەزدە لەســەر ئەهریمــەن). لـێرەدا مــاوەی 500 ســاڵ ئــاینی زەردەشتی ون و کز و لاواز ببوو تا دەرکەوتنی ساسانیەکان لـە ساڵی 226ز کـە پادشــاکانی ساســانی بـــە زۆر و بـــە کــەم هــەوڵیان دا بــۆ تازەکردنـــەوەیو گەشەکردنی ئەم ئایینە.

هەروەکو گەڕیدە کەریم زەند دەڵێ (هـەر لـە سـەرەتای دەرکـەوتنی ئـاینی زەردەشــتی ئــەم ئاینـــە بڵاوبۆتـــەوە لـــە وڵاتـــی مـــاد و فارســـی وڵاتـــەکانی دراوسێیان و باکوری سوریەو لوبنانیش ئەم ئاینەیان گرتەخۆ)[71].

ئــەو ســەردەمە ســەردەمی دەرکــەوتنی ئــاینی زەردەشــتی بــوو وە هیـــچ ئاینێکی تر نەبوو ململانێی ڕۆحی لەگەڵدا بکات.

هەر بۆیە پاشا ساسانیەکان زۆر هەوڵیان دا بۆ تازەکردنـەوەی ئـەم ئایینـە، بـەلام نـەیانتوانی لەبەرئـەوەی ئـاینێکی تـازە لـە ناوچەکــەدا بڵاوببــوەوە کـە ئـاینی مەسـیحی بـوو کـە لەبـەر هــاتنی ساســانیەکان نزیکـەی 200 ســاڵ بــوو بیروباوەڕی مەسیحی بە ئاسانی ڕیشەی خۆی لە کوردستاندا داکوتابوو.

بە تایبەتیش دەقەکانی ئاینی زەردەشتی لە ساڵی 331 پ. ز ئەسـکەندەری مـەکدۆنی هـەموو دەقـەکانی ئاڤێســتای کۆکــردەوەو لــەناوی بــردن، ئەمــەش دیسان خاڵێکی تر بوو بۆ خۆڕانەگرتنی ئاینی زەردەشـتی لـە بەرامبـەر ئـاینی

مەسیحیدا. هەر بۆیەش ئاینی مەسیحی بۆشاییەکی گەورەی ڕۆحی پڕکردەوە کە کوردەکان لەو کاتەدا تێی کەوتبوون، هەر ئەمەش وای لە پادشا ساسانیەکان کرد کە هۆشیاربن کاتێك کە زانیان ترس لەسەر ئاینەکەیان هەیە سەرلەنوێ دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی دەقەکانی ئاوێستا بەڵام ئەمجارەیان هیچ سوودێکی نەبوو لەبەرئەوەی ئاینی زەردەشتی ببووە چەکێك لە دەستی پیاوانی سیاسی ساسانی، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئاین ناتوانێت کاری سیاسی و ڕۆحیش ئەنجام بدات بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحی کە تەنها ئاینێکی ڕۆحی بوو دور لە سیاسەت.

لەوانەیە بڵێین ئاینی مەسیحیش بوو بە ئاینی ڕەسمی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمی بیزەنتی؟ لەوەڵامدا دەڵێین مەسیحیەکانیش و ئاینی مەسیحیش بوون بە قوربانی، کەواتە یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەوە بوو کە ئاینی زەردەشتی لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵاو کراو بوو بە هۆکاری چەوساندنەوەو کوشتاری خەڵکی ئەمەش بێگومان باشترین هەلی ڕەخساند بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستاندا ئاینێك دوور لە زوڵم و زۆر و ستەم ئاینی دڵنیایی مرۆڤ.

## سێهەم: چەوساندنەوە

باوەڕی مەسیحی هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا تووشی چەوساندنەوەو ڕاونان و ئازار و کوشتار هاتووە هەر لە چەوساندنەوەی باوەڕداران لە دوای ڕۆژی 50 لە ئۆرشەلیم و شەهیدبوونی ئیستیفانوش و سەربڕینی یاقوبی نێردراو.. هتد.

بێگومان دوای ئەو ستەمە زۆرە باوەڕی مەسیحی بڵاوبووەو چونکە دەست درێژی و چەوساندنەوەی بەو جۆرە بەبێ بەڵگەیەکی ئاینی و سیاسی دەبێتە هۆی سوور بوونی باوەڕداران بۆ درێژەدان بە بیرو بڕوایان، لە کوردستانیشدا بەر لە بەیان نامەی میلانۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆما مەسیحیەکانی دەچەوساندەوە ئەوانیش بەرەو ناوچە شاخاویەکانی کوردستان دەهاتن و باوەڕی مەسیحییان لەناو کوردەکاندا بڵاودەکردەوە، لە لایەکی تریشەوە بە دیل گرتنی دیلە مەسیحییە ڕۆمانیەکان بە دەستی دەوڵەتی ساسانیەکان و گواستنەوەیان بۆ قوڵایی وڵاتی ساسانی ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە بیروباوەڕی مەسیحی.

هەروەها دابەشکردنیان و دوورخستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانەی کە باوەڕی مەسیحییان تیادا بڵاونەبوەوە یاخود بۆ ئەو ناوچانەی کە دەکەوتە نێوان خۆی و نەیارەکانی بێگومان ئەمەش دەبوو بە هۆی بڵاوکردنەوەی باوەڕی مەسیحی و ناردنی مژدە بەخشەکان لە ناوچەکانی خۆیانەوە بۆ ناوچەکانی تری وڵاتان کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا نەبوون.

لێرەوە بوونی کوردە مەسیحیەکان لەو ناوچە تازانەدا دەردەکەوێت چونکە هەمیشە لەسەر سنووری وڵات دەبووە هۆی ئەوەی کە هەواڵی کڵێسەکانی تری جیهان بزانن وەك کڵێسەکانی ئەنتاکیا کورونسوس، ئەنەس و، فلادلفیا، ڕۆما، کە چۆن ئەوانیش بە دەست دەسەڵات دارانی وڵاتەکانیانەوە دەچەوسێنرانەوەو هەمیشە لە خەبات و تێکۆشاندا بوون بۆ ئەو باوەڕەی کە هەیانە چونکە ئەوان خۆیان بۆ پاشایەتی ئاسمان دەژیان نەوەکو پادشایەتی سەرزەوی ئەو پاشایەتییەی کە خودی مەسیح ئازار و ئەشکەنجەو مەرگی چەشت لە پێناوی ڕزگاربوونی ئەواندا.

بۆیەش مەسـیحییەکان بەرگەی ئازاریـان دەگـرت لـە پێنـاوی ڕزگـارکردنی خەڵکی تردا و هەتا بە تەواوەتی لەسەر ڕێگای عیسا بڕۆن کە دوای ئازاردان و چەوساندنەوە و مردنی عیسای مەسیح هەستایەوە.

هـەر بۆیـەش ئـەوانیش بـەو هیوایـەوە دەژیـان کـە دوای ئازاردانیـان و مردنیـان و ژیـانێکی هەتاهـەتایی لەگـەڵ عیسـای مەسـیحدا دەبەنەسـەر و هەروەکو مەسیحیەك لەژێر ئـازار و ئەشکەنجەدا ئـەم ڕستانە دەڵێ (مێشکم ڕاوەستا.. بەڵام بـاوەڕم زۆر بـەهێز بـووە بـەرەنگاری دەروونـی خۆمـم کـرد تـا ماوەیەکی درێژ لەژێر ئەو ئازارە ترسناکە، بەڵام کە هـێزم تیـا نـەماو هەسـتم کـرد قەمچیەکـە پارچـە پارچـە لـە گۆشـتم دەکاتـەوەو دارەکـە ئێسـقانەکانم دەشـکێنێت و ئاگرەکـە دەمـبرژێنێت ئینجـا جەسـتەم هەرەسـی هێنـا لـەو ململانێیەداو نەمتوانی بەرگە بگرم)[72].

کـوردە مەسـیحییەکان سـەرەڕای ئـەو هـەموو ئازاردانـەی کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی سیاسـی ساسـانی و دەسـەڵاتدارانی ئـاینی زەردەشـتی هـەیانبوو وازیان لە باوەڕی خۆیان نەهێناوە.. هەرچەندە ئاوارەی ناوچەو شـارو وڵاتـانی تریش ببوون[73].

ئەم خاڵەش دەبووە هاندەرێك نەك تەنها بـۆ مەسـیحیەکانی نـاو دەوڵـەتی ساسانی بەڵکو بۆ وڵاتانی تری ئـەو سـەردەمەیش، ئـەو ئاڵوگۆڕانـە لـە هێنـانی دیـل و دورخسـتنەوەو ڕاونـانی مەسـیحیەکان دەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـەو ناوچانـە زیـاتر دێـڕو کڵێسا دروسـتبکەن، ئەوانـەی کـە تـا ئێسـتاش بەسـەر شـاخەکانەوە شـوێنەواریان مـاوەو جگـە لـەوەش پەرسـتگا زەردەشـتییەکانیان دەگۆڕی بۆ کڵێسایەك وەکو شوێنەواری ئەو کڵێسەیەی کە لە ناوچەی بازیـاندا هەیە کە پێشتر پەرستگایەکی زەردەشتی بووە. هەر لەو کاتەشەوە هەولێر بـە پلەی یەکەم دەهات کە ببـووە نـاوەندێکی گرنگـی بڵاوکردنـەوەی مەسـیحیەت،

وە بـە پلـەی دووەم کـەرکوك دەهـات، هەمــەدانیش بـە پلـەی سـێیەم دەهـات بـۆ بڵاوکردنــەوەی مەسـیحیەت بـە تایبـەتی و بـە گشـتی لــە ڕۆژهــەڵاتدا. لـێرەدا دەتوانــین بڵێـین بـە هــۆی ئــەو ئــازار و چەوســاندنەوەیەی کــە دەســەڵاتداران هەیانبوو بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت لە کوردستاندا.



**ئەم وێنەیە لەڕێگای خانەوادەیی کاسبەرەوە لە ئەرمینیا**

**هاتوەتەوە کوردستان**

## چوارەم: ڕاستی باوەڕی مەسیحی لەنێو ئاینەکانی تری کوردستاندا.

هەروەکو دەزانین باوەڕی مەسیحی جیاوازە لە باوەڕی ئاینەکانی تر چی لە ڕووی دەرکەوتنی هێزی خوداو باڵادەستی خودا لەسەر سروشت و هەموو لاوازی و نەخۆشیەك و هەروەها هەستانەوەی مردوان، یان لە ڕووی فێرکردەکانی ئەو باوەڕە کە بریتی‌یە لە خۆشەویستی‌یەکی تەواو ڕاستەقینە کە خودا بێ پاداشت پێشکەشی دەکاتە مرۆڤ و هەروەها مرۆڤ چۆن بتوانێت خودای خۆی خۆش بوێت و بە هەموو هێزو دڵ و گیان و ڕۆحی؟!. هەروەها چۆن دراوسێیەکی خۆی خۆش بوێت.

لەم بەیان نامەیەیدا بە زەقی دێت کە بچنە ناو باوەڕی مەسیحی بە یەکێك لە وتارەکانی مەسیح کە وتاری سەر (چیای زەیتون)ە کە پەیامی ڕاستی و خۆشەویستی و ئاشتی‌یە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و خۆت لەگەڵ بیرکردنەوەو پرۆڤەکانی ڕۆحتدا دوابڕیاری خۆت بدەیت:

## وتاری سەرچیای زەیتون:

عیسا کە خەڵکەکەی بینی چووە سەر چیا، کە دانیشت قوتابیەکانی لێی نزیك بوونەوە. دەستی کرد بە فێرکردنیان و ووتی: (خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی هەژارن لە ڕۆح چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە. خۆزگە دەخوازێت لێوە بەرزەکان، چونکە دڵ نەوای دەکرێن، خۆزگە دەخوازرێ بە دڵنەرمەکان، چونکە زەوی بۆ ئەوانە بە میرات دەمێنێتەوە، خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاست و دروستی، چونکە تێردەبن، خۆزگە دەخوازرێ بە ئاشتی خوازان، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبرێن، خۆزگە دەخوازێ بە چەوسێنراوان لە پێناوی ڕاستی و دروستی چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە، خۆزگە دەخوازێت پێتان کاتێك خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتان چەوسێننەوە لە پێناوی من قسەی خراپتان دەخەنە پاڵ، دڵخۆش و شادمان بن، چونکە پاداشتتان مەزنە لە ئاسمان، ئاواش پێغەمبەرانیان چەوساندۆتەوە.

## خوێی زەوی و ڕووناکی جیهان:

ئێوە خوێی زەوین، بەڵام گەر خوێ سوێریەکەی لە دەست دا، چۆن تامە سوێرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە؟ بە کەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبێ فڕێ بدرێتە دەرەوەو خەڵکی پێ شێلی بکەن، ئێوەن ڕووناکی جیهان.. شارێك لەسەر شاخ دروست کرا ناتوانرێت بشاردرێتەوە هەروەها خەڵکی چرا هەڵناکەن تا بیخەنە ژێر تەشتەوە بەڵکو لە شوێنێکی بڵنددا دایدەنێن تاکو ڕووناکی بدات

به هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان بە هەمان شێوە با ڕووناکیتان بۆ خەڵکی بدرەوشێتەوە هەتا ئیشە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن لە ئاسمان.

## تەواوکردنی شەریعەت:

وا بیر نەکەنەوە من هاتووم شەریعەت یان ووتەی پێغەمبەران لابەرم، من نەهاتووم لای بەرم، بەڵکو تەواوکەری بووم، ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لە ئارادا بێ، وشەیەك یان خاڵێکی شەریعەت لەناو ناچێت تا هەمووی دێتە دی ئەوەی سەرپێچی خاڵێکی بچووکی ئەم ڕاسپاردانەی کردو خەڵکی فێرکرد، لە پادشاهێتی ئاسمان بە بچوکترین ناودەبرێ. بەڵام ئەوەی ئیشی پێ دەکات و خەڵکی فێردەکات، لە پادشاهێتی ئاسمان بە مەزن ناو دەبرێ من پێتان دەڵێم. گەر ڕاستی و دروستیتان لە مامۆستایانی شەریعەت و فەریسیەکان زیاتر نەبێت، بە هیچ جۆرێك ناچنە ناو پادشاهێتی ئاسمان.

## تووڕەبوون:

بستوتانە لە گوندا بە خەڵکی ووتراوە، (خەڵکی مەکوژن، ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردانە). بەڵام من پێتان دەڵێم، هەر کەسێ بە ناڕەوا لە براکەی تووڕە بێت شایانی حوکم بەسەردانە، ئەوەی بە براکەی دەڵێ هیچ و پوچ شایانی ڕاوەستانە لەبەردەم. ئەنجومەنی باڵای جوولەکە. ئەوەش بە براکەی دەڵێ بێ مێشك شایانی دۆزەخە، ئەگەر قوربانیەکەت هێنا بۆ قوربانگە، لەوێ بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی بەسەرتەوەیە،

قوربانیەکەت لەبەردەم قوربانگەدا بەجێ بهێڵەو بڕۆ یەکەم جار براکەت ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە قوربانیەکەت پێشکەش بکە، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسەی ناکۆکە لەگەڵت، خێرا ئاشت بەرەوە، هەر لەو کاتەی بەرێگاوەن بۆ دادگا، نەوەك بتداتە دەست دادپرس و داد پرسیش بتداتە دەست پۆلیس، پۆلیسیش ڕەوانەی بەندیخانەت بکات، ڕاستیت پێ دەڵێم، لەوێ دەرناچی تا دوا پوول نەدەیتەوە.

## داوێن پیسی:

(بیستووتانە ووتراوە: داوێنپیسی مەکە) بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوسبازی سەیری ئافرەتێکی کرد ئەوە لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی کردووە، ئەگەر چاوی ڕاستت توشی گوناهی کردی دەریبهێنەو فڕێی بدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ، لەوەی هەموو لاشەت بخرێتە دۆزەخەوە، ئەگەر دەستی ڕاستت تووشی گوناهی کردی، بیبڕەوە وە فڕێی بدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ و لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە.

## تەڵاق:

دیسان وتراوە: (ئەوەی ژنەکەی تەڵاق ئەدات، با تەڵاقنامەی بداتە دەست) بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات بێهۆی داوێن پیسی وای لێ دەکات داوێن پیسی بکات، ئەوەش تەڵاق دراوێك بهێنێت، ئەوا داوێن پیسی ئەکات.

## سوێندخواردن:

بیستوتانه لـه کۆنـدا ووتـراوه: (پێچەوانـەی سـوێندەکانت مـەجولێرەوە، بەڵکو پەیمانت لەگەڵ خواوەند بەرە سـەر)، بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم، هـەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، چونکـە تـەختی شـاهانەی خودایـە، نەبـەزەوی، چونکە جێی پێیدا نادێت، نە بە قودس، چونکە شاری پادشای مەزنـە، نـە بـە سـەری خـۆت چونکـە توانـای ئـەوەت نییـە تـاڵێکی ڕەش یـا سـپی بکـەیت، بـا قسەتان بە بەڵێ بێت گەر وابوو، بە نەخێر بێت گەر وانەبوو، لەمە زیـاتر لـە شەیتانەوەیە.

## تۆڵەسەندن:

بیستوتانە ووتراوە: (چاو بەچاو، ددان بە ددان)، بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم: بەربەرەکانی خراپە مەکەن بـە خراپـە، ئـەوەی کێشای بـە ڕوومـەتی ڕاسـتت، ئەوی کەشی بۆ ڕابگرە، ئەوەی ویستی کراسەکەت ببات، چاکەتەکەشتی بەرێ. ئـەوەی ناچـاری کردیـت یـەك میـل لەگـەڵی بڕۆیـت، دوو میـل لەگـەڵی بـڕۆ، ئەوەی داوای شـتێکی لێکردیـت، بـیدەرێ، ئـەوەی داوای قـەرزت لێدەکـات مـەی گەڕێنەرەوە.

## خۆشەویستی دوژمنان:

بیسـتوتانە ووتـراوە: (ئـەوەی لێـت نزیکـە خۆشـت بـوێ، ئـەوەی دوژمنتـە ڕقت لێی بێت)، بەڵام من پێتان دەڵێـم: دوژمنـەکانتان خۆشـبوێ و نوێژبکـەن

بـۆ ئەوانـەی دەتانچەوسـێننەوە بەمـە دەبنـە ڕۆڵـەی ئـەو باوکـەتان کـە لـە ئاسمانـە، ئـەو خـۆی بەسـەر چـاك و خراپــەدا تینــێ و بـارانی خـۆی بەسـەر دادپــەروەرو زۆرداریــش دەبارێنــێ، ئەگــەر هــەر ئەوانــەتان خۆشویسـت کـە ئێوەیان خۆش دەوێ، چ پاداشـتێ وەردەگـرن؟ ئایـا بـاجگرانیش ئەمـە ناکـەن؟ ئەگەر تەنها پێشوازیتان لە براکانتان کرد، چ شتێکی مەزنتان کردووە ئایا بت پەرستەکانیش ئەمە ناکەن؟ بۆیە ڕاست و تەواوبن، هەروەك باوکی ئاسمانتـان ڕاست و تەواوە.

## خێرکردن:

(نەکەن لەبەرچاوی خەڵکی کاری چاکە بکەن، بە نیازی ئـەوەی بتـانبینن، ئەگینا پاداشتان نـیـیە لای بـاوکی ئاسمانتـان) گـەر خـێرت کـرد زوڕنـا لێمـەدە، وەك دوو ڕووەکان لە تەنیشت و سەرشەقامەکان دەیکەن، تا خـەڵکی بیـانبینن و بـە شـان و باهوویـان هـەڵبدەن، ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: بەمـە ئـەوان پاداشـتی خۆیان وەرگرت، بەڵام تۆ کە خێرێکت نەبینراو بێت ئەو باوکـەت کـە هـەموو نهێنیەك دەبینێت ئەو پاداشتەت دەداتەوە.

## نوێژکردن:

(کاتێ نوێژ دەکـەن وەك دووڕووەکـان مەیکـەن کـە حەزدەکـەن بـەپێوە لـە تەنیشتەکان و سووچی شەقامەکان نوێژبکەن تا خەڵکی بیان بینـن، ڕاسـتیتان پێ دەڵێم: بەمە ئەوان پاداشتی خۆیان وەرگرت، بـەڵام تـۆ کـە نوێـژ دەکـەیت، دەرگا لەسەر خۆت داخە نوێژ بکـە بـۆ بـاوکی نـەبینراوت، ئـەو باوکـە هـەموو

نهێنیەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە. کاتێ کە نوێژ دەکەن، ووشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەك بت پەرستەکان دەیکەن ئەوان وابیردەکەنەوە بە دووبارەکردنەوە، وەلاَم بە دەست دەهێنن. وەك ئەوان مەبن چونکە باوکتان دەزانێ پێویستیتان بەچیە، پێش ئەوەی داوای لێبکەن، دەتوانن ئاوەها نوێژبکەن: (ئەی باوکمان لە ئاسمان با ناوت پیرۆزبێت، با پادشاهی تۆ بێت با خواستت لەسەر زەوی پەیرەو بکرێ وەك لە ئاسمان، نانی رۆژانەمان ئەمرۆش بدەرێ. لە گوناهمان خۆش بە، وەك چۆن ئێمە لە گوناهی ئەوان خۆش دەبین، کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن، مەمان خەرە تاقی کردنەوە بەڵکو رزگارمان بکە لە شەیتان) گەر لە هەڵەی خەڵکی خۆش بوون، ئەوا باوکی ئاسمانیمان لە هەڵەکانتان خۆش دەبێت ئەگەر لە هەڵەی خەڵکی خۆش نەبوون، ئەوا باوکیشتان لە هەڵەکانتان خۆش نابێت.

## رۆژوو گرتن:

کاتێ بە رۆژوو دەبن، روو گرژمەبن وەك دوو رووەکان کە روو گرژدەکەن، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دەرخەن کە بە رۆژوون. راستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە بەلاَم تۆ کە رووگرژ دەگری، دەم و چاوت بشۆ، بۆنی خۆش لەسەرت بدە، هەتا بۆ خەڵکی دەرنەکەوێ کە بە رۆژویت، بۆ باوکی نەبینراوت نەبێت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.

## گەنجینە ڕاستەقینە:

لەسەر زەوی سامان کۆمەکەنەوە، کە مۆریانەو ژەنگ خراپی دەکەن و دز بە شوێنی دەگەڕێ و دەیدزێ. سامانێك لە ئاسمان کۆبکەرەوە، کە مۆریانەو ژەنگ خراپی ناکا و دزیش بە شوێنی ناگەڕێ و نایدزێ، چونکە سامانت لە کوێ بێت دڵیشت لەوێ دەبێت.

چاو چرای لەشە، گەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکە ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا لەشت هەمووی لە تاریکیدایە، بەلاّم گەر ئەو ڕووناکیەی تیاتدایە تاریك بێ، ئاخر دەبێ چ تاریکیەکبێت؟ کەس ناتوانێ کۆیلەی دوو گەورە بێت، یان ڕقی لە یەکێکیان دەبێت ئەوەی دیکەی خۆش دەوێت یان دڵسۆزی یەکێکیان دەبێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات ئێوەش ناتوانن کۆیلەی پارەو خودا بن بە یەکەوە.

## خودا خەممان دەخوات:

بۆیە پێتان دەڵێم: خەمی ژیانی خۆتان نەبێت، ئەوەندە خەمی خواردن و خواردنەوەو لەبەرکردن مەخۆن، ئایا ژیان لە خواردن زیاتر نییە؟ ئایا لەشتان لە جل و بەرگ گرنگتر نییە؟ سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن. ناڕوێنێ، دورێنە ناکات، شت لە عەمبار کۆناکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێوی دەکات. ئایا ئێوە لەو باڵندانە زیاتر نین؟ کێ لە ئێوە گەر خەمی ئەمانەی خوارد، دەتوانێ یەك کاتژمێر لە ژیانی زیاتر بکات. بۆچی خەمی بەرگتانە؟ سەیری گوڵی کێڵگە بکەن چۆن گەورە دەبێت بێئەوەی

هیلاك ببێت و برسیبێت، با پێتـان بڵێـم: تەنانـەت سـلیمانی دانـاش لەوپـەڕی مـەزنیدا وەك ئـەو گوڵانـەی لەبەرنـەکردووە، گـەر بێت و خـودا گیـای دەشـت ئاوها بپۆشێت هەرچەندە ئەمڕۆ هەن و بەیانی تەنوریان پێ دادەخرێت ئایا ئێوە ئەی کەم باوەڕینە، لەوانە زیاتر نین تـا پۆشـتەتان بکـات؟ خـەم مـەخۆن بڵێن: چی بخۆین؟ یان بخۆینەوە؟ یان چی لەبەربکـەین؟ ئـەم شـتانە هـەمووی بت پەرستان هەوڵی بۆ دەدەن بـاوکی ئاسمانیتـان دەزانـێ پێویسـتیتان بەمانـە هـەمووی هەیـە. ئێـوە یەکـەمجار داوای پادشـاهێتی و ڕاسـت و دروسـتی خـودا بکەن، ئەوانی دیکەتان هەمووی بۆ جێبـەجێ دەبـێ. ئـەوەندە خـەمی بـەیانی مـەخۆن، چونکـە بـەیانی خـەمی خـۆت دەخـوات و هـەر ڕۆژێـك بەشـی خـۆی گیروگرفتی هەیە.

## خەڵکی تاوانبار مەکەن:

خەڵکی تاوانبار مەکەن تا تاوانبار نەکرێن، چونکە بـەو شـێوەیەی خـەڵکی تاوانبـار دەکـەن ئێـوەش تاوانبـار دەکرێـن، بـەو پێوانـەی بـۆ خـەڵکی دەپێـون، بۆتان دەپێونەوە. بۆچی سەرنج لە پووشـی ناوچـاوی براکـەت دەدەیت، بـەڵام ئاگات لە تەختە دارەکەی ناوچاوی خۆت نییە، یان چۆن براکەت دەڵێـت: ڕێـم بدە با ئەو پووشە لە چاوت دەربهێنم، لە کاتێکدا تەختـە دارێـك لـەناو چـاوی خۆتدایـە؟ ئـەی دووڕوو یەکـەم جـار تەختەدارەکـەی نـاو چـاوت دەربهێنـە، تـا پاش بینینت ئەوسا پووشی ناو چاوی براکـەت دەربهێنـە. شـتی پـیرۆز مـەدەن بـە سـەگ ژێریشـتان فـڕێ مەدەنـە بـەردەم بـەراز. نـەوەك بـە قـاچی پێشـێلی بکات و بەسەرتان هەڵگەڕێتەوە و پارچە پارچەتان بکات.

## داوابکەن پێتان دەدرێ:

داوابکـەن پێتـان دەدرێ، بگـەڕێن، دەدۆزنـەوە. لـە دەرگـا بـدەن، لێتـان دەکرێتەوە هەر کەسێ داوابکات، وەردەگـرێ، ئـەوەی دەگـەڕێت دەدۆزێتـەوە، چ مرۆڤێك لە ئێوە گەر منداڵەکەی داوای نانی لیٚ کرد، بەردی دەداتێ، یـان داوای ماسـی لیٚ بکـات، مـاری دەداتـێ، گـەر ئێـوەی خـراپ بزانـن شـتی بـاش بـە منداڵـەکانتان بـدەن، ئایـا دەبـێ بـاوکی ئاسمانیتـان چـەند شـتی باشـتر بـدات بەوانەی داوای لیٚدەکەن. چۆن دەتانەوێ خەڵکی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بکەن، بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن ئا ئەمەیە پوختـەی شـەریعەت و پێغەمبەران.

## دەرگای تەنگ:

لـە دەرگـای تەنگـەوە بڕۆنـە ژوورەوە، چونکـە ئـەو دەرگایـەی بـەرەو لەناوچ وون دەڕوات، پانەو ڕێگاکەی بەرینەو زۆریش لێیـەوە دەچنـە ژوورەوە، بـەڵام تـەنگترین دەرگـا و ناڕەحـەتترینیان، دەرگـاو ڕێگـای گەیشتنە بـە ژیـان، ئەوانەی ڕێ پێ دەبەن زۆر کەمن.

## ناسین بە بەروو بووم:

ئاگاداری پێغەمبەرە درۆزنەکانبن، ئەوان دێن بۆ لاتـان، گورگـن لـە پێستی مەڕ، بەڵام بە بەروو بوومیان بیان ناسـن، ئایـا دڕك تـرێ دەگـرێ یـان حوشـتر

ئالووك و هەنجیر دەگرێ؟ هەموو دارێكی باش بەرووبوومی باش دەدات، داری خراپیش بەرووبوومی خراپ، داری باش بەرووبوومی خراپ نادات، هەروەها داری خراپ بەرووبوومی باش نادات، هەر دارێك بەرووبوومی باش نەدات، دەبڕێتەوەو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر.

كەواتە دەتوانن بە بەرووبوومیان بیان ناسن. هەموو ئەوانەی كە دەڵێن: خوداوەند، خوداوەند. ناچنە ناو پادشاهێتی ئاسمان، ئەوانە نەبن كە بە خواستی باوكم دەكەن كە لە ئاسمانە، لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، زۆر كەس پێم دەڵێن: خوداوەند، خوداوەند، ئایا بە ناوی تۆ نەدواین، بە ناوی تۆ زۆر كاری سەرسوڕهێنەرمان نەكرد؟ بەڵام لەو كاتەدا پێیان دەڵێم، من هەرگیز ئێوەم نەناسیوە، لێم دووركەونەوە ئەی بەدكاران.

## داناو گێل:

ئەوەی گوێی لەم ووتانەم دەبێت و هەڵسوكەوتی پێ دەكات، وەك پیاوێكی دانا وایە كە بناغەی خانووەكەی لەسەر بەرد دروست كردبێت، كاتێ باران باری لافاو هەستاو ڕەشەبا هات و لە خانوەكەیدا خانووەكەی نەڕوخێت، چونكە لەسەر زەویەكی بەردین دروستی كردووە، ئەوەش كە گوێی لەم وتانەم دەبێت و هەڵسوكەوتی پێ ناكات لە كابرایەكی گێل دەكات خانوەكەی لەسەر لم دروست كردبێت، كاتێ باران باری و لافاو هەستاو ڕەشەبا هات و لە خانووەكەیدا خانووەكەی دەڕووخێنێت بەڵام ڕووخانێكی چاك.

کاتێك عیسا لەم ووتانە تەواوبوو خەڵکەکە لە شێوەی فێرکردنی زۆر سەرسام بوون چونکە وەکو دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن نەوەك مامۆستایانی شەریعەت[74].

ئەم چەند لاپەڕەی کە باسی ووتاری سەرچیامان تێداکرد و ڕەگ و بنچینەی باوەڕی مەسیحیەت لە ڕاستیدا ئەم فێرکردنانە لەو سەردەمەدا لە کوردستاندا وون ببوو بۆیە دەبینین مرۆڤی کوردی وەکو کەسێکە کە تینوو برسی بێت بۆ ئەوو ووشانە جگە لەمانە جۆری لە دایك بوونی سەرۆکی ئەم ئاینە "ئاینی مەسیحی" کە جێگەی سەرنج و تێڕامان بوو هەروەها لە خاچ دانی و هەستانەوەی لەناو مردووەکاندا و زاڵ بوونی لەسەر مردن هیوای بەخشیە مرۆڤ کە دوای مردن ژیان هەیە. بەڵگەشیان و بنەمای بیروباوەڕیان لەسەر خودی عیسای مەسیح بەستبوویان کە هیچ پێشەوایەکی تری ئاینی نەیتوانیوە لە دوای مردنەکەی لەناو گۆڕدا هەستێتەوە و ماوەی چل ڕۆژ لەگەڵ قوتابیەکانیدا بمێنێتەوە ئەمەش تەنیا خودی مەسیح کردی.

ئەم خاڵە هێڵێکی گرنگ بوو لەگەڵ خاڵەکانی تردا بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا، بەم شێوەیەش بوو کە هیچ بیرووباوەڕێکی تر نەیتوانی بەرامبەر بە ئاینی مەسیحی خۆی ڕابگرێت وە هەروەها هیچ سیاسەت و دەوڵەت و دەسەڵاتێکیش نەیتوانی ئەو گەشەکردنە ڕابگرن کە باوەڕی مەسیحی لە جیهاندا بە خۆیەوە دەیبینێ بە هەموو ئەو چەکە کوشندانەی چەوساندنەوەو بیرو ئاین و فەلسەفەیەك کە دەیانهێنا، مەسیحیەت سەرکوت نەکراو هەر بوژایەوە بۆیەش هەر بە ناچاری مەسیحیەکانیان دەچەوساندەوەو ماڵ وێرانیان دەکردن و دێرو کڵێساکانیان دەڕوخاند.

# بەشی شەشەم

## ئایا کوردی مەسیحی یان کڵێسای کوردی بوونیان هەبووە؟

هەروەکو چۆن زۆربەی کوردەکانی کوردستان بە ئاین ئیسلامن هەروەها بەر لە هاتنی ئیسلامیش زەردەشتی و مەسیحی بوون، لەبەرئەوەی ئەم کوردە موسڵمانانەی ئێستا لە کۆنیشدا هەر ئیسلام نەبوون چونکە مێژووی ئیسلام کاتی سەرهەڵدانی دیارە.

بەر لەو مێژووە نەتەوەی کورد زۆربەیان زەردەشتی و هەندێك جووەکانی تر مەسیحی و مانیو تا ڕادەیەك سوبی و یارسانی و یەزیدی بوون.

لەم بەشەدا باس لەوە دەکەین کە بۆچی کڵێسای کوردی نەما یاخود چییان لێهات؟ ئایا نەتەوەی خۆیان گۆڕی یاخوود چوونە ژێردەستی کڵێسەکانی تری وەکو کلدانی و ئاشووری و ئەرمەنی؟!

مێژوو نووسانی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باس لە کوردە مەسیحیەکان دەکەن:

ئەلمەسعودی کە لە 957ز کۆچی دوایی کردووە لە باسی کوردا دەنوسێت (یەعقوبی و جوزەقانیش لەوانەن کە مەسیحین و جێگا و شوێنیان لەودیوی وڵاتی موسڵ و چیای جودیە)[75].

ئەلتەبەریش باسی کوردانی یەعقوبی دەکات کە کڵێسایەکی تایبەتی مەسیح بوو، تەبەری دەربارەی ڕووداوەکانی 258ی کۆچی بەم جۆرە دەنوسێت (مەسروری بەڵخی لەوەیە پەلاماری بردۆتە سەر کوردانی یەعقوبی و زیانی پێیان گەیاندووە)[76]. بەلخی کوردە مەسیحیەکانی (یەعقوبیەکان) ناچارکرد تا پەیرەوی لایەنی ئیسلام بکەن. مارکۆ پۆلۆ کە گەشت وەرێکی بەناوبانگی ئیتاڵیە لە ساڵی 1271 ز دا گەشتەکەی دەست پێکردووە.. ئەو لە بارەی موسڵەوە دەڵێ: (لە ناوچە شاخاویەکانی ئەو وڵاتە کورد دەژین هەندێکیان مەسیحی و سەر بە دەستەکانی نەستووری و یەعقوبین و هاوکات ئەوانەی تر موحەمەدین)[77].

ئیسحاق ئەرمەلە لە باسی میدیات (توری عابدین)دا لە ساڵی 1903ز دا دەنوسێت (دانیشتووانەکەی مەسیحین و بریتین لە کوردی محەمەدی و یەعقوبی)[87].

کەریم زەندی گەڕیدە دەڵێ (سریان دووبەرەن ئەرتەدۆکسی و کاتولیك، ئەرتەدۆکس پاش ماوەی کوردە مەسیحیەکانن بڵاوبوونەتەوە)[79].

سریان ئەرتەدۆکسیەکان یان یەعقوبیەکان (کوردە مەسیحیەکان) ژمارەی ئەم تایەفەیە بە گوێرەی (الدلیل العراقی الرسمی لسنە 1936) لە هەموو عێراقدا 12 هەزار کەسن و بەناوبانگترین دێرەکانیشیان دێری مارمەتیە کە بەناوبانگترین و کۆنترین و جوانترین دێری کوردستانی عێراقە. ژمارەیەکی زۆری ڕەبەن و خواپەرستی تیادا دەژین و وەکو قەڵایەکی پۆڵایین لە ناوەندی چیای مەقلوب دروست کراوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، شوێنی

دانیشتنی ئـەو تایەفەیـە لـە کوردسـتاندا لـە موسـڵ و کـەرکوك و سـنجار و بەرتەلەو قەرەقووشوو بەعشیقەدا دەژین[80].

مـارك سـایکس باسـی کوردانـی مەسـیحی دەکـات و دەڵـێ: (کـە چـۆن مەسیحیەکان باسی کوردبوونی خۆیانیـان کـردووە. مـارك سایکس بـە ژمـارەو نووسـینیش پێکهاتـەی ئـەو تـیرە کوردانـەی باسـی کـردووە کـە ئەندامـەکانیان هاوکات سەر بە هەردوو ئاینی مەسـیحی و موسڵمان بـوون بـۆ نموونـە تـیرەی هـەفرکار (1800) بنەماڵـەن نیوەیـان موسـڵمانن و نیـوەی تریـش مەسـیحین، تـیرەی ئالیـانیش (1200) بنەماڵـەی مەسـیحی و موسـڵمانن و زمانیـان کوردیـە هەروەها تیرەی مومان دومان و هارونە هەموویان کوردی مەسـیحیان تێدایـەو بە کوردی قسەدەکەن، ئەوەی جێگای سـەرنجە هـەندێك بـە خێڵـە کوردیـەکان هەن هەتا ئێستاش بەشێکیان مەسیحین و بەشەکەی تریشیان موسـڵمانن وەك (گەردی، تیاری، بەرواری، خۆشناو، بندیان.. هتد)

ئەم نموونانەی سەرەوە ئەومان بۆ دەردەخات کە بە لایەنی کەمـەوە هـەتا هاتنی مەغۆلەکانیش کوردانی مەسیحی بوون.

یوران بوری گەشتوەری سویدی لە ساڵی (1978 ) کە بە باکوری کوردسـتاندا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی دەنوسێت: (دێ ئاربـەی 300 مەسـیحی سـریانی (یەعقوبی) تیادا بووە کە زمانی زگماکی هەموویان کوردی بووە)[81].

ئەمانـــە ڕاو بۆچوونـــی مێـــژوو نووســـانە لەســـەر یەعقوبیـــەکان و سریانیەکان.. گەڕیدە کەریم زەندیش زانیاریەکی باشمان دەداتێ سـەبارەت بـە خێڵی تیـاری دەڵـێ: دوو بەشی بـە خۆیـەوە دەگـرێ: یەکـەم، تیـاری ژووروو، دووەم: تیـاری ژێـروو، لـە پاشـاندا جیابوونـەوە و بەشـێك بـوون بـە چـەند بەشێك وەکو (جیلوی- بـانری- توخویـی- ڕونتیکـی- بیلانـی-کیـەئی- والتوئـی). تیاری هـەتا سـاڵی 1643ز لـە نـاو چیاکـانی ڕونتـك و شیفاسـلە بـەگی و بـازیدا

نیشتەجێ ببـوون دوایـی پەڕیونەتـەوە بـۆ ئەمبـەری زێـی. تیـاری کـوردی مەسیحین لە ڕووی خوێن و نەژادەوە.. ئەمین زەکی و گەڕیدەی ئینگلـیزی بـۆ جولاو جمیل ڕۆژبەیانی و عـەلی عـەونی لەگـەڵ کـەریم زەنـدا سـوورن لەسـەر ئـەم ڕایـە کـە تیـاری کـوردی مەسـیحی هـەندێکیان مەسـیحی نەسـتوورین و هەندێکی تریشیان مەسیحی کاتولوکی بە هیچ جۆرێك ناچنە سـەر ئاشـووری، ئەمانـە خوێـن و نـەژادیان کـوردە و زمـانی کڵێسـایان کردۆتـە زمـانی لەیـەك گەیشتن، تیاریەکان هەتا ئێستاش دانیان بەوەدا نەناوە کە ئاشووری بن بـەڵکو نووسـەر و قەشـەو پیـاوە ئاینیـەکانیان دانیـان بـە کوردایـەتی خۆیـاندا نـاوە. مێـژوو نوسـانیش وای بـۆ دەچـن کـە خێڵـی تیـاری لـە سـاڵی 196 ز بـاوەڕی مەسیحی گرتۆتە خۆو وازیان لە خۆپەرستی و ئاگرپەرستی هێناوە)[82].

دیسانەوە گەڕیدە کەریم زەنـد لـە هـەمان کتێبـی دا بـاس لـە سـریانیەکان دەکات و دەڵێت سـریانی دوو بـەرەن، ئەرتەدوکسی و کـاتولیك، ئەرتـە دوکس پاشماوەی کـوردە مەسـیحیەکانە. هـەر لەگـەڵ ئـەم باسەشـدا بـاس لـە دێـڕی ماربهنام دەکات کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلەو زێی گەورەدا کە کۆنـترین کڵێسەی ئەو ناوچەیەیەو سەر دەرگایـەکیان نـەخش و نووسـین و پەیکـەرێکی شێر لەژێریا کۆترو لە سەرەوە دوو ماری لـە یـەکتر ئـاڵاوی پێوەیـەو هـەروەها پەیکەری (سارە) خوشکی ماربهنام و ماربهنامی کوژراوی بە سواری تێدایە. لـە لاتەنیشتەکانیشی وێنەی دوو شێر هەیـەو لێـی نوسـراوە: (هـەر کەسـێك بێـت ئێرە پارێزراوە) گۆڕی ماربهنامیش 30 م لەولای کڵێسەکەیە)[83].

ڕووداوێکی گرنگتریش هەیە کە بەڵگەمان لەسەر بوونی کـوردی مەسـیحی دەداتـێ و هـەروەها چـاتلێکی کـورد، ئـەویش لـە سـەردەمی کیسـرا خوسـرەوی پـەروێزیدا بـووەو خەسـرەو بـە پەرۆشـەوە بـووە هـەتا شـیرینی ژنـی منداڵـی ببێـت چـەند حـەکیم و پیاوچـاك و خـەڵکی شـارەزای کـردووەو دەرمـانی

تافیکردۆتەوە بێ سوود بووە.. کسرێ پێی دەزانێت کە (جوبریل شنگاری) پزیشکێکی چاکە ناردی بە دوایدا و توانی لە ڕێی دەرمان و کاری پزیشکییەوە ئەو دەردە چارەسەر بکات و شیرین سکی پڕ ببێت و ئەنجام کوڕێکی بوو ناویان نا (مەردان) ئیدی جوبریل لە کۆشکی پاشادا قسەی دەڕۆیشت.

کیسری هەر لە سەرەتاوە هاتبوە سەر باوەڕی مەسیحی بەڵام شیرینی ژنی کسری ئەویش هەر لەسەر باوەڕی مەسیحی دەڕۆیشت لەسەر ڕێگای یەعقوبی هەربۆیە دوای مشت و مڕو باس و قسەی زۆر لەسەر ئەو بیرو ڕایانە لە نێوانیاندا جوبریل بوو بە یەعقوبی بە پاڵ پشتی شیرین توانی هەوڵێکی بە گوڕ بدات بۆ بڵاوبوونەوەی بیری مەسیحیەت لە کوردستاندا تەنانەت توانی کیسری بەوە ڕازی بکات کە چاتلێکێکی یەعقوبی لەسەر کورسی پاتریارکی ڕۆژهەڵات دابنێت بەم جۆرە (میهراب کۆشەن ئەسپ) یان میهرای ئەسپەنێر بوو بە یەکەم چاتلیکی یەعقوبی لە کلێسەی نیشتمانی ساسانیدا[84].

هەر لێرەوە دەتوانین ئەو ڕایە بسەلمێنین کە یەکەم کلێسای کوردی کە لە لایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی پێ درابێ لە سەردەمی کسرێ بووە.

کوردستان بە پێی ڕەوتی هەڵکەوتنی باری جوگرافی نیشتمانەکەی خەڵکەکەی پێشکەوتوو بووەو لە بونیادنانی شارستانیەتی وڵاتاندا بەشداریان کردووەو جێگەی گەیاندنی بیرو فەلسەفەو زانستەکان بووە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بێگومان باپیرانمان لەسەر هەڵدان و پەرەپێدانی بیرو ئاینی مەسیحیدا دیسانەوە بەشداریان کردووەو لە هەوڵی نەبڕاوەدا بوون بۆ پەرەپێدانی باوەڕی مەسیحی لەناو کوردستانداو ناردنی موژدەبەخشەکانی کورد کە هەڵگری پەیامی مەسیح بوون بۆ ناوچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات.

# کڵێسای کوردی بۆ کوێ چوو؟

هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد.. کڵێسە یان دروست بوونی کڵێسە هیچ پاڵپشتێکی سیاسی و هێز و دەسەڵاتی لە پشت نەبووە، بەڵکو بە هەوڵی مژدەبەخشەکان دروست کراون و بیروباوەڕی مەسیحیان تیادا بڵاو کردۆتەوە ئەمە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و کوردستانیش بە تایبەتی (شار و شارۆچکەو ناوچە شاخاویەکان)ی بەشێك بوون لەو جێگایانەی کە مەسیحیەت تیایدا بڵاوبۆتەوە.

لە سەرەتادا لە ڕۆژانی کڵێسای یەکەم دا تەنها کڵێسایەك هەبوو بە پێی هەڵگردنی هێمای جیا جیا و بیروباوەڕی جیاواز بەڵام پاش چەند سەد ساڵێك بە هۆی ململانەی کەسایەتی و تێکەڵ بوونی کڵێسا بە دەوڵەت و سیاسەت لە لایەن گەورە پیاوانی ئاینی (ساسانی و ڕۆمی)یەوە کارێکی گەورەی کردە سەر باوەڕی مەسیحی و گەشەبوونی و بڵاوبوونەوەی ئاینەکە بە گشتی و نەمانی کڵێسای کوردی بە تایبەتی ئەم هۆکارانەش بوون بە هۆی ئەو لاوازیە.

## یەکەم: کوردە مەسیحیەکان بوون بە قوربانی ململانێی کەسایەتی لە نێوان نەستوور و کۆرڵس دا.

### نەستوور یان نەستووریوس:

لێرەدا بزانین نەستور کێیە؟ نەستوور لە ساڵی 378 یان 381 ز لە شاری مەرەش لە دایك بووە کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای کوردستان. نەستوور بە

زیرەکی و زمانڕەوانی ناسرابوو لە دێری (ئۆپرپیێۆس)ی بەناوبانگ نزیك ئەنتاکیا خوێندوویەتی بیروبڕواکانی قەشە (تیو دوردس)ی زۆر بە دڵ بووە بۆیەش کەوتۆتە خوێندنەوەی کتێب و نوسراوەکانی و بۆتە یەکێك لە خاوەنی هەڵگری بیروڕاکانی تیودوروس کە لەو سەردەمەدا لە ئانتاکیا و دەورووبەریدا (پیرەوانی) زۆری هەبووە. نەستوور بۆ ماوەیەك بووە بە قەشەی کلێسای ئەنتاکیا کە بەناوبانگترین کلێسە بووە لە ڕۆژهەڵاتدا و لەم کلێسایەدا بە هۆی وتارەکانیەوە ناوبانگێکی گەورەی پەیداکردووە بەو هۆیەشەوە لە ساڵی 428 ز کراوەتە پاتریارکی شاری قوستەنتینیەی پایتەختی ڕۆمی بیزەنتینی، ئەمەیش گەورەترین پلەو پایەی ئاینی بوو کە قەشەیەکی ڕۆژهەڵاتی خەوی پێوە بینیووە.

ئێستا با بزانین کۆرڵس کێیە؟ کورڵس یەکێك بوو لە قەشە لێهاتووەکانی میسر بە هۆی زیرەکی و زانیاری تەواوی دەربارەی بیروباوەڕی مەسیحی کرا بە پاتریارکی شاری ئەسکەندەریە لە میسر هەروەها کورڵس شارەزایەکی باشی هەبووە لەسەر بیروڕاکانی تیۆدۆرۆس، کورڵس یەکێك بوو لەوانەی کە ڕقی خۆی بەرامبەر نەستور نەشاردەوەو بە دوای هەڵەیەکدا دەگەڕا هەتا بتوا نێت بیروڕاکانی نەستوور لەق بکات و بەدەرکردنی بدات.

لە ساڵی 429 ز تورلوس نامەیەکی بۆ نەستور نارد داوای لێکرد هەتاوەکو بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە سروشتی مەسیحی بۆ ڕونبکاتەوەو نەستوور لە مەبەستی نامەکە تێگەیشتبوو بە ڕەقی وەڵامی دایەوە. بەم جۆرە لە میانەی شەڕە قسەی ئەم دوو کەسەدا دوو بیروباوەڕی لەیەك جیاواز پەیدابوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئاشکراتر دەبوو. پاش ساڵێك لە نامەی یەکەمی کورلس نامەیەکی تری بۆی نووسی لەم نامەیەدا باسی بیروباوەڕی خۆی دەردەخات لەسەر سروشتی مەسیح، کاتێك کە نامەکەی لە کۆڕی ئەفسوس دا باس دەکرێت و

ناوەڕۆكەكەی شـــی دەكەنـــەوە زۆربـــەی گـــەورە پیـــاوانی مەســـیحی جیـــهان و تەنانەت پاپاش (بابا) لەگەڵ بیروبڕوای كۆرلـس دەبـن سـەبارەت بـە سروشـتی مەسـیح كـە دەیگـوت (نـابێ لاهـوت ناسـوت ی مەسـیح لـە یـەك جیابكەینـەوە، بەڵكو هەردووكیان یەكیان گرتبوو تەنانەت لەسەر خاچیش)[85].

## كۆڕی ئەفسوس:

تاودۆسیۆسی دووەم ئیمـــبراتۆری ڕۆمـان بڕیـاری دا كۆڕێـك لـە شـارۆچكەی ئەفســـوس دامـــەزرێنێت لـــە ســـاڵی 431 ز بـــۆ لێكۆڵینـــەوەو شـــیكردنەوە لـــە مەسەلەی نێوان كۆرلس و نەستور. هــەر لـە دوای ئـەو بڕیـارە هـەردوو قەشـە كەوتنـــە كۆكردنـــەوەی لایـــەنگر بـــۆ بـــیروڕای خۆیـــان لـــە ڕۆژی 431/6/22 ز كورلوس كۆرەكەی كردەوەو نەستوور و 70 قەشـەی تـر بەشـداریان نـەكرد بـە بیـانوی ئـەوەی كـە هێشـتا نوێنـەری هـەموو لایـەك نەگەیشـتوون هـەر لـەو كۆرەشدا بڕیار درا كە بۆچونەكانی نەسـتوور لادانـە لـە مەسـیحیەت هـەروەها پێیان گوت (نەستور یەهوزا)ی نوێیە و بڕیـار درا هـەتا بـەرگی قەشەیەتیشی لەبەردا دابكەندرێت.

نەسـتور و هاوبیرەكـانی گوێیـان بـە بڕیارەكـانی ئەفسوس نـــەدا بـــەردەوام بوون لەسەر بڵاوكردنەوەی بیری خۆیان تۆز تۆزەش كەوتنە دژایەتی كردنـی هێڵی ئاینی مەسیحی كە دەوڵەت پشتگیری لێ دەكـرد. بـەم جـۆرەش نەسـتوور لە ساڵی 435 ز گیراو بۆ بیابانی میسر دوور خرایەوە دوای ئـەوە ئیـتر زانیـاری لەسەر نەستوور كـەم بـۆوە گوایـە ئـەو لـە ساڵی 450 ز لـە میسـر كۆچـی دوای كردووە[86].

## كڵێسای نەستوور

لــە ســاڵی 431 ز دامــەزراوە کەواتــە دوای بڕیــاری کــۆڕی ئەفســوس، کاربەدەستانی کڵێساو دە وڵەت دوای دوورخرانەوەی نەستوور کەوتنە ڕاونــان و کوشتن و چەوساندنەوەی هاوبیرانی نەستوور. بەم جۆرە هاوبیرانی نەستوور بە کۆمەڵ پەنایان بۆ ناوچەکانی کوردستان دەبرد کە ساسانیەکان تیایدا دەسەڵاتدار بوون، ساسانیەکانیش بە مەبەستی لاوازکردنی ڕۆمەکان باوەشیان بۆ دەکردنەوە. ڕاونانی ڕۆمەکان بۆ هاوبیرانی نەستوور داشکایەوە لەبەرئەوەی تا ساڵی 487 ز بەشێکی زۆری کورسی‌یە مەترانیەکانی سنووری ئیمبراتۆریەتی ساسانی کە زۆربەیان کورد بوون و بوون بە هاوبیرانی نەستوور.

لە ساڵی 487 ز دا جاتلیك (ئاکاك) کە کورد بوو و لە تەیسەفون دادەنێت و گەورەی هەموو مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات، بوو. بە یەکێك لە هاوبیرانی نەستوور. بەم شێوەیە ڕێبەرانی کڵێسای ڕۆژهەڵات هاتنە سەر بیروباوەڕی نەستوور و هەموو کوردەکانی تری ناوچەی ساسانییەکان هاتنە ژێر دەسەڵاتی کڵێسای نەستوورییەکان (ئەمەش بوو بە هۆی پەرەسەندنی ڕادەی دوژمنایەتی لە نێوان ڕۆمەکان و مەسیحیەکانی کوردستان و دوژمنایەتی لە ڕادەبەدەری نێوان ساسانی و ڕۆمی بیزەنتی هەر بۆ زانیاری زیاتریش گەڕیدە کەریم زەند لە کتێبی ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا باس کردووە)[87].

هەر لەگەڵ ئەو چەوساندنەوەو توندەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ڕۆمی بیزەنتینی و کاربەدەستانی ئاینی کلێساو دەوڵەت لەگەڵیاندا دەکراو سەرەڕای نەمانی ڕابەر و دامەزرێنەری بیرو باوەڕەکەیان کەچی توانیان جێگەی خۆیان بکەنەوە لە سووریاو عێراق و ئێراندا وە توانیان کۆمەڵەیەکی گەورە و چالاك بۆ مزگێنی بەخش کردن پێکەوە بهێنن و لە وڵاتانی تریشدا کۆمەڵەی تر بۆ خۆیان دروست بکەن لەنێو دوورگەی عەرەبی و وڵاتانی هیند و تورکستان هەتاکو گەیشتن بە چین، هەتا ئێستاش لە ئێران و عێراق هەر ماون و بە کلێسای ئاشووری یان ڕۆژهەڵات ناسراون.

هەر بەم شێوەیە کوردە مەسیحیەکان کەوتنە دوای بیرو باوەڕی نەستوور و بوون بە قوربانی کێشە کەسایەتیەکانی نێوان نەستوور و کورلس. هەروەها مەسیحیەکانی تریش کە بە هۆی زوڵمی کاربەدەستانی ڕۆمەوە هەڵاتبوون بوونە یەك و بە یەکەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مەسیح، لەسەر ڕێگای بیروباوەڕی نەستوور، کە سەرئەنجامیش کوردە مەسیحیەکان، یاسای دەوڵەتی خۆیان لە بیرکردوو بوون بە هاوبیر و ڕێبازی بیری نەستوور، وەك نەتەوەکانی تر نەیتوانی کلێسایەکی نیشتمانی هەتا سەر دروست بکەن.

## دووەم: بڕیاری کوردە مەسیحیەکان لە دوای کۆڕی ئەلخەلقیدونیە لە شاری ئەستەمبوڵ

دوای مەرگی تاودۆسیۆس ئیمبراتۆریەتی ڕۆم: (ئیمبراتۆر مەرگیان) (450-457ز) بوو بە فەرمان ڕەوای دەوڵەتی ڕۆم، مەرگیان و باب لاو بوون. بۆ گرێدانی کۆڕێکی ئاینی بە پەلە دەست بەکاربوون بە هۆی دژایەتی کردنی

بیر وباوەڕی نەستوور لەناو مەسیحیەکانی سنووری دەوڵەتی ڕۆم دا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبوون، ئەو دژایەتیە گەیشتە ڕادەیەك کە کڵێسای ڕەسمی دەوڵەتی ڕۆم بە بیرکردنەوەکانی کورلس و بڕیارەکانی کۆڕی ئەفەسوسدا بچێتەوە.

کۆڕەکە لە ساڵی 451ز لە گەڕەکی خەلقیدونی شاری قوستەنتینی (ئەستەمبوڵ)ی ئەمڕۆ بەسترا لەسەر دەریاچەی بوسفور. هەر وەکو چاوەڕوان دەکرا کۆڕەکە بە تێکڕای دەنگ دیوسکورسی پاتریارکی تازەی ئەسکەندەریەو ئوتیخاو قەشەی ئەسکەندەریەو هاوبیرانی بەلادەر و گوناهبار ناساند لەبەر ئەوە قەشە توتیخا دیوسکورسی پاتریارکی تازەی ئەسکەندەریە لەسەر بیروباوەڕی کۆرلس بوون. هەر بەم بۆنەیەشەوە و وێنەکی تازەی باوەڕیشیان بلاوکردەوە کە لەگەڵ دەقەکەی کورلس یەکیان نەدەگرتەوە.. هاوبیرانی کۆڕی خەلقیدۆنیە دواتر بە کاثولیك ناسران و بە ڕۆژئاوای کوردستان خۆیان چەسپاند)[88].

بێگومان دیارە نەستۆریەکان گوێیان بۆ بڕیارەکانی کۆڕی ئەستەمبوڵ ڕانەگرت زۆربەی هەرە زۆری ئەرتەدۆکسیەکانی کوردستانیش کە کورد بوون تا ئەوکاتە پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ڕۆمیان دەکرد دژ بە بیروباوەڕی نەستۆریەکان ئەوانیش کەوتنە دژایەتی بەرامبەر بە بڕیاری باوەڕی تازە کە لە کۆڕی ئەستەمبوڵ کرا ئەمە وای کرد کە ئەرتەدۆکسیەکانی کوردستان وە نەستۆریەکان کە زۆربەیان کورد بوون و هاتبوونە سەر ئەم کلێسایە (کلێسەی نەستوریەکان) هەموویان بە یەك دەنگ دژ بە بڕیارەکانی خلقیدونیە ڕابوەستن لەوانەشە کە سەرجەمی مەسیحیەکانی ئەرمەنستان و سوریاو ئیسرائیل و میسر و ئەسیوبیاش دژی بڕیارەکانی باب و ئیمپراتۆر بووبن کە لە کۆڕی خەلقیدونیەدا ئاشکرا کرابوو، هەر ئەم کلێسایانە کە هەریەکەیان لە

ولآتی جیاجیا بوون به تێکەڵاوی و به توندی بەرگریان له مونوفیزیی یان دەکرد کە داو ای یەك سروشتیان بۆ مەسیحیەت دەکرد[89].

دیارە مەسیحیەکانی ولآتی ساسانی لەبەر ململانێ سیاسی نێوان دەوڵەتی ڕۆم و ساسانی هەمیشه دەکەوتنه گوێنەدان به بڕیارەکانی کلێساو دەوڵەت و ئامۆژگاریەکانی باب، ئەمه بێ گومان وای کرد که مەسیحیەکانی کوردستان ئەم بڕیارە وەربگرن دژ به کۆڕی ئەستەمبوڵ. دوای دژایەتیەکی زۆریش له نێوان مونفیزەکان و دەوڵەت و کلێسەو نەستووریەکان کلێسای مونوفیزی هیچ کاتێك نەیتوانی که پاتریارکێکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ سەرجەم هاوبیرانی خۆی دابنێت. هەر بۆیەش بوو به چەند کلێسایەکی ناوچەیی یاخود نیشتمانی. ئەم دابەشکردنەش ناوی جیا جیای گرته خۆ وەکو کلێسای قبتی و ئەرمەنی و سریان و ئەرتەدۆکسی. بەڕێز کەریم زەند ئاماژەی کردووە که (ئەم سریانه ئەرتەدۆکسەکان) کوردن و کلێسای ساوییری و کلێسای تیاری هەردووکیان به کورد دەژمێررێت)[90]. وە هەروەها کلێسای یەعقوبی که گومان له کوردبوونی نییه، بۆیەش کوردەکان له پەیڕەوکەرانی ئەو کلێسایەن.

## سێیەم: کلێسای یەعقوبی و کوردە مەسیحیەکان

سەرەتا با بزانین یەعقوب کێیە؟ یەعقوب ناوی یەعقوب (زانزالۆ) بووە زانیاری زۆر کەمه لەسەر ژیانی، له دێرێکی نزیك شاری نوسەیبین بووە به مونوفیزیکێکی زۆر چالاك و ناسراو بووە.. دژایەتی توندی هەردوو کلێسای نەستووری و مەلەکی کردووە.

یەعقوب هیچ بیرێکی تازەی دانەهێناوە کەچی تەواو ناوی دەرکرد بوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا. هەلگری بیروڕاکانی کۆرلس بوو کەلە کۆڕی ئەفسوس پەسەندکرابوو، هەر بۆیەش دوژمنی زۆر بووەو لە هیچ شوێنێك ئۆقرەی نەگرتووە زۆر جار جلی دەروەزەکەرانی لەبەر کردووە هەتاوەکو نەیناسنەوە هەر لەبەر ئەوەش زیاتر بە یەعقوبی بوردایە یان یەعقوبی بەرعای ناسراوە.

(بەم پێیەش هەولی داو توانی هاوبیرێکی زۆر بۆ کلێساکەی خۆی پەیدا بکات و لە شارو گوندەکانی کوردستاندا، کە لە سالی 451ز دا دامەزراوەو ناسراوە بە کلێسای یەعقوبی یان (سریان ئەردەتوکسی)[91]. ئەو کارەو هەولدانی یەعقوبی بەردەعای. گۆڕانکاریەکی گەورە بوو لە قوستەنتینەی پایتەختی ڕۆمەکاندا ڕوویدا.

که بوو بە هۆی هاتنە پێشەوەی هەلێکی زۆر لەبارو گونجاو بۆ یەعقوب هەتاوەکو بتوانێت لەنێو کلێسای مۆنۆفیزیدا گەشەیەکی چاك بسازێنێت. ئەمەش ناوبانگێکی پەیداکرد بە ئازایی و هۆشیاری و لێبووردووی ناسرابوو.

یوستنیانی یەکەم (527-565ز) بوو بە ئیمبراتۆری ڕۆم، ئەو یەکەمین کەس بوو کە هەموو یاسا پەرت و بلاوەکانی ڕۆمانی کۆکردەوەو لە ڕووی سەربازیشەوە توانی باکوری ئەفریقیا و ئیتالیا بگرێت هەروەها شاری ڕۆمای پایتەختی دەولەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی لە دەست گیرمانیە بەربەریەکان دەرهێنا، تیۆدۆرە ژنی ئیمبراتۆر پشت گیری لە مونەفیزەکان دەکرد کە گوایە کچی قەشەیەکی ناوچەی نوسەیبین بووە (لەوانەشە کوردبێت).

یەعقوب بەردایی کە بیستی تیودورە پشتگیری دەکات لێیان، لە سالی 528 ز بەرەو کوستەنتینای پایتەختی بەڕێکەوت، توانی خەلکێکی زۆر زۆری لە خۆی کۆبکاتەوە و ناوبانگێکی گەورەش پەیدا بکات. هەر بۆیەش کرا بە

مــەترانی ناوچەکــەی خــۆی. یــاقوب دەیزانــی ڕۆژگــار بــە ئــارەزووی ئــەو هەڵناسوڕێت بۆیە کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدا.. گوایە لەو سەردەمەدا بـە هـەزاران کەسی کـردووە بـە کـاهین و قەشـە و شـەماس و بـە تایبـەتی ئـەو کـوردە مەسـیحیانەی کـە هاوبـیری ئـەو بـوون و دەڵێـت: (127 قەشـەو 2و پاتریـارك و 100 هەزار ئەکیلرکی بە پلەی جیا جیا دامەزراندووە)[92].

یاقوبیەکان توانیان تا ساڵی 625 ز کورسی قەشەی شارەزوور بگرنە دەست، وە هەر لەو ساڵانەشدا کوردستان بە هۆی شـەڕی نێـوان ڕۆم و ساسـانیەکانەوە کە 25 ساڵی تەواوی خایاند زۆر شێواو بوو. ساسـانیەکان لـەم شـەڕەدا دۆڕان و بە مەرجەکانی ڕۆم ڕازی بوون کە یەکێك لە مەرجەکان ئەوە بـوو کـە ئـازادی تەواو بە مەسیحیەکان بدرێت دێرو کڵێسا دروست بکـەن و ئاینەکـەی خۆیـان بـڵاو بکەنــەوە دوای ئــەو ڕێکەوتنــەش یاقوبیــەکان شــاری (تکریتیــان) کــردە ناوەندێکی بەهێزی مـ ونەفیزی لە کوردستاندا (بەم جۆرە هەموو کڵێساو دێـرە یەعقوبیەکانی کوردستان لەگەڵ تکریتدا پـەیوەند کـران.. دەتوانـین بڵێـین تـا ساڵی 1155 ز شاری تکریت پایتەختی یەعقوبیەکان بووە)[93].

جۆن لۆریمر لە کتێبەکەیدا (مێـژووی کڵێسا) بـاس لـە یـەعقوب بـەردایی دەکـات (یـاقوب بـەردایی بـە درێژایـی خزمەتەکـەی 27 ئەسـقەفی دانــاوە و 12 ئەسقەفی لە میسر بووە) هەروەها دەڵێ (یاقوب بەردەعای بەبێ هیلاك بـوون هــەوڵی دەدا بــۆ یەکخســتنی هــەردوو کڵێســای ئەرتەتۆکســی میســری و سریانی)[94].

(تەنانەت کڵێسای ئەرمەنی کـە لـە سـاڵی 551 ز کۆڕێکـی ئـاینی بەسـت بـۆ بەشـداری بوونـی گـەورە پیـاوانی ئــاینی و دەســەڵاتدارانی سیاسـی هــەر لــەو کۆڕەشـدا بڕیـاری ئـەوە درا کـە پـەیڕەوی لـە فێرکردنـەکانی یـەقوب بــەردایی بکەن)[95].

یاقوب بەردایی لە ماوەیەکی کەمدا توانی لـە بـاکوور و بـاکووری ڕۆژئـاوای کوردستان بەشی هەرە زۆری کڵێساکانی ئەو ناوچەیە بگرێتە دەسـت. هـەر بـە هۆی چالاکی و گورج و گۆڵی خۆیـەوە لـە دوای سـاڵی 543 کڵێسـای مونوفـیزی لە کوردستان و زۆر وڵاتی تر بڵاوبوو بۆوە. کڵێسای یاقوبی ناوبـانگی گـەورەی دەرکردبـوو ئینتـاش یاقوبیـەکان ئێسـتاش بـە کڵێسـەکەیان دەوترێـت کڵێسـەی (سریانی ئە رتەدۆکسی) ئاوا.. بەم شێوەیەش کوردە مەسیحیەکان چوونە سـەر کڵێسـای یـاقوبی و دواتـر نـاونران (سـریان ئەرتـەدۆکس) کـە (ئێسـتا دوو مەترانیەتیان لە عێراقدا هەیـە. بـەناوی (سـریان ئەرتـەدۆکس) یـەکێکیان لـە بەغدادەو ئەوی تریان لە موسڵە)[96].

لێرەدا دەتوانین بپرسین ئایا کڵێسای کوردی بوونی هەبووە لە کوردسـتاندا چی لەناوچە شاخاویەکان و یا لە سەر ڕووبار و دەشتاییەکان؟

بـەڵێ، وەکو لـە پێشاندا باسمـان کـرد کڵێسـای کـوردی نـەك هـەر بوونـی هـەبووە بـەڵکو کاریگەریـەکی گەورەشـی هـەبووە بـەڵام نـەیتوانی نـاوی نیشتمانی خۆی هەڵبگرێت وەکو هەموو کڵێساکانی تری جیهان.

بـۆ زیـاتر زانیـاریش حـەزم دەکـرد نموونەیـەك بهێنینـەوە لەسـەر ئـەو ململانێیـەی کـە لـە ئـەنجامی بوونـی دوو کڵێسـا لـە کودسـتاندا (یـاقوبی و نەستووری) کرا. نمونەکەش ئەوەیە بەرسـۆمانی سـۆمای نوسـەبینی کـە سـاڵی 497 ز مـردووە و ڕێبـەری هـەرە دیـاری نەسـتووریەکانی وڵاتـی ساسـانیەکان بووە.

ئـەو ئاگـاداری دەسـەڵاتدارانی ساسـانی کـردووە کـە جـاتلێکی یـاقوبی ئەرمەنسـتان (461-478) بـە نـهێنی پـەیوەندی بـە ئیمبراتۆریـەتی ڕۆم (لیۆنـی یەکەم)ی (475-474 ز) کردووە. ئەرمەنستان ئەو کاتە بەشێك بوو لـە دەوڵـەتی ساسانی شافەیروزی یەکەمی ساسانی کە لەو سەردەمەدا دەسـەڵاتدارێتی گـرت

و بۆ تەسیەفون دووری خستەوە شافەیروزیش بۆ ئەوەی پاداشتی بەرسوما بداتەوە پشتگیری لە نەستۆریەکانی دەکرد دژی یاقوبیەکان. سەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە لە لایەن گیرانی بەرسۆمای لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی موسل و تکریت پتر لە 7 هەزار یاقوبیان لە کورد و سریانی کوشت[97].

ئەو بارودۆخە لە کۆتایی سەدەی (6ز) و سەرەتای سەدەی (7ز) وا پارسەنگی گۆڕا هێز و ژمارەی لایەنگران بەلای یاقوبیەکاندا شکایەوە هەر لەو سالانەشدا کیسری ئەنەوشیروانی دادگەر پەلاماری ناوچە سنووریەکانی دەولەتی ڕۆمی‌دا ئەو لەو پەلامارەدا ژمارەیە دیلی کوشت کە زۆربەیان یاقوبی بوون وە بۆ قولای وولات گوێزرانەوە و ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ قەدەغە کرا بۆیەش ئەوانە کەوتنە خۆڕێکخستن و دامەزراندن لەگەڵ ئەو یاقوبیانەدا کە لە ناوچەکانی موسل و بادیناندا بە پەرت و بلاوی دەژیان. هەر لە دوای ئەوەش خەسرەو شای دووەم لە سالی 609 ز شاری ڕاها و ئورفە لە دەست ڕۆمەکان دەرهێناو مەترانێکی نەستووری لە شارەکەدا دانا و کەوتە سەرکوت کردنی توندی مەلەکیەکان بەلام خراپەیان لەگەڵ یاقوبیەکاندا نەکرد[98].

هەر لێرەوە دەردەکەوێت بە هۆی بارودۆخی سیاسی نالەبار لە نێوان دەولەتی ڕۆمی بیزەنتی و ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا کە ئەو ململانێیە هەندێك جار ململانێی سیاسیدا دەبوو بە ململانێی ئاینی پاشا ساسانیەکانیش ناچار دەکران هەندێ جار بە چەوساندنەوەی کوردە مەسیحیەکان و هەندێك جاریش بە ڕێخۆشکردن بوو بۆ بلاوبوونەوەی ئاینەکەیان. ئەمانە هەمووی وایکرد لەو کاتانەی کە چەوساندنەوە هەبوو هەندێکیان ناوچەکانیان بەجێهێشت و هەندێکی تریان ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ناوی ئارامی تاوەکو نەیاننناسنەوە.

خاڵێکی تری گرنگ هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە کڵێسای کوردی وەکو کڵێساکانی تری جیهان ناوی نیشتمانی خۆی هەڵنەگرتبوو. ئەمە هەر لە سەرەتای باوەڕهێنانی کوردە مەسیحیەکان لە کوردستاندا هەوڵیان بۆ نەدابوو کە کتێبی ئینجیل وەربگێڕنە سەر زمانی پەهلەوی، ئەوکاتە بێگومان ئەمەش بوو بە خاڵێکی گرنگ دژ بەوەی کە نەیانتوانی ناوی نیشتمانی خۆیان هەڵبگرن لەسەر کڵێساکانیاندا.

خاڵێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەم بابەتەدا باسمان کرد کە کوردە مەسیحیەکان ئەم جارەیان بوون بە قوربانی ململانێی کەسایەتی کڵێسەکانی تر.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین بڵێین کە دیارە گەیشتنی کورد یان کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بیروباوەڕی مەسیح و ئامۆژگاریەکانی دەورێکی باڵای هەبوو بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحی بە زۆربەی ناوچە کوردەکاندا کە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی ووتاری سەرچیا کە چۆن چەمکی لێبوردن (التسامح) لە خودی باوەڕی مەسیحیەوە سەرچاوەی گرت.

## مێژووی کڵێسای کلدانی و مەسیحیە کوردەکان

کڵێسای کوردی لە کوردستاندا پێش هەموو میللەتە کەمینەکانی تری ناوچەکە بوونی هەبووە. چی لە ڕووی باوەڕهێنانیان بە مەسیحیە وەیان لە دروست کردنی گروپی جیا جیا بۆ فێرکردنی باوەڕی نوێی مەسیح، یاخود بە ناردنی مژدەبەخشەکان بۆ وڵاتانی تر وەك هیند و ئەرمینیا و باکوری ئەفەریقیا، بەڵام ئەو دێرو کڵێسایانەی تر کە مژدەبەخشە کوردەکان

دروستیان کردووه له وڵاتانی تر و له دەرەوەی کوردستان ئەوا لەگەڵ مێژوودا کردیان به مێژووی خۆیان، وه لەسەر کڵێسای خۆیان نوسراو خۆیان کەوتنە یادکردنەوەیان بە داخیشەوه کە مێژوو نوسەکانیش هەر لەگەڵ ئەواندا ڕاستیەکانیان تۆمار نەکردووه. لێرەدا دەتوانین ناوی چەند کەسانێکی کوردی مەسیحی بهێنین کە بوونەتە مەشخەڵی بڵاوبوونەوەی باوەڕی مەسیحی لە کوردستاندا کە ئێستا کڵێسای کلدان و ئەرمەنی یادیان دەکاتەوەو لەسەر مێژووی کڵێسای خۆیان تۆمارکراون.

له رۆژی 30 ی نیسان دا کڵێسای کلدانی یادی مارئۆراها دەکات و ئاهەنگ و شادی لەم مانگەدا دەگێڕن بە بۆنەی دروست بوونی ئەو دێرەی کە مارئۆراها دروستی کردووه و خوێندنەوەی چەند گوتار و ئامۆژگاریەك بە بۆنەی ئەو ڕۆژەوە.

بەڵام مار ئوراها کە ناسراوه بە ئۆراهای میدی ئەو لەگەڵ هورمز بە هۆی چەوساندنەوەوه ڕوویان کردۆتە ناوچەی موسڵ کە لەوانەیە لە ناوچەی هەمەدانەوه هاتبووبێت، هەر خۆی بە ڕێکخەری ژیانی ڕەبەنایەتی دادەنرێت لە سەردەمی ساسانیەکاندا لە کوردستان.

له ڕۆژی 8 ی ئایاردا کڵێسای کلدانی یادی ڕەبان هورمز دەکات کە کڵێسای کلدانی لەو ڕۆژەدا لە هەموو ناوچەکانی موسڵ دا دەڕۆن بۆ نزیکی شاری ئەلقوش بۆ ئەو دێرەی کە بە ناوی ڕەبان هورمزە بە نیازی ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوه، هەروەها مێژوو نووسان باسی ئەوه دەکەن کە هەردوکیان (هورمز- ئەوراهام) بە هۆی چەوساندنەوەوه لە وڵاتی ساسانیەکانەوه ڕوویان کردۆتە ناوچەی موسڵ و پێکەوه بۆ چەند ساڵێك خزمەتی ئاینی مەسیحیان کردووەو دواتر جیابوونەتەوه مارئۆراها ڕووی کردۆتە گوندی پانتیا وه هورمز ڕووی کر دۆتە ئەو گوندانەی نزیك ئەلقوش.

له ڕۆژی 4ی ئاب کڵێسای کلدانی لـە عـێراقدا یـادی مـار یـاقوب دەکـات کـە ئەسقوفی شاری نوسەیبیە بوو بۆ زیـاتر زانیـاری سـەبارەت بـە مـار یـاقوب لـە پێشدا ناوی فەرهاد بووە لـە ترسـی چەوسـاندنەوەی ئـەو سـەردەمە هـەتاوەکو نەناسـرێتەوە نـاوی خـۆی گۆڕیـوە بـە ئـەفراهاد دیـارە ئـەو ناوەیشـی زانـراوەو نـەیتوانیوە لەسـەری بـەردەوام بێـت بۆیـە دیسـان گۆڕیویـەتی بـە یـاقوب.
هەروەها کڵێسای ئەرمەنی لە عێراقدا لە 10ی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا یادی دەکەنەوە بە ناوی هاکوب (فرهـاد، ئـەفراهاد، یـاقوب، هـاکوب) کـە مانـای هاکو ب هەر یاقوب دەگەیەنێت لە ڕووی زمانەوانیەوە.

ئەم یادکردنەوانەی کڵێساکان بۆ ئـەو کەسـە نەمرانـە مێژوویـەکی قوڵیـان هەیەو شاهیدی هەموو ئەو ڕاستیانەن کە مژدە بەخشە کوردەکان بە جۆرێك ڕەگیـان داکوتـاوە بـە درێژایـی مێـژوو لـە دڵـی مەسـیحیەکاندا هـەر سـەوز دەبنەوە.

ئەوەتا لە 15ی ئـەیلولی هـەموو سـاڵێك پاتریـاریکی کلدانـی یـادی مارفافاو برادەرەکانی دەکاتەوە کە بریتـین لـە شاهدوسـتی جاسـلیق و داودی بەسـری و ئبراهام ئەلتەستری و کەسانی تر کە هەموویان پێکەوە ئـاڵا هـەڵگرانی ڕیبـازی مەسیحی بوون لە ناوچە کوردیەکان.

هەر پاتریارکی کلدانی لـە ڕۆژی 15 کـانونی دووەم دا هـەموو سـاڵێك یـادی مـارئۆجین و ڕەبانـە برادەرەکـانی دەکاتـەوە کـە شـاگردەکانی بریتـی بـوون لـە "چـل کـەس" زۆربـەیان کـورد بـوون وە نەسـتووریەکانیش مـارئۆجین و شاگردەکانی بە دامەزرێنەری زۆربەی دێرەکانی کوردستان دادەنرێن.

لـە ڕۆژی 1ی کـانوونی دووەم باتریـاریکی کڵێسـای کلدانـی یـادی مارمیخـای نوهەدری دەکاتەوە، هەروەها لە ڕۆژی 8ی ئەیلول یادی شەهید مار قـەرەداغ و لە هەمان مانگدا لە ڕۆژی 25 ئەیلول یادی شـەهید تـەهماز گـرد دەکاتـەوە کـە

زۆربــەی ژیــانی لــە خزمــەت کردنـــی مەســـیحیەت لـــە شـــاری کـــەرکوك دا بەسەربردووە.

جگە لەمانە کەسانی تر هەن کە هەمان کلێسە یادیـان دەکاتـەوە لەوانەیـە ئەوانەش کورد بووبن بەڵام زانیاری مێژوویی لەسەریان نی‌یە.

ئەگەر بمانەوێت زانیاریەك دەربارەی دروست بوونی کلێسای کلدانی پــەیدا بکــەین دەبێــت بگەڕێینـــەوە بـــۆ ســاڵی 1551 ز کــە لــەو ســاڵەدا مارشـــیمون ڕایگـەیاند کـە دوای خـۆی (بـەر ماما)ی کوڕی دەبێت بـە چاتلیك، هـەر لــەو ساڵەدا مارشـــیمۆن کۆچـی دوایــی کــرد، خێڵــە کۆچەریــەکانیش بــەرمامایان هەڵبژارد وەك جاتلیك ناویان نا بە مارشیمۆنی هەشتەم هەر وەکو زانراویشە مەسیحیەکانی کوردستان زۆربەیان لەژێر دەسەڵاتی کلێسای نەسـتوری بـوون. خێڵە مەسیحیەکانیش کە بە زمانی ئارامی دەدوان زۆرترینیان لەسەر کلێسای نەستووری بوون کە ئەوان بە زاراوەی ئـارامی ڕۆژهـەڵاتی دەدوان.. هـەر بۆیـە وا چاوەڕوان دەکرا کە نەستووریەکانی نـاو شـار و گوندەکـانی کوردسـتان ڕازی نەبن بەو هەڵبژاردنە.. هـەر بۆیەش ناویان نا ((لادانە لە نەریتی کلێسا)) هەر بـەم بۆنەیـەوە مشـتومڕ و قسـە کەوتـە نێـوان نەسـتووریەکان، کێشـەکە وای لێهـات کـە پێویسـت بـوو قەشـەی هـەولێر و موسـڵ یـــەکتری ببینـــن بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکەو کۆڕێکــی بەپەلــەش دابمــەزرێنن لــە نوێنـــەرانی قەشەنشـینی هـەموو ئـەو شــارانەی کوردســتان کـە کورسـی قەشــە نشـینیان تێدابـوو. دوای ماوەیـەکی کـورت نوێنـەرانی ئــاینی لـە (کـەرکوك و موسـڵ و جـەزیرە و مـاردین و نوسـەیبین و هـەولێر و سـەلماس و ئـاکرێ و حسـنکینی)، ئـەوان لـە شـاری موسـڵ کۆڕەکـەیان بەسـت و دوای تـاوتوێ کردنـی مەسـەلەکە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەیان دەبێت ملکەچی نەریتی خێڵەکیـەکان بـن یـاخود دەبێت لێیان جیاببنەوە.. بە تێکڕای دەنـگ جیابوونـەوەیان هـەڵبژارد، ئـەوان

لـه بڕیـاری جیابوونەوەکـەیاندا هـەنگاوێکی تریـان هاویشـت کـە ئـەویش لـە بیروباوەڕەکـانی نەسـتور هەڵگەڕانـەوەو بڕیاریـان دا پـەیوەندی بـە پاپـاوە بکەن و بە یەکجاری بچنە ناو کڵێسای کاتولیکەوە هەتا ئەوکاتە کاتولیك هیچ بنکەیەکیان لە کوردستان نەبوو.

سەرئەنجام کوردە مەسیحیەکانی موسلْ شیمۆن سولاقای کوڕی دانیـالْ یـان هەڵبژارد بە سەرۆکی خۆیـان، شـیمۆن خـەڵکی ئـاکرێ بـوو، ئەوکاتـە سـەرۆکی ڕەبەنە کانی دێری ناسراوی هورمز بوو لە نزیك ئەڵقوش. بـەم هەڵبژاردنـەش هەستا بە هەڵبژاردنی دەستەیەك لە پیاوانی ئاینی بـۆ ئـەوەی بـڕۆن بـۆ ڕۆمـا وە بریاری موسلْ بە خودی پاپاو پیاوانی ئـاینی کڵێسـای کـاتولیك ڕابگەیـەنن. بەوجۆرە ڕۆیشتن و پاپاش پێشوازی لێکـردن و تـا ماوەیـەکی بـاش میوانـداری کردن.

ئەم جیابوونەوەیە پێویستی بە ناوێك هەبوو ووشـەی کلدانـی بـۆ گـەلێکی لـەناو چـووی ناوچەکـە بـەکارهێنرابوو، کاربەدەسـتانی ڤاتیکـانیش ئـەو نـاوە کۆنەیان زیندووکردەوە.

ئاوا ئەوان هـەر لـە سـاڵی 1553 ز نـاوی نەسـتووریـیان لـە خۆیـان لاداو لـە جێگـای ئـەودا نـاوی کلدانیـان لـە خۆیـان دانـا کەواتـە دروسـت بوونـی کڵێسـای کلدانی دەگەڕێتەوە بۆ 448 ساڵ بەر لە ئێستا.

ئا بەم شێوەیە بە هۆی نـەبوونی کڵێسـایەکی کـوردی نیشـتمانی نـەتواندرا کڵێسـای کـوردی ئـەم کەسـانە و هـەزارەها کەسـی تـری گیـان بـەخش لەسـەر مێـژووی کڵێسـاکەی تۆماربکـات و کـوردە مەسـیحیەکان بـوون بـە پردێـك بـۆ دروستکردنی کڵێسە نیشتمانیەکانی نەتەوەکانی تـری ناوچەکـە وەکـو کڵێسـای کلدانـی و کڵێسـای سـریانی و کڵێسـای ئەرمـەنی و کڵێسـای هینـدی و تەنانـەت هەوڵێشیان دا بۆ دروستکردنی کڵێسای ڕۆمی.

شایانی باسە نەبوونی کڵێسەی کوردی ناگەڕێتەوە بۆ کەمی باوەڕی ئەو کوردە مەسیحیانەی ئەو سەردەمە یان نەتەوەکەی خۆیان لەبیر کردبێت کە کورد بوونە. بەڵکو هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوەڕی تەواویان هەبووە بە مەسیحی پیرۆز و پەیمانەی نوێ کە دەڵێ (ئیتر هەمووومان یەکین یەهودی و یۆنانی و کۆیلەو ئازاد و پیاو ژن) هیچ نەتەوەیەکی تر نی‌یە زاڵ ببێت لەسەر نەتەوەکانی تر هەموویان بە یەك خوێن کراون کە خوێنی عیسای مەسیحە.

هەوڵی ئەوان هەوڵی دروست کردنی کڵێسایەکی کوردی نەبووە بەڵکو هەوڵدانی ئەوە بووە ژمارەی ئەوانە کەم بکەنەوە کە لە ژیاندا خراپەیان بەرەو دۆزەخ دەیانبات و ژمارەی ئەوانەش زیاد بکەن کە چاکەیان بەرەو بەهەشتیان دەبات.. بەڵام وا دیارە باوەڕداری مەسیح هەبوون لە نەتەوەی جیا جیا ئارەزووە کەسایەتیەکان و دەمارگیری نیشتمانی و تێنەگەیشتنیان لە کتێبی ئینجیل بۆ هەوڵدان و دروست کردن و بەدیهێنانی ئارەزووەکانی خۆیانیان بردووە. بۆیەش لێرەدا درودو مەزنی بۆ ئەو کوردە مەسیحیانە دەنێرین کە گیانی خۆیان بەخت کردوو لە ڕێگای عیسای مەسیح دا بە پاکی شەهید کران و ئەو ڕێگەیەیان سوورکرد و ئارەزووی کەسایەتی و ماڵی جیهان و زۆر ستەم سەری پێ دانەنەواندن و هەمیشە لە بیری دروست کردنی پادشایەتی عیسای مەسیح دا بوون لە کوردستان. کە ئەمەش بە تێکڕا ژن و پیاو و منداڵانیش دەگرێتەوە کە هەریەکێك لە جێگای خۆیەوە باوەڕی مەسیحی بڵاوکردۆتەوەو زانیویانە کە شتە مادیەکان مایەی لەناوچوونن و بۆ هەمیشە شتە ڕۆحیەکانیان هەڵبژاردووە.

هەر بۆیە عیسای مەسیح دەڵێ: (چونکە ئەوەی لە جیهاندا ئارەزووی لەش و چاوو سەڵتەنەتی ژیان لە جیهانەوەیە نەك لە باوك جیهان و

ئارەزووە پیسەکانی بەسەردەچن، بەڵام ئەوەی بە ویستی خودا دەکات تا هەتا هەتایە دەچەسپێت).

## پەراوێزەکان

* مەلەکی یان مەلکو: بەو مەسیحیانە دەوترا کە پێش تر لەسەر کلێسای دەوڵەت نەبوون و چوونە سەر کلێسای دەوڵەت و بە تایبەتیش مەسیحیەکانی کوردستان، ئەوانە وازیان لە ئایینی ڕاستی مەسیح هێناوە و چوونە سەر پەیڕەوی (مەلیك) مەرگیانی ڕووم ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە ساڵەکانی (450-470 ز) کە بڕیاری کۆڕی ئەستەمبوڵ دراو بڕیارەکە کەوتە سەر ئەستۆی ئەوە، هەر لەبەرئەوە پێیان دەوترا مەلکۆ.

کورشی کورپیشی کە ناسرابوو بە کورشی ملکانی کە لای عەرەبەکانیش ناسراوە بە کورشی (المتوحش) دامەزرێنرا بە پاتریاریکی و پاشای ئیمپراتۆر لەسەر کلێسای میسر کۆرشیش هەستا بە چەوساندنەوەی پاتریاریکی قبتی (بنیامین) کە لە ناوچەکەی خۆی ڕابکات و ڕووبکاتە دێرو کلێساکانی تر وەك پەناهەندەیەك.

# بەشی حەوتەم

## بایەخدان بە ڕێکخستن و یاسا و دەستوور لە کڵێسادا

دەستوور و یاساو دانانی (اسقف) و بیرو خزمەتکار لەناو کڵێسای ئۆرشەلیمەوە دەستی پێکرد، دواتر کڵێسەکانی ئەنتاکیە و ئەسکەندەریە سوودیان لێ وەرگرت و هەندێك دەستکاریان تێکرد و هەستان بە دانانی پیاوانی ئاینی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتی کڵێساکان و داب و نەریت و یاسای بەڕێوەبردنی لەخۆ دەگرت. چ کڵێسا گەورەکان بێت یان کڵێسەی ناو چەبیەکان. ئەم هەنگاوە وورده وورده بە هەموو لایەك دەگەشت و کڵێسەکانی تریش سوودیان لێوەردەگرت.

هەر بۆیە کوردە مەسیحیەکان بە پێی تواناو قەبارە و بوونی خۆیانەوە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی جۆرە یاساو داب و نەریتێك بۆ بەڕێوەبردنی کڵێساکان دابنێن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی بچنە ناو کڵێسەکانەوە و بتوانن بەڕێوەبەرانی گونجاو بە پێی یاسایەکی باش بەڕێوەی ببەن بۆ ئەمەش بایەخێکی تەواویان بە دروستکردنی دێرو کڵێسا داوەو.

لەبەر زۆربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی موژدە بەخشانیش زیاتر ئەم هەنگاوەیان دەنا جگە لەمانەش بەو هەوڵدانە نوێیانە خۆیان لە هاوشێوەی

کڵێسەکانی تری جیهاندا دەدۆزیەوەو هەستیان بە بوونی باوەڕێکی بەتین دەکرد و زیاتر بۆ مژدە بەخشین خوێنیان دەجۆشا ئەم هەوڵدانەشیان زۆر ئاستی جیا جیای گرتەوە لە دانانی نەخشەی نوێ و یەك گرتنەوە لە دێرو کڵێساو لە یەك گەیاندنی زانیاریەکان بۆ یەکتر و فێربوون و گەشەسەندنی باری بیناسازی و شارستانیەت.

## هونەری بیناسازی لە دروستکردنی کڵێسادا

هاتنی مژدەبەخشەکان بۆ کوردستان لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا تەنها بۆ ئەوە نەبووە کە مەبەستیان لە دروستکردنی کڵێساو بینای جۆراوجۆردا بێت بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەوان ئەوە بووە کە مزگێنی عیسا بڵاوبکەنەوە و پەیامی مەسیحیەت بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن، دیارە هەر ئاینێکیش لەهەر جێگەیەکدا بڵاوببێتەوە بە پێی نەریتی ئەو ئای نە جێگەیەك بۆ کۆبوونەوەی باوەڕداران دەکرێت. کە جێگەی باوەڕدارانی مەسیحیش دێرو کڵێسایە.

مێژوو نووسان هیچ هێمایەك بۆ دروست بوونی کڵێسا ناکەن لە سەدەی یەکەمی زایینیدا، بەڵام هەر لە کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەم پێشکەوتنێکی گەورە ڕوویدا لە ڕووی بیناسازی کڵێسەدا چونکە لە سەرەتادا ئەوانەی کە باوەڕیان بە مەسیح هێنابوو لە ماڵاندا بە دزیەوە کۆدەبوونەوە، بەڵام لەگەڵ زۆربوونی باوەڕداران و ڕێگەپێدان بە بڵاوکردنەوەی باوەڕیان لە هەندێك ناوچەدا کە ژمارەیان زیاتر بوو ڕێگەیان پێدرا کە گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەبێت جیاواز لە گۆڕستانی زەردەشتییەکان. لە سەرەتادا دەستیان کرد بە دروستکردنی کڵێسای سادە و

بچووك بـه پێـی ژمـارەی بـاوەڕداران. بـەڵام سـەردەمی دروسـت بوونـی كڵێسـا گـەورەكان لـە دوای ئـەو سـەردەمەوە هـات. هـەندێك بەڵگـەی بیناسـازی هەیـە ئەوە دەردەخەن كە خانووی ساده بـوون و هـەندێك گۆڕانكاریـان تیـادا كـراوە هەتا بیكەنە كڵێساو جێگای پەرستن، باشترین نموونەش بـۆ ئـەوە ئەوەیـە كـە مێـژوو نووسـان لــە شــاری دۆرا یۆریــۆس لەســەر ڕووبــاری فــوڕات ماڵێكیــان دۆزیەوە كە گۆڕاوە بۆ كڵێسـا مێژونوسـان ڕایـان وایـە كـە لـە سـاڵی 250 ز ئـەو ماڵـە گـۆڕاوە بـۆ كڵێسا بـە لابردنـی دیـواری نـاوەوەی ماڵەكـە تـاكو جێگایـەكی فراوانتر بێتەوە بۆ كۆبوونەوە ئاینییـەكانیان، هـەروەها مینبـەرێكیان دروست كـرد بــۆ ووتـــار خوێندنـــەوە و ڕوون كردنـــەوەی ئاینەكـــەیان هـــەروەهاش ژوورێكیان بۆ لە ئاو هەڵكێشان دروستكردوە تیایدا.

جگـە لەمــە بەڵگـەی تریشـمان هەیــە بــۆ دروســت بوونــی كڵێســاو دێــر دەكەوتنـە گۆڕینـی ئـەو جێگایـەی كـە پێشتر كۆبوونـەوەیان تیـادا دەكـرد كــە لەســـەر ئـــاینێكی تـــر بـــوون ئەمیشـــیان دەتوانـــین ئـــەو كڵێســـایە بـــە نموونـــە بهێنینەوە كە دەكەوێتە ناوچەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی كە ئەو كڵێسـایە پێشــتر پەرســتگایەكی زەردەشــتی بـــووە، بەڵگـــەشمان ئەوەیـــە ئـــەو تـــاق و ئاگردانانەیە كە لەو پەرستگایەدایە، زەردەشتی و هـەروەها ڕووەكەیشـی ڕووی لـە ڕۆژهەڵاتـە ئـەوەش سـیمایەكی بـۆ لــە دروسـتكردنی پەرسـتگا لـە ئـاینی زەردەشتی).

بەڵگـەی سێیەمیشـمان بـۆ بیناسـازی و هونـەر لـە دروسـتكردنی كڵێسـا لـە كوردسـتاندا ئەوەیـە كـە ئەشـكەوتەكان بـە شـێوەیەك دەســتكاری دەكـران بـۆ ئەوەی بیگۆڕن بۆ شێوازی كڵێسا. دەتوانین بە جوانـی لـە هـەندێك ئەشـكەوت لـــە كوردســـتاندا بڕوانـــین یەكســـەر لـــە شـــێوەی ئـــەو وێنـــەو شـــێوازە هەڵكەندراوانەیـەوە كـە لەسـەر دیـواری ئەشـــكەوتەكاندا دروسـت كـراوە وەك

کرنۆشــبردنی مەجوســیەکان بــۆ مەســیح "مــەتتا 12/2" وێنــەی شــوانی خۆشەویست و ڕاستەڕێ کە بەرخەکانی خۆی هەڵدەگرێت "یوحنــا! 10-14-16".

هەروەها لە دروست بوونی ئەو جێگایانەدا ژوورێکیـان دروست دەکـرد بـۆ بەڕێوەبردنی کڵێساکەو جێگای خەوتنی قەشەی ئەو کڵێسایە.

لە سەردەمی چەوساندنەوەی کڵێسادا لە کوردستاندا باوەڕداران هەستان بەوەی لە ڕێگای هونەرەوە باس لە باوەڕ و عەقیدەی خۆیان بکەن، هەندێك جار دەکەوتنە گۆڕینی هونەری ئاینەکانی تر بۆ سەر ئاینی مەسیحی ڕاستە ئەو وێنانە سەرەتایی بوون و جوانیان تیادا نەبووە، بەڵام ئەوە دەردەخەن کە لەو سەردەمەدا باوەڕداران لەژێر ئازار و چەوساندنەوەدا بوون هەروەها ویستوویانە ئاگاداری ئێمە بکەنەوە کە ئەوان هەر لەسەر باوەڕی خۆیان ماونەتەوە بەو وێنەیە ئاماژەیان بۆ ئایندەی ئاینەکەیان کردووە کە نەوەی نوێ سووربن لەسەر مژدەبەخش کردن و گیانیان فیدا بکەن.

ئەو شێوازە سەرەتاییانە لە کوردستاندا بۆ دروست بوونی بوونی کڵێسا گۆڕانی تێکەوت و لەوکاتەی ڕێگەیان پێدان بۆ بڵاوبوونەوەی باوەڕەکەیان و ژمارەیان زۆر بوو ئەوسا دەستیان کرد بە دروست کردنی کڵێسای گەورەو جوان کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمان لێوە کردن. ((دێری خدر کە ناسراوە بە دێری مام بەهنام، هەروەها دێری مارمیخا، دێری ئەوراها و دێری شیرین و دێری هورمز.. هتد)). هەروەها مەسیحیەکانی موصڵ باوەڕیان وایە کە مەرقەدی شێخ عادی لە بنەڕەتدا جێگایەك بوو بۆ خزمەتی (مارتداوس)، نەك هەیکەلی پێغەمبەری یەزیدی بێت. هەروەها یەکێك لە قەشە کلدانیەکان بە (ریج) یان وت کە لە ڕێگای زمانەوانیەوە لە یەکچونێك هەیە لە هەردوو ناوەکەدا[99].

هەر بەم بۆنەیەشەوە بەڕێز هنری فێلد دەڵێت (مەسیحیەکانی ناو شار و مەسیحیەکانی ناو شاخ باس لەوە دەکەن کە مەرقەدی شێخ (عادی) مەرقەدی یەکێکە لە نێردراوان (هەر بۆیە ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم کە جێگای سەرەکی شێخ عادی جێگایەکی مەسیحیە). هەر لەسەر ئەم مەسەلەیەش هنری فێلد دەڵێت مزگەوتی دیار بەکر و مزگەوتی گەورەی موصلˇ و مزگەوتی دەربەند هەرسێکیان جێگەیەکی مەسیحی بووە لە بنەڕەتدا)[100].

مێژوونووس شاسوار هەرشەمی لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا)دا دەڵێت: ((کاتێك کە عەرەبەکان گەیشتنە کوردستان، کڵێساکانی یاقوبی و نەستووری زیاتر لە شەست دێرو کڵێسایان لەو وڵاتەدا هەبووە ئەو دێرانەش لە کوردستاندا بەشێکی دەرامەتیان لە ڕێگای کاری ڕەبەنەکانەوە دابین دەکرا.. هەروەها ئەوان لە لایەن خەڵکەوە یارمەتی دەدران ئەو یارمەتیەش لە شێوەی بەخشینی پارەو فرۆشتنی کتێب و هەندێ کەسیش موڵك و زەوی و زاری خۆی بۆ کڵێسا دەکرد بە دیاری. هەندێك جاریش کڵێساکان لە نێوان خۆیاندا یارمەتی یەکتریان دەدا بۆ مانەوەو پاراستنی ئەو دێرانە تا بتوانن باوەڕی مەسیحییەت بڵاوبکەنەوە لە هەموو ناوچەکانی وولاتدا.

بەم جۆرەش دەبینین دێرو کڵێسای کوردی بە ڕەنج و ماندوو بوون و باوەڕی باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی دروست کراوە و بە پێی بڵاوبوونەوەی زیاتری مژدەبەخشان پەرەی پێدراوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە شاخ و گوند و شارەکاندا لە شێوازی جوانتر و نوێتر باوەڕداران کڵێساو دێریان کردۆتەوەو ئاڵای مەسیحیەتیان شەکاندۆتەوە.



**وێنەی فریشتە لەڕێگای ئاینی یەهودییو مەسیحیەوە هاتنە ناو شێوەکاری لە کوردستان بە تایبەتی لەناو ئاینی زەردەشتییو هیتر**

## یاساو پەرستن لە کڵێسەکانی کوردستاندا

هەر لە سەرەتای بوونی مەسیحیەت لە کوردستاندا وەکو گروپێکی ساواو تازە مەمەڵەی لەگەڵ دەکرا.. چی لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردو میرنشینانی ئەو سەردەمە یان لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی خۆیان لە نێوان خۆیان و خەڵکیدا و هەروەها لە رووی ئاستی دەسەڵاتی ئاینی و بەرێوەبەرایەتی و دەسەڵاتەوەو لەسەر ئاستی تێکەڵ بوونیشی بەو مەسیحیە نوێیانەی کە رۆژ لە دوای رۆژ دەهاتنە ناو کۆمەڵەی باوەرداران، بەم پێیەش وردە وردە گەشەی سەند و توانی ناسنامەی بوونی خۆی دەربخات.

لە سەرەتای سەدەی سێیەمەوە بە هۆی زۆری کوردە مەسیحیەکان لە کوردستانداو هاتنی مەسیحیەکانی نەتەوەکانی تر کە شان بە شانی باوەردارانی کورد دەژیان بوو بە هۆی ئەوەی کە مەسیحیەکان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و دەست بە خۆرێکخستن بدەن وەکو گروپێکی ئاینی نوێ ئالای ئەو ئاینە بەرزبکەنەوەو پیاوانی پایەبەرزی ئاینیان دیاربێت و رێبەرانی کلێسە لەناو خۆیاندا دابمەزرێنن بۆ ئەوەی لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەن کە زوو زوو لە ئەنتاکیەو ئەسکەندەریە دەکرا بۆ دانانی یاسای باوەری مەسیحیەت.

هەروەکو لامان ئاشکرایە لە سەدەی یەکەم و دووەمی زاینیدا دوو سەنتەری گەورەی مەسیحیەت هەبوون لە رێگەی ئەو دوو کلێسایەوە فەرمان و یاسای نوێی مەسیحیەت بۆ هەموو جیهان دەگەیشت. ئەویش یەکێکیان کلێسای ئەسکەندەریە بوو لە وڵاتی میسر کە رۆڵی گرنگی هەبووە بە پێی

باری جوگرافی ناوچەکەی و نزیکی لە ئۆرشـەلیم و توانیویێتـی مەسـیحیەت لـە ڕێگای دەریاوە بۆ ئەوروپا و لە ڕێگەی وشکانیەوە بۆ کیشوەری ئەفریقیا بگات ئەمەش پەیوەندی جیهانی پێ بەهێز کردووە.

سەنتەری دووەم کلێسای ئەنتاکیا بوو کە بوو بە ناوەندی بەڕێوەبەرایـەتی ئـاینی مەسـیحیەت لـە هـەموو ڕۆژهـەلاتدا (لـە کۆتـایدا هـەر ئـەوان بوونـە کاتولیك و کلێسای کاتولیکیان دامەزراند).

بەم پێیەش مەسیحیەکانی وڵاتانی ساسانی لە سـەنتەری دووەمـەوە، واتـە کلێسای ئەنتاکیەوە فەرمانی ڕۆحی و بەڕێوەبەری وەردەگرت.

هـــەروەکو ئاشـــکرایە بەرلـــەوەی دەوڵـــەتی ڕۆم ئـــاڵای مەســـیحیەت بەرزبکاتەوە، مەس یحیەکان لە وڵاتی ڕۆم دەچەوسێندرانەوە وە ناچار پـەنایان دەبـرد بـۆ وڵاتـی ساسـانیەکان کـە لـەو سـەردەمەدا ئـازادی ئاینیـان دابـوو بـە مەسیحیەکان لە تەیسفون پایتەختی ساسانیەکاندا ژمارەی مەسـیحیەکان. زۆر کەم بووەو، شملوفای قەشەی هەولێر ساڵی 243ز سەردانی تەسـیفونی کـردووە، ژمارەی کەمی مەسیحیی تیادا دیوەو قەشەیەکی بۆ داناون. دوای سەردانەکەی شملوفای بۆ تەیسفون "ئەهودایو" دەیەمین قەشەی هـەولێر سـەردانێکی تـری بۆ شاری تەیسفون کردووە،

لـەم سـەردانەیدا قەشـەیەکی هـەڵبژاردووە کـە ببێـت بـە قەشـەی وڵاتـی ساسانیەکان کە ناوی (ڤافا) بوو[101].

دوای چـەند سـاڵێکی تـر ڤافا کـرا بـە لێپرسـراوی گشـت مەسـیحیەکانی ساسانی کە لە نزیك سـاڵەکانی نێـوان (109-110ز)دا بـووە.. کـە شـاپوری دووەم سەرەتای هاتنە سەر کورسـی دەسـەڵاتی بـوو لـەو سەردەمەشـدا کلێسـای وڵاتـی ساسانیەکان هیچ پەیوەندیەکی بە کلێسای ئەنتاکیاوە نەمابوو هەر لە کلێسـای کوردستانەوە (ڤافا) نازناوی جادلیك*ی پێبەخشرا و بارەگاکەی خۆی دانـا کـە

یەکێك بوو لەو سێ شارە سەرەکیەی کە تەسیفون ی پایتەختیان پێك دەهێنا (سالێك ماموزا، کوخی).

دوای ئەوەش سوپای عەرەب دەسەلاتی بەسەر تەسیفون دا گرت ئەوسا پێیان دەگوت (مدائن).


هەروەها سەرچاوەکان پێمان رادەگەیەنن کە چادلیك ڤافا جگە لە سەرۆکایەتی مەسیحیەکان لێپرسراوی کۆکردنەوەی باجیش بوو لە مەسیحیەکان بۆ خەزێنەی دەوڵەتی ساسانی(102).

کەواتە جادلیك ڤافا دوو دەسەڵاتی هەبوو، دەسەڵاتێکی رۆحە لە رێگایەوە کلێسای بەرێوە دەبرد وە هەروەها دەسەڵاتێکی ئیداری کە لە پاشا ساسانیەکانەوە پێی بەخشرابوو هەر لەبەرئەوەش نازناوی جادلیك ی پێدرابوو.

دوای سەرۆکایەتی کردنەکەی ڤافا بۆ سەرۆکایەتی مەسیحیەکانی وولاتی ساسانی دەسەلاتدارانی ساسانی کلێسای رۆژهەلاتیان لە کلێسای ئەنتاکیا جیاکردەوە تا پەیوەندی کوردە مەسیحیەکان و مەسیحیەکانی تری ولات بە دەرەوە ببرن بیانکەن بە ئەندامی کلێسایەکی نیشتمانی لە ولاتی ساسانیەکاندا، بە راستی ئەم بریارەی پاشا ساسانیەکان نازانین لە چی روویەکەوەیە. بەلگەکان وا دەریدەخەن کە سالی 310 ز هێشتا رۆمی بیزەنتینی ئالای مەسیحیەتی بەرز نەکردبوو ولاتەکەیان نەکردبووە مەسیحی، بەلام وا دیارە دەسەلاتدارانی ساسانی وایان بە باش زانیوە پەیوەندی ئاینی بپچرن لەگەڵ رۆمی بیزەنتینی لەبەرئەوەی کاتی چەوساندنەوەی مەسیحیەکانی ولاتی رۆم دەبوو بە هاندەرێك بۆ پەناگرتنی هەلاتن و کۆچەرانی مەسیحیەکانی ولاتی رۆمی بێزەنتینی بۆ ولاتی ساسانیەکان کە سەرئەنجام دەبووە هۆی زیاد بوونی مەسیحیەکان،

بەوجۆرەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاینی زەردەشتی خۆیان لە دەست دەدا. خاڵێکی تریش بۆ جیابوونەوەیان لە کلێسای ئەنتاکیا ئەوە بوو مەترسیان لەوە دەکرد کە ئەو مەسیحیانە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ئەنجامی شەڕێکدا لە نێوان هەردوو وڵات دا سۆزی مەسیحیە پەنابەرەکان بەلای وڵاتی ڕۆمی بیزەنتیشدا بشکێتەوە خاڵی سێیەم بۆ جیاکردنەوەی کلێسای نیشتمانی ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی ساسانی مەترسی ئەوەیان بوو لەگەڵ هەڵهاتنی ئەو مەسیحیانەی کە لە ترسی چەوساندنەوە، دەگەڕان هەتا لە جێگەیەکدا بحەوێنەوە کە نزیکترین جێگەش بۆیان کوردستان بوو ترسەکەشی لەوەدا بوو بە هۆی هاتنی ئەو مەسیحیانەوە کۆمەڵێك سیخوڕی ڕۆمەکان بێنە ناو وڵات و نهێنی سەربازی و ناوخۆ بۆ وڵاتی خۆیان بەرنەوە.

خاڵی چوارەم ئەوە بوو ترس لە بوونی کلێسایەکی کوردی کە کوردەکان لە وڵاتی خۆیان ئەنجامی بدەن و بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ هەر دەسەڵاتێکی تر هەروەها پاشا ساسانیەکان دەیانویست سەنتەری سێیەم دروست بکەن بۆ بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە جیهاندا شان بە شانی کلێسای ئەنتاکیا و کلێسای ئەسکەندەریە. هەروەهاش بوونی خودی کورد لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بۆ دانانی یاساو بەڕێوەبردن و باوەڕو ترسیم کردنی هەڵبژاردنی قەشەو دانانی مەتران و جادلیك و شەماس و هی تر، نموونەشمان ئەوەیە کە جۆن لوریمەری مێژوو نوس لە کتێبی مێژووی کلێسادا دەڵێ: (ناوو ئیمزای کەسایەتیەك هاتووە بە ناوی یوحنای فارسی لەسەر بڕیارەکانی کوڕی نیقیە** وا دیارە ئەو کەسایەتیە لە کوردستانەوە چوو بوو بۆ ئەوەی بەشداربێت لەو کۆڕە[103].



**پەرستن بە مۆسیقاوە لە کڵێسای کوردیدا**

## باوەڕدارە تازەکان لە کڵێسادا

هەر لە سەدەی سێیەم دا کڵێسا تۆزە تۆزە گەشەی کرد. بەرەبەرە هەست بە بوونی دەکراو باوەڕداران بوونی خۆیانیان تیادا دەدۆزیەوەو یاساو ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی شێوازی کڵێسا گۆڕانی گەورەی تیادا کرابوو هەروەکو کڵێساکانی تری جیهان لە کوردستانیشدا چەند یاسایەکی سەرەتایی هەبوو بە پێی داب و نەریت و یاسایەکی گونجاو بەڕێوە دەچوون و بە لەبەر چاوگرتنی هیچ جیاوازیەکی نەتەوایەتی و ئاینی.

هیبولیتسی ڕۆمانی لە نێوان ساڵانی (170-236ز)دا کە ئەو باوەڕدارە تازانەی وەردەگرت لە کڵێسادا دەبووایە (هەلگری کۆمەڵێك مەرج بن لەوانەش دەبوایە ئەو ئەندامە نوێیە کە هەڵبژێردراوە یاخود خۆی ویستوویەتی بەشداربێت لە کۆمەڵەی باوەڕداراندا لە ڕێگای چەند مەسیحیەکی ترەوە بوایە کە کۆمەڵەی باوەڕداراندا بوون، و پیرانی کڵێساش چەند پرسیارێکیان لێ دەکرد ئەوسا وەردەگیراو بە پێی ئەو پاڵپشتانە دەهاتە ناو ژیانی مەسیحیەت).

پرسیارەکانیش دەربارەی ئیش و کار و پلەوپایەو پابەندی ناو کۆمەڵ بوو.. دوای ئەوەیش هەندێك زانیاری و ئامۆژگاریان هەبوو بۆ ئەو کەسەو فێری زانیاری دەکرد سەبارەت بە ئاینی نوێ دوای ئەوە نوێژیان لەگەڵ دەکرد و ماچیان دەکرد کە لەو سەردەمەدا پێیان دەوت ماچی (ئاشتی). دوای ئەوە دوو ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبوو بەر لە ئاو هەڵکێشانی، لەو دوو ڕۆژەدا ڕێگەی پێدەدرا لە کۆبوونەوەی باوەڕداراندا بەشداربێت بۆ خوێندنەوەی کتێبی

پـیرۆز و شـیکردنەوەی، بـەڵام لـە کـاتی خواردنــی خودایـی (عشـاء الـرب)دا دەردەکـرا لەبەرئــەوە ئــەو خواردنــە بــۆ ئەوانــە قەدەغــەبوو کــە لــە ئــاو هەڵنەکێشــرابوون دوای تــەواوبوونی ئــەو دوو ڕۆژە مەراســـیمی لـــە ئـــاو هەڵکێشـانی دەسـتی پێدەکـرد دەبووایـە بـاوەڕدارە تازەکـان ئەوانـەی کـە پیـاو بـوون کـراس و شـەڕواڵی دەرەوەیـان دابکـەنن و ژنـــانیش دەبوایـــە قژیـــان شـۆڕبکەنەوەو زێـڕو زیوەکـان لـە خۆیـان بکەنــەوە. دوای ئــەوە وێنــەو کـاری شەیتان لە خۆیان دووربخەنەوە و بە خوێندنەوەی چەند ئایەت و سروودێك.

لەو سەردەمەشدا پێیان باش بـووە کـە لەسـەر ئـاوێك بووایـە ڕێبگرتایـەو سێ جار ئەو کەسەیان دەخستە ژێر ئاوەکەوەو بە ناوی بـاوك و ڕۆڵـەو ڕۆحـی پ یرۆز: پێش ئەوەش بڕۆشتایەتە ژێر ئاوەکە یان دوای لە ئاو هەڵکێشان چەند پرسـیارێکیان لێ دەکـرد دەربـارەی باوەڕهێنـانی بـە پـاکی و ڕاسـتی و دروسـتی کتێبی پیرۆز[104].

یاساکانی هیبولیستی ڕۆمانی هەر ئـەو یاسـایانە بـوو کـە هـەردوو کڵێسـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا لـە سـەری ئەڕۆیشـتن کڵێسـای کوردسـتانیش هــەروەکو کڵێسـاکانی تـری جیـهان هــەر لەســەر ئــەو یاســایە دەڕۆیشـت لەگـەڵ چـەند جیاوازیەکی بچووکدا سەبارەت بە ئەندام بوونی لەناو کڵێسادا، کە ئەمەش لە کڵێسای کوردستاندا بە هـۆی بـاری چەوسـاندنەوەوە تۆزێـك سـەختر بـوو، سێ لایـەنی هـەبوو.. لـە لایـەك پـەیوەندی بـە دەسـەڵاتدارانی ساسـانی لـە لایـەکی تریش پەیوەندی بە پیاوانی ئاینی جولەوە هەبوو بە تایبەتی لەو جێگایانــەی کە ژمارەی جولەکەکان لە مەسیحیەکان زیاتر بوون.

هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەو جێگایانـەی کـە ژمـارەی مەسـیحیەکان لـە ژمــارەی زەردەشــتیەکان زیــاتر بـــوون تیایــاندا و بــەبێ ئــەندامی نوێیــان وەردەگرت.

## ئافرەت لە کڵێسای وڵاتی ساسانیەکاندا

کوردستانیش هەر وەکو کڵێسەکانی تر جگە لە داب و نەریت و یاسای کۆمەڵایەتی خۆیان کە لە ئاینی زەردەشتیەوە بۆیان مابوەوە و سوودیان لێ وەرگرتبوو سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا.

ئاینی مەسیحیش گۆڕانێکی تری خستە ژیانی ئافرەتانی کوردیەوە و بەرەو قۆناغێکی تری پێشکەوتووتری بردن. وەکو نوسینی ناوی ئافرەتان لەسەر گۆڕەکانیان دا کە پێشتر هەر بە ناوی پیاوەکەیەوە دەنووسرا.. هەروەها تەرخانکردنی ئافرەتان بۆ خزمەتکردنی لەناو کڵێسەدا. وە هەروەها کڵێسەش بە هەمان شێوە بابەخێکی گرنگی دابوو پێیان هەر ئەو ئافرەتانە هەڵدەستان بە یارمەتیدانی هەژاران و بێوەژنەکان یارمەتی دانی نەخۆش و پەککەوتەکان زۆریشیان لەگەڵ مێرد و برای خۆیاندا بۆ بلاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی بە گوند و شارەکاندا دەگەڕان. لێرەدا (سارا) باشترین نمونەیە کە لەگەڵ براکەی بۆ ناوچەی ئەلقوش هەڵهاتن لە ترسی چەوساندنەوەو هەر لەوێش کەوتنە هەوڵ بۆ بلاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی و دروست کردنی دێرێك کە هەتا ئێستاش لەناوچەکەدا ماوە. کۆمەڵێك بنەماڵەی تریش بە هۆی جێگای کۆمەڵایەتیانەوە توانای گەڕانیان نەبوو، لە جێگەی خۆیاندا مزگێنیان پەخش دەکردەوە لەناو براو باوك و دایك و خوشکی خۆیان بە تایبەتی وە لەناو خەڵکدا خەڵکیدا بە گشتی. نموونەشمان زۆرە لەوانە (ئاستاسای ژنی شاپووری یەکەم) وە (شیرەوان) خوشکی شاپووری یەکەم کە پاشا بە باوەڕهێنانی ئاستاسای خێزانی زانی و کوشتی، کە یەکەمین شەهیدی

ئافرەتی کڵێسای کوردییە کە لە  مێـژوودا تۆمـار کرابێت. جگـە لەمانـەش بـە سەدان و بە هەزاران ئافرەتی تر ڕۆڵی خۆیان بینیوە بۆ  دامـەزراندنی کڵێسـای کوردی و هەوڵدانی گرنگیان بووە  بـۆ هێنـانی کوردێـك بـۆ سـەر ڕێگـای ئـاینی مەسیحی لەو سەردەمەدا.

هەربۆیە دەبینین کە  ئـاینی مەسـیحی ڕۆڵی کـەمتر نـەبووە لـە ئاینـەکانی تری ناوچەکە لە بەرەوپێشبردنی ژیانی ئافرەت و کار و پایەیان لە کۆمــەڵدا چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە بێت یان زانیاریەوە یاخود هەست  کـردن بـە بوونـی خۆیان وەکو مرۆڤ و شان بە شانی پیاو لەناو کۆمەڵدا.



**وێنەی باوەڕدارێکی کورد لە کاتی نوێژی مەسیحی**

# هەڵبژاردنی جاتلیك و پیرۆ خزمەتکار لە کڵێسەدا

هەروەکو لە باسەکانی ترماندا ئاماژەمان زیاتر بە سەدەی سێیەم دابوو لە ڕوی گەشەسەندنی بیروباوەڕی مەسیحیەت لە کوردستاندا لە ڕووی بیناسازیدا و یاساو نەریت و بەڕێوەبردن و بەشداری ئەندامانی نوێ و ڕۆڵی ئافرەتان و گەشەسەندنی مەسیحیەت بە گشتی ئەوا هەڵبژاردنی جاتلیك و پیریش بە هەمان چەشن پابەندی ئەو زەمەنە بووە کە مەسیحییەت تەواو ڕەگی خۆی داکوتیوە و لق و چڵی دەرکردووە.

لەو سەردەمەدا لەسەر تاسەری جیهاندا بە تایبەتیش لە هەردوو کڵێسا مەزنەکەی ئەنتاکیەو ئەسکەندەریەدا سێ پلەی سەرەکی هەبوو لەناو کڵێسەدا.

پلەی یەکەم ئەسقەف بووە. پلەی دووەم پلەی پیران بووە.. کە هەردوو پلەکە لە دواییدا نازناوی کاهێنانیان وەرگرت پلەی سێیەم پلەی خزمەتکار بووە، لە هەموو کڵێسایەك پیرانی کڵێسا هەڵدەستان بە هەڵبژاردنی ئەسقەفێك دوای ئەوە هەموو (أسقف)ەکانی تر ئەو هەڵبژاردنەیان مۆردەکردو (ترسیم)یان دەکرد هەروەها هەموو هەڵبژاردنەکانی پیران و خزمەت کارانیش بەو جۆرە بوو.

پاشاکانی ساسانی لە کوردستاندا زۆر جار ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان دەگێڕا لە هەڵبژاردنی ئەو پلە ئاینیانەدا وەکو پشتگیری کردنی مەترانێك دژی ئەوانەی تر یاخود کۆکردنەوەی باج بە پیاوانی

ئاینی و دروست کردنی دووبەرەکی ئاینی لەناو مەسیحیەکاندا بە تایبەتی کـە هەندێك جار ڕێگـەیان بـە هاتنـە ژوورەوەی ئـەو مەسـیحیانە دەدا کـە لەسـەر کڵێسای یاسایی ڕۆمـا لـە لایـان دابـوو بـۆ ئـەوەی لـە ئـەنجامی تێکـەڵ بوونیـان ململانـێ لـە نێـوان باڵـەکانی مەسـیحی نیشـتیمانیدا دروسـت بێـت. هـەندێك جـاریش ساسـانیەکان هـەوڵیان دەدا لـە ڕێگـەی مەسـیحیەکانی خۆیانـەوە پاتریارکی ساسانی هەڵبژێرن بەڵام پێویستە ئـەوەش بڵێـین کـە دوای دروست بوونی کورسی پاتریارکی ساسانی مامەڵەی ڕەفتـاری کاربەدەسـتان نـەدەگۆڕدرا و هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر زوڵـم و زۆر بـە تایبـەتی لـەو جێگایانـەی کـە ژمارەی زەردەشتییەکانیان زۆر بووایە. ئەوا توندو تیژی زۆریان بەکاردەهێناو زەردەشـتەیەك نـەیدەتوانی ببێتـە مەسـیحی. زۆرجـار ڕووداوێکـی بچـوك لـە لایـەن کاربەدەسـتێکی ساسـانیەوە دەبـوو بـە هـۆی زیـانێکی گـەورە بـۆ هـەموو ئـەندامانی کڵێسایەك یـان هـەندێك جـار کاربەدەسـتێکی ناوچـەیی بـە پێـی فـەرمانی خـۆی توندوتیـژی نوانـدووە.. یـاخود ئاشـتی خـواز بـووە لەگـەڵ مەسیحیەکاندا ئەوە دەکەوتە سەر ڕەفتاری بەرپرسـەکە خـۆی. هـەر لێرەشـدا دەتوانین هێما بۆ ڕووداوێکی مێژوویی بکەین.

ساڵی 602 ز (مۆریك)ی ئیمبراتۆری ڕۆم بە دەستی (فۆکاس) کوژرا مۆریـك بە پەیوەندی لەگەڵ کیسرای دووەم دا دۆسـتانە بـوو، کیسـرای دووەم کوژرانـی موریکی کـرد بـە بیـانووی سیاسـەتی خـۆی و بـە نـاوی پشت گـیری کـردن لـە مەسیحیەکان (تاو دۆسیوس)ی کوڕی مۆریـك سـاڵی 603 ز شـەڕی لـە دژی ڕۆم ڕاگەیاند.. کسراش بۆ بەدەست هێنـانی پشـتگیری مەسـیحی وڵاتەکـەی، بـڵاوی کردەوە کە هۆی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە لە نێوان دەوڵـەتی ساسـانی و ڕۆمـی بیزەنتی لە پێناوی دۆسـتانی مەسـیحی وڵاتەکـەی هەڵیگیرسـاندووە. بێگومـان

شــەڕەكە 25 ســاڵی خایــاند ئەنجامەكەیشــی بــوو بــە هــۆی لاوازبوونـــی ساسانیەكان و دوایی لەناوچونیان.

لـە دە سـاڵی یەكــەمی شــەڕەكەدا كسـری توانــی دیمەشــق و ئورشــەلیم و ڕوها و زۆر شوێنی تـر لـە دەست ڕۆمـەكان دەربـهێنێت تەنانـەت سـاڵی 622 ز تانزیكی كوستەنتینیەی پایتەختی ڕۆمیـش چـوو كـەچی دوای ئەمـە شـكان و سوپای ڕۆم هەڕەشەی گرتنی تەیسەفونی كـرد. لەسـەر و بـەندی ئـەو شـەڕەدا "ڕاد" فـــــەرمانداری شـــــارەزوور لـــــە ســـــاڵی 618ز كەنیســــــەیەكی نەستووریانی ڕووخاند.

قەشە ئەتنائیلی گەورەی نەسـتووریانی شـارەزوور بـەو كـارەی "ڕاد" ڕقـی هەڵسـاو هـانی نەسـتووریەكانیدا هـەتا لـە دژی ڕاد ڕابپـەڕن ڕادیـش لـە ترسـی نەستووریەكان لە شارەزوور ڕایكرد و نامەیەكی بە سۆزی بـۆ كیسـری نووسـی (تۆ شەڕ لە پێناوی مەسیحیەكان دەكەی و منیـش لـە لایـەن مەسـیحیەكانەوە ڕاونــرام). كیســرا نامەكــەی ڕادی بینــی زۆر لــە نەســتووریەكان تــوڕە بــوو ئـــــەنتائیلی خســـــتە زیندانـــــەوە دواتـــــر لـــــە ســـــاڵی 620ز دا بڕیـــــاری چوارمێخەكێشـانیدا، بەمـە بـاری نەسـتووریەكان لـە شـارەزوور تێـك چـوو. یەعقوبیـەكانیش كـە لـە ڕێگـای شـیرینی خـێزانی كیسـراوە لـە كۆشــك نزیـك بووبوونەوە توانیان دەست بەسەر كورسی هەمیشە نشینی شارەزووردا بگـرن. سـاڵی 625 ز یەعقوبیـەكان قەشــە (ئیزدونــە)یـان كـرد بــە قەشــەی هــەموو شــارەزوور، ئەمــە بــوو بــە ســەرەتای باڵادەســت بوونـــی یەعقوبیـــەكان لــە كوردستاندا، ڕوداوەكانی دواتریش بۆ ئازادی كاركردنیان خۆشكرد.

دوای ئەوەی کیسرای دووەم ڕازی نـەبوو مـل بـۆ مەرجـەکانی ڕۆم بـدات و شـەڕ ڕابگرێت سـاڵی 628ز لـە لایـەن سـەر لەشـکرەکانیەوە، ئـەوان قوبـادی دووەمـی کوڕیـان لـە جێگـەی دانـا (628-629ز) قوبـاد بـە مەرجـەکانی هـەرقلی یەکـەم (610-641ز)ی ئیمبراتۆریـەتی ڕۆم ڕازی بـوو و شـەڕ ڕاگـیرا.. بەمـەش ئازادی کار بۆ مەسیحیەکان دابین کـرا. ساسـانیەکانیش چیـتر توانـای ئـەوەیان نەمابوو بپەرژێنە سەر کاروباری وڵات. لە ڕاگرتنی دوا شەڕیاندا لەگەڵ ڕۆم و تا پەلاماری سوپای عەرەب تەنیا 8 ساڵ نێوانیان بوو کـەچی لـەو ماوەیـەدا 11 کەس ها تنە سەر تەختی پادشایی ساسانیەکان***.

## پەراوێزەکان:

*جاتیلیك: وشەیەکی گریگییە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕۆم دا بە مانای باجگیر دەهات یان بە باجگریان دەوت جاتیلیك، کە ڤافا هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی مەسیحیەکان لە وڵاتی ساسانی ئەو ناوەی هەڵگرد لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕۆمیدا باجیشی لە مەسیحیەکان وەردەگرت بۆ خەزێنەی دەوڵەت کڵێسای ئەرمەنیش بە تایبەتی لێپرسراوانی کڵێسە تا ئێستا ئەم ناوە کۆنەیان پاراستووەو هەر بە جاتیلیك ناوی لێپرسراوانی کڵێسەیان ناوە. هەروەها تا شەڕی یەکەمی جیهانی شیمۆن کە سەرۆکی کڵێسای نەستووری بوو بە ڕەسمی هەمان پیشەی سەردەمی ساسانیەکانی دەرکردبوو کە دەکەوتە کۆکردنەوەی باج بۆ دەوڵەتی عوسمانی گومان لەوەدا نییە لە بەرامبەر ئەو کارەشیدا مانگانەیەکی وەردەگرت.

**مجمع نیقیە یان کۆڕی نیقیە: کۆڕی نقیەی ئەم کۆڕە لە ساڵی 325 ز دامەزراوە لە شاری ئەنتاکیە بۆ دانانی یاسای باوەڕ و یاسای تری کڵێسا بێگومان پێش ئەم کۆڕە کۆڕی تریش دامەزرابوو سەبارەت بە دانانی یاسا و بڕیار دەرکردن لەسەر ئەوانەی کە لایان داوە لە ڕێگەی ڕاستی ئینجیل، بەڵام کۆڕی نیقیە کاریگەری تەواوی خستە سەر یاساو بنەڕەتی کڵێسا. هەربۆیەش کڵێسای قبتی ئەرتەدۆکسی هەموو ساڵێك لە 15ی نوڤمبر یادی ئەو کۆڕە دەکاتەوە.

***لەم بابەتەدا لەسەر هەڵبژاردنی جاتیلیك و خزمەت لە کڵێسادا. بە تەواوی سوودم لە کتێبەکەی بەڕێز شاسوار هەرشەمی وەرگرتووە.

## لیستی پادشا ساسانی و ڕۆمەکان کە مەسیحیەکانیان چەوساندۆتەوە

1-شاپوور کوڕی ئەردەشێر (240-271ز).

2-بەهرامی یەکەم (272-275ز).

3-شاپووری دووەم (309-379ز).

4-ئەردەشێری دووەم (379-383ز).

5-بەهرامی پێنجەم (420-440ز).

6-یەزگردی دووەم (440-458ز).

7-شافەیروزی یەکەم (459-484ز).

8- خەسرەوی یەکەم (ئەنوشیروان) (530-579).

9-کیسرای دووەم (590-628).

لە داب و نەریتی کڵێسای قبتی باس لەوە دەکرێت کە دە قۆناغی سەرەکی هەبووە لە لایەن دەوڵەتی ڕۆمەوە بۆ ئەشکەنجەدانی مەسیحیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی:

1-نیرون (54-68ز).

2-دومتیا (81-96ز).

3-تراجان هادریان (98-117ز).

4-مرقس، أوریلبوس (180ز).

5-ستیمۆس سفیروس (193-210ز).

6-مکسیمیانوس (235-260ز).

7-دیسیوس (249-251ز).

8-ڤالیریان (253-260).

9-أورلیان (270-275ز).

10-دقلدیانوس (284-305ز).

لیستی پاشا ڕۆمەکان له کتێبی (کلێسای باوکانەوە) وەرگێڕاوە لـە نوسـینی فؤاد بەهنام و أبراهیم مەتەر.

## سەرئەنجام:

کوردستانی گەورە جگە لەوەی جێگای ململانێی سیاسی بوو، هەروەهاش جێگای ململانێی ئاینیش بوو. هەربۆیە لە سەرەتادا شاکانی ساسانی بەرامبەر رێبازی عیسایی کە لە ئەندێشەوە هاتۆتە ناو سنووری ولاتی ساسانیەکان، هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە، وە هەستیان بە هیچ ترسێك نەکرد لە لایەن عیساییەکان بۆ ناو خاکی ولاتەکەیان. بەلام کاتێك شاپوری گەورە داوای ئەو زەویانەو ئەو ویلایەتانەی کە ساسانیەکان لە کاتی (نێرس) بە حکومەتی رۆمی دابوو لە حکومەتی رۆمی داواکرد. شەڕ دەستی پێکرد و سیاسەتی دەسەلات دارانی ساسانیەکان گۆڕا لە دژی مەسیحیەکان، لەبەرئەوەی دەولەتی ساسان ئەوانی بە دۆستی ناوەرۆکی رۆم دەزانی، ئەوانی ناچار کرد بە دانی باجی قورس بە دەولەتی ساسان کە دووقاتی ئەو باجە بوو کە هاوولاتیانی تر دەیاندا. و پەنایان برد بۆ ئەوەی کە مەسیحیەکان لە خزمەتکردنی سەربازی ئازادبن، لە دوای ئەوەش دەولەت ویستی ئەوان لە ئاینی خۆیان وەربگەڕێنێ.

کوردە مەسیحیەکان بەرگریان کرد و حکومەت گوشاری خۆی زیادکرد و فەرمانیان بە خراپ کردنی کلێساکان دا.

یەزید گورد بە گوێرەی مەسیحیەکان میهرەبان بووە و رێزیانی لێ دەنا. وە لەبەر ئەمەش بوو کە لە لایەن رۆحانیە زەردەشتیەکان بە گوناهبار ناوزەد کرا. لە سەردەمی ئەو زۆر کلێسا و لە زۆربەی شارەکانی دەولەتی ساسانی دروست کرا و تەنانەت بنەمالە گەورەکان هاتنە سەر ئاینی مەسیحی،

بەڵام دواتر کە ڕۆحانیـە مەسـیحیەکان زیـادبوون ناخۆشـیەکان و دژواریـەکان زیادی کرد لە سەریان.

لە کاتی بەهرامی گورد یەزگردی دووەم دیسان ئەو دژواریانە و ئازاردانانە لە کاتی نوشیروان لە دوای ئەوەی کە شەڕی لەگەڵ رۆمانیەکان دەست پـێکرد ساسانیەکان لە ووڵاتی شام زۆر دژایەتی مەسـیحیەکان یـان دەکـردوو، (مارابـا) خەلیفەی گەورەی مەسـیحیەکانی دوورخسـتەوە بـەڵام کـاتێك کـە نەوشـیروان لەگەڵ ڕۆمانیەکان ئاشـتیەکی پـەنجا سـاڵەیان سـازکرد یـەکێك لـە بابەتـەکانی پەیماننامەکە ئەوە بـوو کـە ئـەبێ مەسـیحیەکان ئـازادی بیروباوەڕیـان هـەبێت بـەو مەرجـەی کـە دەسـت بـە بڵاوکردنـەوەی ئاینـەکانیان نەکـەن، خەسـرەو پـەرویز لـە سـەرەتادا لەبەرئـەوەی زاڵ بـوو بەسـەر ڕۆمـەکان ئـازاری مەسـیحیەکانی نـەدەدا، بـەڵام لـە دوای داگیرکردنـەکانی هـەرقل، ساسـانیەکان سیاسـەتێکی خراپیـان وەرگـرت بەرامبـەر بـە مەسـیحیەکان. بـەڵام کـاتێك خەسرەو مرد مەسیحیەکان مردنی ئەویان بە ڕزگاری خۆیان دەزانی.

خوێنـەری ئـازیز کـوردی مەسـیحی یـان کڵێسـای کـوردی بـە کـەم یـان زۆر توشـی ئـازار و چەوسـانەوە بـووە بـەڵام لـە سـەردەمێك تـا سـەردەمێکی تـر جیاوازی هەبووە.

## سەرچاوەکان

1 -بۆ ئەم بەشە سوود لەم پێنج کتێبە وەرگیراوە:
أ-خلاصة تأريخ كورد و كوردستان/ محمد أمين زكي بەگ/ المجلد الاول لسنة 1931/ بغداد.
ب- ڕەوشتی ئاینی و نەتەوەی لە کوردستان/ ڕەشید میران/ 1993.
ج-شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی/ وەرگێڕانی هەژار/ 1972 نەجەف.
د- دراسات كرديه في بلاد سوبارتو/ د. جمال رشيد احمد/ 1984 بغداد.
هـ-مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، شاسوار هەرشەمی/ 1999 چاپی (2) سلێمانی.
2-ئینجیلی پیرۆز/ مزگێنی پەیمانی نوێی حەزرەتی عیسی بە شێوەی سۆرانی/ چاپی دووەم 1999- فلندا لاپەڕەی 3.
3-قاموس الكتاب المقدس/ تأليف نخبة من الاساتذة ذوي الاختصاص و من اللاهوتين: هئيه التحرير، د. بطرس عبدالملك، جون السكندر، الاستاذ ابراهيم مطر. الطبعه السابعة- دار الثقافه القاهره/ 1991ص 84 و 959.
4-أ-الكتاب المقدس العهد الجديد/ انجيل متى 1:2 طبع 1992 ص4.
ب-NEW TETAMENT/ ATTHEW 2:1/ printedin U.S.A. 7/94/P:2
5-موسوعة الكتاب المقدس: دار منهل الحياة/ لبنان 1993، ص 281.
6- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە/ ص 85.

7-التفسير التطبيقي للكتاب المقدس الطبعة الاولى لسنه 1998 مصر. ص 1867.

8-ئینجیلی پیرۆز/ کرداری نێردراوان/ بەشی یەکەم بڕگەی 8/ فلندا چاپی دووەم 1999. لا 264.

9 -هەمان سەرچاوەی سەرەوە/ بەشی دوو بڕگەی 2 بۆ 4، لا 265-266.

10 -هەمان سەرچاوەی سەرەوە/ بەشی 2 بڕگەی 9 بۆ 12، لا 266.

11 -مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە- لا 86.

12 -تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ چاپی یەکەم/ 1982/ قاهيرە/ لا 59.

13 -تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ هەمان سەرچاوەی پێشوو بەرگی دووەم 1985/ لا 22.

14 -تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ هەمان سەرچاوەی پێشوو بەرگی یەکەم 1982/ لا 105-106.

15 -ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا/ گەڕیدە کەریم زەند/ چاپی یەکەم 1971 سلێمانی لا 40.

16-تأريخ الكنيسه الشرقيه من أنتشار المسيحيه حتى مجيء الأسلام/ الأب البير أبونا/ جزء الأول/ الطبعة الثانية/ 1982 بغداد/ ص 16-17.

17- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 87.

18 -تأريخ الكنيسه الشرقيه/ مارى بن سليمان/ الجزء الأول/ ص 16-71.

19-تقويم بطريكية بابل الكلدانية/ عام 2000 مطبعة الأديب/ بغداد 1999.

20-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر السابق/ ص 31-32.

21-تأريخ الكنيسة: نفس المصدر السابق/ الجزء الثاني/ 1985/ ص 22-23.

22-تأريخ حضارات العام/ أندرية أيمار و حانين أبوايه/ ترجمة فريد م. داخر فؤاد ابوريحان/ بيروت 1986/ جزء الأول/ ص 224.

23-التنبية و الأشراف/ المسعودي/ ص 79.

24- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 88.

25-تأريخ الكنيسه، جون لوريمر/ جزء الثاني/ نفس مصدر السابق ص 23.

26-گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ بارودۆخی ئاینی و سیاسی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام/ ئەحمەد میرزا/ هەولێر 1999/ ژمارە 11/ لا 188.

27-تأريخ الكنيسه/ البير أبونا/ نفس المصدر السابق الجزء الأول/ ص21.

28-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر السابق/ ص 101.

29-هەمان سەرچاوە/ لا 126.

30-مقارنة الأديان/ أمد جلبي/ قاهرة/ 1973/ ص 41.

31-الأسلام في آسيا الوسطى بين العجمين العربي و التركي/ حسين أحمد محمود/ القاهرة/ 1972/ ص 18.

32-تأريخ أيران/ فاروق عمر و مرتضى النقيب/ بغداد 1989/ ص7.

33-ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا گەڕیدە کریم زەند هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 53.

34-أ-الملل و النحل/ شهرستانى/ جزء الثاني/ ص 22.

ب-الملل و النحل نفس المصدر/ جزء الأول/ ص 244.

35-تأريخ كلد و أشور/ أدي شير/ جزء الثاني/ بيروت 1913/ ص 22.

36-ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا2.

37-تأريخ الكنيسه/ جوي لوريمر/ جزء الثاني/ نفس المصدر/ ص 106.

38-معرفة الحياة/ س. كوندوس ترجمة د. سعدي سعدي/ سويد 1996/ ص 133.

39-معرفة الحياة: ترجمة د. سعدي سعدي/ سويد 1996/ ص 62.

40-تأريخ الكنيسة /جون لوريمر/نفس المصدر/ الجزء الثانى/ص23.

41-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ نفس المصدر/ جزء الثاني/ ص 21.

42-أ-تأريخ كلدو أشور/ نفس المصدر السابق/ جزء الثاني/ ص 6-14.

ب-تأريخ الكنيسه الشرقية/ البير أبونا/ نفس المصدر السابق/ جزء الاول/ ص 6-25.

ج-شهداء المشرق/ البير أبونا/ بغداد/ 1985/ ص 46.

43-تأريخ الحظارات العام/ أندرية آيمار/ جانين أبواية/ الجزء الثاني/ ص 564.

44-تأريخ الكنيسة/ جون لوريمر/ نفس المصدر لسابق/ جزء الثاني/ ص 24.

45-معرفة الحياة/ نفس المصدر السابق/ ص 162.

46- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 118.

47-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر/ ص 135.

48-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر/ ص 136.

49-معرفة الحياة/ نفس المصدر/ ص 162.

50-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر- جزء الثاني/ نفس المصدر/ ص 24.

51-جنوب كوردستان دراسة أنثروبولوجية/ هنرى فيلد: نقله الى العربيه جرجيس فتح الله/ ادار ئاراس الطبعه الاولى- أربيل 2001/ ص 63.

52- گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ/ خەسرەو و گۆران/ ژمارە 11-1999/ لا 7 و 10.

53 -مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 109.

54-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ نفس المصدر السابق/ ص 27.

55-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ نفس المصدر السابق/ ص 43.

56-تأريخ أيران أز أغاز تا أنقراض قاجاريه/ تأليف حسن پيرنيا، عباس أقبال/ چاپی هەشتەم/ أنتيشارات خيام، چاپخانەی حەیدەری 1376/ ص 197 و 198.

57 -مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 188-120.

58-تأريخ أيران أز أغاز تا أنقراض قاجاريه/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ص 201.

59 -دەنگی پەڕتوکی پیرۆز/ ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە/ فرید ئۆشانا/ ژمارە (7)/ دهۆك- 1995/ لا 6.

60-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر السابق/ ص 101-136-138.

61-گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ بارودۆخی ئاینی و سیاسی ڕۆژئاوایی هەرێمی چیا کان بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام: هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 97.

62 -تأريخ الكنيسه الشرقيه/ البير أبونا/ نفس المصدر السباق/ ص 136.

63-دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ نفس المصدر السابق/ ص 136.

64- گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا (7).

65-تقويم بطركية بابل الكلدانية/ نفس المصدر السابق.

66-أكراد لبنان و تنظيمهم الأجتماعي و السياسي/ أحمد محمد أحمد/ مكتبة الفقه 1995 ص 79.

67-كنيستي السريانية/ المطران أسحاق ساكا/ الجزء الأول/ ديمشق 1985/ ص 3.

68-كنيستي السريانية/ المطران أسحاق ساكا/ نفس المصدر/ ص 23-24.

69-أيران و قضية أيران/ جورج كرزن/ ترجمة وصيه مازندراني/ مركز انتشارات علمي و فرهنگی 1362/ لا 683-693.

70-البحث عن نينوى/ هنرى لايارد/ ترجمة ميخائيل عبدالله/ 1994/ ص 47.

71-ئاين و باوەڕ له كوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 12.

72 -تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ نفس المصدر السابق/ ص 75.

73-تأريخ الكنيسه/ البيرابونا/ الجزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص 27-28.

74-انجيلی پیرۆز/ مزگێنی پەیمانی نوێی حەزرەتی عيسا، بە شێوەی كوردی سۆرانی، هەولێر 1998، چاپی یەکەم، لا 6-12.

75-المسعودى مروج الذهب/ الجزء الثالث/ ص 123.

76-الطبري/ تأريخ الرسل/ الجزء التاسع/ طبعة 1968/ ص 49.

77-أكراد ابنان و تنظيمهم الأجتماعي و السياسي/ نفس المصدر/ ص 79 و 81، مجلة المشرق/ أسحاق أرمله/ عدد 16 بيروت 1913/ ص 56.

78- مێژووی ئارامیەکان له كورد ستان/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 91.

79 -ئاين و باوەڕ له كوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 44.

80 -گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 7 و 8.

81 -لە ئاراراتەوە بۆ فرات/ یۆران بۆری/ ستۆکهۆلم 1992/ ص 69.

82-ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 47 و 52.

83-هەمان سەرچاوە/ لا 44 بۆ 46.

84 -مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 125.

85-كنيستي السريانية/ المطران أسحاق ساكا/ جزء الأول/ نفس المصدر السابق/ ص 39.

.Waken, williston- Ahistory of the Ghaistian shunch, pp- 131- 137-86

87-كنيستى السريانية/ المطران أسحاق ساكا/ نفس المصدر السابق/ ص 38.

ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 46،

88-كنيستى السريانيه/ المطران أسحاق ساكا/ جزء الاول نفس المصدر السابق/ ص 31.

89-الجامع المفصل في تأريخ الموازنة الموصل/ المطران يوسف الديس، بيروت 1995/ ص 36.

90- ئاین و باوەڕ لە کوردستان/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 41-47.

91-أ-تأريخ الكنيسة/ جؤن لورمير/ الجزء الثالث 1988/ الطبعة اولى/ قاهرة/ ص.

ب- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا 100.

92 -تأريخ الكنيسه الشرقيه من أنتشار المسيحيه حتى مجيء الاسلام/ جزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص 116.

93- كنيستي السريانية: أسحاق ساكا/ جزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص 202-200.

94-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ الجزء الثالث/ نفس المصدر السابق/ ص 245.

95-تأريخ الشعب الأرمني من البداية الى النهاية/ فؤاد حسن حافظ/ القاهرة/ 1986/ ص 75.

96-تقويم بطركية بابل الكلدانية/ نفس السابق.

97-أ-تأريخ الشعب الارض من البداية حتى النهاية/ نفس المصدر السابق/ ص 71.

ب-تأريخ الكنيسة الشرقية من انتشار المسيح حتى مجيء الأسلام/ جزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص9.

98- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، هەمان سەرچاوە/ لا 113.

99-رحله ريج 1836/ الجزء الثاني/ ص 70.

100-جنوب كردستان دراسة انثروبولوجية/ رحلة هنري فيلد/ نقله الى العربية جرجيس فتح الله/ الطبعة الأول/ أربيل 2001/ ص 99.

101-كنيستي السريانية/ المطران أسحاق ساكا/ جزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص 188-190.

102-تأريخ الكنيستي الشرقية من انتشار المسيحية حتى مجي الأسلام/ جزء الاول/ نفس المصدر السابق/ ص 34.

103-تأريخ الكنيسه/ جون لوريمر/ نفس المصدر السابق/ الجزء الثاني/ ص 27.

104-تـأريخ الكنيسـه/ جـون لوريمـر/ نفـس المصـدر السـابق/ الجـزء الثــاني/ ص 95-96.